# لە پێناو عیراق




# نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق لە ٢٠٢١ دا

نوسینگەی راگەیاندنی یونامی

گۆڤاری "لە پێناو عیراق" لە لایەن نوسینگەی ڕاگەیاندنی یونامییەوە لە عیراق دەردەچێت و ناوەڕۆکەکەی مەرج نییە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی فەرمی نەتەوە یەکگرتووەکان بێت و دەشکرێ بە ئاماژەکردن بۆ گۆڤاری "لە پێناو عیراق" جارێکی تر بەکار بهێنرێتەوە.



بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی یونامی:
سەمیر غەتاس


سەرنوسەر: ئیڤان دجۆردجێڤیک

دەستەی نوسین: خالید دەهەب، لەیلا شەمجی، سیلیا دادسۆن، تیمی وڵاتیی نەتەوە یەکگرتووەکان

دیزاین : سالار بریفکانی

وەرگێردراوە بۆ کوردی لە لایەن: بڵند موحسین حەسەن و ڕێناس حەمەکەریم

پێداچوونەوە: ڕەشوان ڕەمەزان


الأمم المتحدة – العراق
United Nations Iraq


مافی وێنە: نوسینگەی ڕاگەیاندنی یونامی، ڕێکخراوی خۆراك و كشتوكاڵ، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، ڕێکخراوی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێکردنی مرۆیی، کۆمیساری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری، فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین، سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان، نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاری پرۆژەکان، بەرنامەی خۆراکی جیهانی، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، نووسینگە نەتەوە یەگرتووەکان بۆ تاوان و مادە هۆشبەرەکان، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی و کاروباری مرۆیی، ڕێکخراوی جیهانیی کۆچ، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی، ڕێکخراوی کاری جیهانی، وێنەی نەتەوەیەکگرتووەکان


کاری هونەری : بەشی ڕاگەیاندنی یونامی

بۆ هەماهەنگی، بۆ تێبینی و سەرنجەکان تکایە پەیوەندی بکەن بە

unami-information@un.org

ماڵپەڕی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق

https://www.uniraq.org

کەناڵەکانی یونامی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا:

http://www.flickr.com/photos/uniraq
https://www.facebook.com/UnitedNationsIraq
https://twitter.com/UNiraq
https://www.youtube.com/user/UNIraqVideos
https://www.instagram.com/unami_iraq

# لەم ژمارەیەدا




خاتوو جینین هێنیس- پلاسخارت
نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان
ل٤ | پێشەکی





نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق
ل٥ | چەند ڕاستییەك سەبارەت بە نەتەوە یەکگرتووەکان





ل٩ | دیمانە لەگەڵ
خاتوو ئینگیبۆرگ سۆلڕون گیشلادۆتیر
جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بۆ کاروباری سیاسی و هاریکاری هەڵبژاردن





ل١٢ | نامەی
خاتوو ئیرینا ڤۆیاشکۆڤا- سۆلیۆرانۆ
جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق و هەماهەنگکاری مرۆیی و هەماهەنگکاری نیشتەجێ لە عێراق




## نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و سەرۆکی یونامی

# خاتوو جینین هێنیس- پلاسخارت

### پێشەکی

ساڵی ٢٠٢١ ساڵێکی زۆرگرنگ بوو بۆ عێراق چونکە لەم ساڵەدا هەنگاوی قورس بەڵام زۆر پێویست نران، لەم چوارچێوەیەدا ئەرکی نەتەوەیەکگرتووەکان و یارمەتیەکانی بۆ عێراق (یونامی) بەجۆرێك زیادبوون کە پێشتر لە کاتی دامەراندنییەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ بەم جۆرە و بەم ڕادەیە نەبینرابوو. سەرەڕای ئاستەنگ و سەختییەکان شانازی بەوە دەکەم کە توانیمانە ئەنجامی بدەین.

لە مانگی ئایاردا بڕیارێکی گرنگ لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەرچوو بەمەبەستی چاودێریکردنی ئەو هەڵبژاردنە پێشوەختە کە لە مانگی تشرینی یەکەم بەڕێوەچوو بەشێوەیەکی وورد بەم هۆیەشەوە دەبوایە کارەکانمان لەماوەی چوارمانگدا ڕێکبخەین و ئەنجام بدەین کە بوە هۆی دروست بوونی پاڵەپەستۆ و زەحمەتیەکی زۆر بۆ ئێمە.

هەرچەندە کە ئەو لایەنانەی کە بەدوای هەلەکان دەگەڕان هەوڵیان دا لەڕێگەی خستنەڕووی شتەکان بە پێچەوانەوە و پێدانی زانیاری هەڵە کاری ئێمە قورستر بکەن و ئێمەش دەبوایا هەوڵی پەرەپێدان و گونجاندن و ڕێکخستنی ئەم پرۆسەیە بدەین. ئەرکەکانی ئێمە لەم پرۆسەیەدا سنورداربوون بۆ پشتگیری کردن و سەرخستنی پرۆسەیەك لە عێراقدا لەژێر ڕابەرایەتی عێراق و لەسەر داوای حکومەتی عێراق.

ئێمە کارە ڕاستەکەمان ئەنجام دا هەر بەو شێوەیەی کە هەمیشە نەتەوە یەکگرتووەکان بەباشترین شێوە ئەنجامیان دەدات کە بریتی بوو لە: کاری بێلایەنانە، شەفاف، و هاوسەنگ لە پشتگیری کردنی بەرژەوەندی گشتی. بەدرێژایی ساڵی ٢٠٢١، پێگە و شوێنمان پتە و قایم بوو و پەیامەکەمان ڕوون بوو.

هاوتەریب لەگەڵ ئەمەدا، نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام بوو لە یارمەتیدانی عێراقییەکان بۆ چارەسەرکردنی چەندین ئالنگاری سیاسی و ئەمنی و مافەکانی مرۆڤ، جگە لە بەردەوامی پشتیوانی مرۆیی و جێگیرکردن و گەشەپێدان و بەرنامەکانی کوتانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئەنجامدانی کەمپینی تایبەت بەم چالاکیانە.

حکومەتی نوێ دەبێت پەلەبکات لە دابین کردنی لیستێکی دوورودرێژ لەسەر ئەولەوییەتە نێوخۆییەکان وەکو: چاکسازی سیاسی و ئەمنی و ئابووری بۆ چارەسەرکردن و ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر و دەستەبەرکردنی دادپەروەری لە عێراق هەروەها کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەش و هەوا و کەمبوونەوەی ئاو و سەرچاوەکانی ئاو.

نەتەوە یەکگرتووەکان پابەندە بە پشتگیریکردنی خەڵکی عێراق لە هەوڵدانیان بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی باشتر و ئێمە بەردەوام دەبین لە هاوبەشی کردنی هەموو عێراقییەکان، لە نزیکەوە پێکەوە کار دەکەین بۆ گەیشتن بەو مەبەست و ئامانجانە.

**جینین هێنیس-پلاسخارت**

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و سەرۆکی یونامی

# نەتەوەیە ککگرتووەکان لە عێراق

## چەند ڕاستییەك سەبارەت بە نەتەوە یەککگرتووەکان لە عێڕاق



**چ ڕێکخراوێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراق کاردەکات؟**

نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق لەسەر دوو ئەرکی مەیدانی (**UNAMI** و **UNITAD**) و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەندوق و بەرنامەکان و کارکردن لەسەر کۆمەڵگا پێکدێت و کە لە پارێزگا و ئاستی نەتەوەیی لە سەرانسەری کۆماری عێراق کار دەکەن.

### نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عیراق (یونامی)

ئەرکی یارمەتیدانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (یونامی) ئەرکێکی سیاسیی تایبەتە کە لە ساڵی ٢٠٠٣ بە بڕیاری ١٥٠٠ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر داوای حکومەتی کۆماری عێراق دامەزراوە.

ڕاسپاردەی یونامی ئامۆژگاری و هاوکاری حکومەت و خەڵکی عێراقە لەسەر چەند پرسێکی سیاسی لەوانە دیالۆگ و هەوڵەکانی ئاشتەوایی و پرۆسەی هەڵبژاردن و هەروەها بەرزکردنەوەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و چاکسازی دادوەری و یاسایی. هەروەها ئەرکەکە لەگەڵ هاوبەشانی حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی کاردەکات بۆ هەماهەنگی کردن لە هەوڵە مرۆیی یەکان و گەشەپێدانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەك و پرۆگرامە تایبەتەکان. یونامی خۆی بەرنامەی مرۆیی و پەرەپێدان ناگەیەنێت، بەڵام پرۆفایلی گەشەسەندن و کێشە مرۆییەکان لە عێراق بەرز دەکاتەوە و بەهاوبەشە عێراقییەکان - هەردوو ڕێکخراوی حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی - بە شارەزایی تەکنیکی لە ناو تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا دەگەیەنێتە یەکتر.

یونامی لەلایەن بەڕێوە دەبردێت لە لایەن نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق و جێگری کاروباری سیاسی و یارمەتی هەڵبژاردنەکان و جێگرێك کە هاوکات ڕێکخەری نیشتەجێیشە.

لە ڕێگەی بڕیارنامەی ٢٥٧٦ی (٢٠٢١)، کە لە ٢٧ی ئایاری ٢٠٢١دا، ئەنجومەنی ئاسایش فەرمانی یونامیی درێژکردەوە تا ٢٧ی ئایاری ٢٠٢٢.

یونامی ٨٠٤ کارمەندی هەیە کە (٣٠٣ نێودەوڵەتین، ٥٠٢ نیشتمانین و ٢ **UNV**ین). بودجەی ئەرکەکانی بۆ ساڵی ٢٠٢١ بریتییە لە ٩٩ ملیۆن دۆلار.

ئەرکەکە لەلایەن بەشی کاروباری سیاسی و ئاشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەڕێوەدەبرێت و لەلایەن بەشی ئۆپراسیۆنەکانی ئاشتی و هەروەها بەشی پشتیوانیکردنی ئۆپەراسیۆنەوە پشتیوانی دەکرێت.

**ئەرکی پێسپێردراوی یونامی**

بڕیارنامەی ٢٥٧٦ (٢٠٢١)

لە ٢٧ی ئایاری ٢٠٢١ لە کۆبوونەوەی ٨٧٨٠یەمیندا لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە وەرگیراوە.

**ئەنجومەنی ئاسایش**

بەبیرهێنانەوەی هەموو بڕیارە پەیوەندیدارەکانی پێشووی لەسەر عێراق بەتایبەتی ١٥٠٠ (٢٠٠٣)، ١٥٤٦ (٢٠٠٤)، ١٥٥٧ (٢٠٠٤)، ١٦١٩ (٢٠٠٥)، ١٧٠٠ (٢٠ ١٧٧٠ (٢٠٠٧)، ١٨٣٠ (٢٠٠٨)، ١٨٨٣ (٢٠٠٩)، ١٩٣٦

(٢٠١٠)، ٢٠٠١ (٢٠١١)، ٢٠٦١ (٢٠١٢)، ٢١١٠ (٢٠١٣)،٢١٦٩ (٢٠١٤)، ٢٢٣٣ (٢٠١٥)، ٢٢٩٩ (٢٠١ ٢٣٧٩ (٢٠١٧)، ٢٤٢١ (٢٠١٨)، ٢٥٢٢ (٢٠٢٠) و دووبارەکردنەوەی بڕیارنامەی ٢١٠٧ (٢٠١٣) لەسەر بارودۆخی نێوان عێراق و کویت، وە بەهاکان کە لە ٢٣٦٧ (٢٠١٧) دا دانراون.

دووپاتکردنەوەی سەربەخۆیی و سەروەری و یەکڕیزی و یەکپارچەیی خاکی عێراق و جەختکردنەوە لەسەر گرنگی سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و ئەمنیەتی عێراق بۆ خەڵکی عێراق و ناوچەکە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی سەرکەوتنی دەوڵەتی عێراق بەسەر دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (کە بە داعش ناسراوە) و هاندانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ زیاترکردنی پشتیوانییەکانیان بۆ عێراق.

پشتیوانی عێراق لەدیاریکردن و ئاڕاستەکردنی ئەو ئاڵنگارییانەی کە ڕووبەڕووی دەبێنەوە و بەردەوام دەبێت لە هەوڵەکانی بۆ پاراستنی سەقامگیری وڵات وەو لە شەڕی دژی تیرۆریزم لە دژی داعش و ئەلقاعیدە و چەتەکانیان، وە بەردەوام دەبێت لە ئەرکی پاڵپشتیکردن بۆ چاکبوونەوە و ئاوەدانکردنەوە و سەقامگیربوون و ئاشتبوونەوە لە عێراق، لەوانە خواست بۆ چارەسەرکردنی پێداویستییەکانی هەموو عێراقییەکان، لەوانە پێداویستی و داواکارییەکانی ئافرەتان، گەنجان، منداڵان، ئاوارەکان، وە ئەو کەسانەش کە سەر بە کەمینە ئیتنیکی و ئایینیەکانن و هەروەهابۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی هەڕەشەی تەقینەوە و پێشوازیکردن لە هەوڵە باشەکانی تایبەت بە پاککردنەوەی ناوچەکانی وڵات ئەم جۆرە مەترسییانە.

ستایشی هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بۆ پلانەکانی لەسەر جێبەجێکردنی هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق بە شێوەیەکی ئازادو سەرکەوتووانە و بە سەرکردایەتی عێراق خۆی، بەشێوەیەکی ڕێك و پێك، هەروەها پێشوازی لەداواکاری حکومەتی عێراقمان کرد بۆ پێشکەشکردنی ڕاوێژ و پشتیوانی زیاتر و هاوکاریە تەکنیکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم بوارەداو لەڕێگەی فەرمانگە باشەکانی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیشەوە.

پێشوازیکردن لەداواکاری حکومەتی عێراق ڕەنگیدایەوە لەنامەی وەزیری دەرەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش لە١١ی شوباتی ٢٠٢١ (S/ ١٣٥/٢٠٢١)، و داننان بە هەوڵەکانی عێراق بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی ئازاد و دادپەروەرانە کە بەشێوەیەکی گشتگیر و بە بەشداریەکی تەواو و یەکسانی ئافرەتانی عێراق و لە لایەن گەلی عێراقەوە بەشێوەیەکی باوەڕپێکراو تەماشا دەکرێت. وەك هەنگاوێکی یەکلاکەرەوە بۆ عێراق و عێراقیەکان هەروەها هاندانی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانی عێراق و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانی هەرێمیش بۆ وەڵامدانەوەیەکی ئەرێنی بۆ داواکەی عێراق بۆ ناردنی چاودێرانی هەڵبژاردن لەپێش هەڵبژاردنەکان و هاندانی بەشداری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەم بوارەدا.

لەبەرچاوگرتنی خواستی عێراق بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان و نیشتەجێکردنیان لە شوێنەکانی خۆیان بە شێوەیەکی شکۆمەندانە و هەوڵەکانی عێراق لەبارەی بەدیهێنانی چارەسەری بنچینەیی و سەلامەت لەسەر بنەمای ئارەزوومەندانە بۆ ئەم بابەتە.

حکومەتی عێراق پێشوازی لە جێبەجێکردنی یاسای پاراستنی ژنە ئیزیدییە ڕزگاربووەکانی دەستی داعش و هەوڵی پەسەندکردنی بڕیارەکانی دادگا و خێراتر کردنی ڕێکارە یاساییەکان و بەتایبەتی ئەو توندوتیژییە ڕەگەزییەی کە لە کاتی شەردا ئەنجام دراون. هەوڵی تەاوەی دەدات بۆ پاڵپشتیکردنی دەروونی و جەستەیی ئەو کەسانەی کە توشی زیانی دەروونی و جەستەیی بوونە و قەرەبووکردنەوەیان و سووککردنەوەی ئێش و ئازارەکانیان.

دیاریکردنی کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەش و هەوای هەرێمی و ڕووداو و کارەساتە سروشتی یەکان و و فاکتەرەکانی تر کە دەبنە هۆی وشکەساڵی و بە بیابانبوون ئاشنابوون بەم کاریگەرییانە دەبێتەهۆی یارمەتیدانی عێراق لە سەقامگیرکردنی بارودۆخی مرۆیی لە وڵاتدا. هەروەها جەختکردنەوە لەسەر پێویستیی هەڵسەنگاندنی مەترسییە گشتگیرەکان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەپاڵپشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر داوای حکومەتی عێراق بۆ گرتنەبەری کرداری و ڕێوشوێنی پێویست بۆ خۆگونجاندن یان کەمکردنەوەی ئەوئاڵنگارییانەی کە بەهۆی گۆڕانی کەش و هەواو گۆڕانی ژینگەییەوە تووشمان دەبن.

بە دەربرینی نیگەرانی بۆ لێکەوتە و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ڤایرۆسی کۆڤید١٩ لەسەر عێراق و بەبیرهێنانەوەی بڕیارنامەی ٢٥٦٥ی ساڵی ٢٠٢١ جارێکی تر دووپاتیدەکەینەوە کە دابین کردنی ددپەروەرانەی پشکنین و دەرمان و ڤاکسین بۆ هەموولایەك ئەرکێکی مرۆیی زۆر پێویستە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڤایرۆسەکە.

پێشوازی دەکەین لە هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بۆ گەیاندنی بەپەلەی چاکسازییە مانادار و پێویستەکان بەئامانجی چارەسەرکردنی داواکارییە ڕەواکانی گەلی عێراق بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵی و گەیاندنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتی و سەرەکییەکان و بەرزکردنەوەی ڕێژە و توانای دەستگەیشتن بەو خزمەتگوزارییانە. هەروەها داوا لەدامودەزگاکانی دەوڵەت دەکەین کە هەوڵەکانیان بۆ بەدواداچوونی لێپرسینەوە بۆ ئەو کەسانەی کە بەرپرسن لەتاوانەکانی کوشتن و برینداری جدی و ڕفاندن و بێسەروشوێنکردن لەدژی خۆپیشاندەران و ڕۆژنامەنووسان و پاراستنی مافی ئازادی ڕادەربڕین. وە پێشوازی دەکەین لە بانگەوازی سەرۆك وەزیرانی عێراق دەکات بۆ دیالۆگێکی نیشتمانیی گشتگیر بۆ بەهێزکردنی یەکڕیزیی عێراق.

پێشوازیمان کرد لە لەڕێککەوتننامەی بودجەی ٢٠٢١ی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق.

بەبیرهێنانەوەی پرەنسیپی بنچینەیی ناتەواویی شوێنەکانی دیپلۆماسی و کۆنسوڵگەری و ئیلتیزامەکان لەسەر حکومەتی خانەخوێ، بە پێی پەیماننامەی ڤیەننای ساڵی ١٩٦١ لەسەر پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و پەیماننامەی ڤیەننای ساڵی ١٩٦٣ بۆ ئەوەی هەموو هەنگاوێکی گونجاو بنێن بە ئامانجی پاراستنی شوێنەکانی دیپلۆماسی و کۆنسوڵگەرانە لە دژی هەر دەستدرێژی و زیانێك و ڕێگری بکەن لە هەر ئاژاوەیەك و کردارێك کە زیان دەگەینێت بە ئاشتی یاخود شکۆکان.

داواکردن لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ پاڵپشتی کردنی عێراق لە بانگەشە و هەوڵەکانی بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیری مرۆیی وئاوەدانکردنەوە و گەشەی وڵات.

١. نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاری درێژکردنەوەی ئەرکی پێسپێردراوی یارمەتیدانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق (یونامی) دەرکرد تا ٢٧ی ئایاری ٢٠٢٢

٢- بڕیاردرا کە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی و یونامی بە لەبەرچاوگرتنی نامەکەی وەزیری دەرەوەی حکومەتی عێراق بۆ ئەنجومەنی ئاسایش لە ١١ی شوباتی ٢٠٢١ (S/١٣٥/٢٠٢١) دەبێت:

(ا) تیمێکی پتەو و بەهێز و شارەزا نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاسپێردرێت، لەگەڵ ستافی زیادەش، پێش هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق، بۆ چاودێریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن بە پانتاییەکی جوگرافی فراوان کە ئەنجام دەدرێت، بۆ بەردەوامبوون لە یارمەتیدانی عێراق لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، بە جۆرێك کە دڵنیابن لەوەی ڕێز لە سەروەری عێراق دەگیرێت و هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی دروست و دادپەروەرانە بەڕێوەدەچن لەگەڵ دابین کردنی ڕاپۆرتی بەردەوام بۆ سکێرتێری گشتی لەبارە هەڵبژاردنەکە و شێوازی بەڕێوەچوونی.

ب) بەشدارکردن و هاندان و هەماهەنگی کردن، و دەستەبەرکردنی ئاسانکاریی پێویست، هاوکاری لۆجستی و ئەمنی بۆ چاودێرانی لایەنی سێیەمی نێودەوڵەتی و هەرێمی کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بانگهێشت کراون، بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردن.

ج)جێبەجێکردنی هەڵمەتێکی پەیامی ستراتیژی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ فێرکردن و ئاگادارکردنەوە و نوێکردنەوەی زانیاریی دەنگدەرانی عێراق لە ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردن و چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پشتگیری هەڵبژاردن لە پێشەکی و ڕۆژی هەڵبژاردندا،

٣- داوا لەسکرتێری گشتی دەکات ڕاپۆرتێکی پوختەی ورد پێشکەش بەئەنجومەنی پرۆسەی هەڵبژاردنی عێراق و هاوکاری یونامی بکات بۆ پرۆسەکە، بە جۆرێك کەوا ٣٠ ڕۆژ زیاتر دوانەکەوێت لە دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق.

٤- هەروەها داوا دەکات کە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی و یونامی لەسەر داوای

حکومەتی عێراق و لەبەرچاوگرتنی نامەکەی وەزیری دەرەوەی عێراق بۆ سکرتێری گشتی (S/ ٢٠٢١ / ١٣٥) دەبێت:

ا) ئەولەویەتی پێدانی ئامۆژگاری و پشتیوانی و هاوکاری بۆ حکومەت و خەڵکی عێراق لەسەر پەرەپێدانی دیالۆگی سیاسی و ئاشتەوایی نەتەوەیی و کۆمەلایەتی و لەبەرچاو گرتن ڕۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی، بە بەشداری تەواو و یەکسان و بەرچاوی ئافرەتان.

ب) ئامۆژگاریی و پاڵپشتی و یارمەتی زیاتر

(أ) توێژینەوە و شیکردنەوەی بەردەوای تەکنیکی و ئامادەکارییە پێویستەکانی هەڵبژاردن و ئامادەکردنی راپۆرتی بەردەوام و رێکوپێك لەلایەن حکومەتی عێراق و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان سەبارەت بە پرۆسە و بەرێوەچوونی هەڵبژاردن و پابەند بوون بە بەرێوەبردنی هەڵبژاردنێکی دادپەروەر و ئازاد لەژێر سەرکردایەتی عێراق و بە خاوەندارێتی عێراق و ناردنی ئەو راپۆرتانە بەبەردەوامی بۆ سکێرتێری گشتی.

(ii) حکومەتی عێراق و ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر پێداچوونەوەی دەستووری و جێبەجێکردنی مادده دەستوورییەکان و هەروەها پەرەپێدانی ئەو پرۆسەیەی کە بۆ حکومەتی عێراق پەسەند دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان.

(iii) حکومەتی عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ پێکهاتە فرەنەتەوەییەکانی تر هەوڵەکانی چرتر دەکاتەوە بۆ دابین کردن و بەرەوپێش بردنی چاکسازیی ئەمنی و ئاسایشی وڵات، ئەمەش دەکرێت لە کۆنترۆڵکردنەوە و ئاراستەکردنی هێزەچەکدارەکان و ئەندامەکانیان و رێکخستنەویان و پارەدار کردن ودانانی نەخشەی گوانجاو بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانانە و ئەولەویەت دان بە دابین کردنی ئەمنیەتێکی بەهێز و رێکخراو.

(iv) حکومەتی عێراق لەسەر کارئاسانیکردن بۆ دیالۆگ و هەماهەنگی هەرێمی، لەوانە مەسەلەی ئاسایشی سنوورەکان، وزە، بازرگانی، ژینگە، ئاو، کاریگەرییە خراپەکانی گۆڕانی کەش و هەوا، ژێرخانی ئابووری، تەندروستی گشتی و ئاوارەکان،

ج) بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق، پشتگیری و ئاسانکاری کردن بۆ:

(أ) هەماهەنگی و گەیاندنی یارمەتییە مرۆیی و پزیشکییەکان، بە شێوەیەکی بەرچاو بۆ رووبەڕوو بوونەوەی کۆڤید-١٩ و سەلامەتی، کاتی، رێك و پێك، گەڕانەوەیەکی خۆبەخشانە و شکۆمەندانە یان یەکخستنی ناوخۆیی، وەك پێویست، پەنابەران و ئاوارەکان، بە هەوڵەکانی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان.

(ii) هەماهەنگی و جێبەجێکردنی بەرنامەکان بۆ باشترکردنی توانای عێراق بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە گرنگ و سەرەکییەکانی مەدەنی و کۆمەلایەتی وەکو: چاودێری




تەندروستی و پەروەردە بۆ گەلەکەی و بەردەوامبوون لەپشتیوانیکردن لە کرداری بەخشینی کارای هەرێمی و نێودەوڵەتی و هاوئاهەنگی کردن بۆ پرۆگرامە گرنگەکانی ئاوەدانکردنەوە و یارمەتیدان، بە بەدواداچوونی کاریگەری پەیمانە نێودەوڵەتییەکانەوە،

(iii) هەوڵەکانی عێراق و بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و لایەنەکانی تر بۆ چاکسازی ئابووری و تواناسازی و دانانی مەرجەکان بۆ گەشەسەندنی بەردەوام و چاکبوونەوە و ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی کە بەهۆی تیرۆرەوە زیانیانپێگەیشتووە. ئەمەش لە رێگەی هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوە نەتەوەیی و هەرێمییەکان و بە گونجاوی کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەککەران و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی تر

(iv) هاوکاری دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەرماڵە و بەرنامەکان بۆ ئەو ئامانجانەی کە لەم بڕیارەدا دانراون بە سەرۆکایەتی یەکگرتوو سکرتێری گشتی لە رێگەی نوێنەری تایبەتی عێراقەوە کە لەلایەن جێگرە دیاریکراوەکەیانەوە پشتیوانی دەکرێن،

د) لێپرسراوێتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و چاکسازی دادوەری و یاسایی لەگەڵ رێزگرتنی تەواو لە سەروەریی عێراق لەپێناو بەهێزکردنی یاساکان و باشترکردنی حوکمی عێراق و جگە لەپشتیوانیکردنی کارەکانی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرزکردنەوەی بەرپرسیارەتییەکانی ناساندن ودیاریکردنی تاوانەکان کە لەلایەن داعشەوە ئەنجام دراون دژی خەڵکی عێراق بەپێی بڕیارنامەی دامەزراوی ژمارە ٢٣٧٩ (٢٠١٧).

(ه) هەنگاونان بە ئاراستەکردنی کێشەکانی جێندەری وەك کێشەیەکی جیاکەرەوە بەدرێژایی ئەرکی پێسپێردراو و ئامۆژگاریکردن و یارمەتیدانی حکومەتی عێراق لە دەستەبەرکردنی بەشداری تەواو و یەکسان و بەرچاو و بەشداریکردنی نوێنەرانی ئافرەتان لە هەموو ئاستەکانی بڕیاردانەدا بە چوارچێوەی هەڵبژاردن و بەرز ئاشتی و ئاسایش بەپێی بڕیاری ١٣٢٥ (٢٠٠٠) و بڕیارە پەیوەندیدارەکان؛

(و)داواکردن لە حکومەتی عێراق و نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مامەڵەکردن بە شێوەیەکی هەستیار و گرنگ لەگەڵ منداڵە زیانلێکەوتووەکانی ململانێ و رووبەڕوونەوە چەکدارییەکان و ناساندنیان وەکو قوربانی جەنگ و پاڵپشتیکردنیان بە رێگای جیاواز و جۆراوجۆر وەکو دووبارە تێکەڵکردنەوەی منداڵ بەپێی یاسا نیشتمانییەکانی عێراق و پشتیوانی لەجێبەجێکردنی ئەنجامەکانی دەستەی کاری ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر منداڵان.

ز) هەروەها هاندانی هەردوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی تەواوی رێککەوتننامەی بودجەی ساڵی ٢٠٢١ و گفتوگۆکردنی رێککەوتنەکان لەسەر کێشە هەڵپەسێردراوەکانی تر.

٥- جەختکردنەوە لەسەر ئاسایشی کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یونامی گرنگە بۆ ئەوەی کارەکانی خۆی بۆ بەرژەوەندی خەڵکی عێراق جێبەجێ بکات و داوا لە حکومەتی عێراق دەکات بەردەوام بێت لە دابینکردنی پشتیوانی ئەمنی و زانیاری بۆ ئامادەبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق.

٦- ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ پێداچوونەوە بە ئەرکی پێسپێردراو و راپۆرتی یونامی لە ٢٧ی ئایاری ٢٠٢٢ یان زووتر لەو ماوەیە ئەگەر لەلایەن حکومەتی عێراقەوە داوا بکرێت.

٧- داوا لە سکێرتێری گشتی دەکات کە هەموو سێ مانگ جارێك راپۆرتی خۆی بەرز بکاتەوە سەبارەت بە پێشکەوتنە بەدەستهاتووەکانی کاروچالاکی بەرپرسیارەتییەکانی یونامی.

٨- بڕیار دەدات کە بەدواداچوونی بەردەوام بۆ بابەتەکە بکات.





## یونیتاد UNITAD

تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش (UNITAD)، بە کۆکردنەوەی بەڵگە پێویستەکان لە عێراق، پاراستن خەزنکردنی ئەو بەڵگەنامانەی کە تاوانەکانی داعش دەسەلمێنن دژی مرۆڤایاتی. تیمی UNI_TAD وەك وەڵامێکی یەکدەنگیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ داواکردنی هاوکاری حکومەتی عێراق دامەزراوە. هەماهەنگی یەکی کاریگەر لەگەڵ حکومەتی عێراق ناوەندی ڕاسپاردە و چالاکییەکانی UNI_TAD لەلایەن ڕاوێژکارێکی تایبەتەوە سەرکردایەتی دەکرێت، UNITAD لەنزیکەوە کار لەگەڵ هاوتا ناوخۆییەکان دەکات بۆ ئەنجامدانی کارەکانی بەشێوەیەکی تەواوکاری لێکۆڵینەوەکان کە لەلایەن دەسەڵاتی نیشتمانیەوە ئەنجام دراوە و پاڵپشتی تەواوی سەروەریی نەتەوەیی هەیە.

## تیمی وڵات UNCT

تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNCT) لەعێراق ٢٥ ئەندام لەخۆدەگرێت کە ١٥ ئاژانسی نێوخۆیی و ٣ بریکاری دەرەکی دەگرێتەخۆی کە ئەمانەن: FAO, ILO, OCHA, OHCHR, UNICEF, UNCTAD, UN WOMEN, UNDP, ESCWA, UNES_CO, UNEP, UNHCR, UN_HABITAT, UNIDO, UNFPA, UNODC, UNODC, UNOPS, WFP, WHO, UNMAS, ITC, IOM, UN_ESCWA, UNEP و IFC, IMF و UNCTAD ئاژانسە نێوخۆییەکانن. لەگەڵ ئاژانسەکانی، یو ئێن سی تی گروپی بانکی جیهانی لەخۆ دەگرێت.

بەسەرۆکایەتیی جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق/ نیشتەجێ و ڕێکخەری مرۆیی، یو ئێن سی تی کاردەکات بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی هەموو عێراقییەکان بە پشتگیریکردنی وڵات لە بەدیهێنانی ئەجێندای گەشەسەندنی بەردەوام و ئامانجە بەردەوامەکانی گەشەسەندن لەگەڵ نوێترین شارەزایی تایبەتمەند و کرداری پشت بەستن بە بەڵگە. ڕۆحی ئامانجە بەردەوامەکانی گەشەسەندن لە یەك دەستەواژەدا خۆی دەبینێتەوە: "بەبێ ئەوەی هیچ کەسێك بەجێ بهێڵین". ئەمە ئەو بنەمایەیە کە ڕێنوێنی هەموو ئەو شتانە دەکات کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا ئەنجامیان دەدات. کۆی ئەو چوارچێوەیەی کە تیمی نەتەوەییەکەگرتووەکان دەیگەیەنێت بریتییە لە چوارچێوەی هاریکاری گەشەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN_SDCF) ٢٠٢٠-٢٠٢٤ (پێشتر UN_DAF)، کە کلیلی ئامانجی گەشەسەندنی هاوبەشی نەتەوە یەکگرتووەکان. نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بە شێوازێکی نوێ و پێکەوە کاردەکات بۆ پشتیوانیکردن لە حکومەت بۆ بەدەستهێنانی ئەولەویاتی گەشەسەندنی نەتەوەیی و پابەندبوونەکانی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی، لەوانەش ئامانجە بەردەوامەکانی گەشەسەندن.

### نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوێی عێراق کاردەکات؟

خێزانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەر ١٨ پارێزگاکەی عێراق کار دەکەن و لە ئاستی کۆمەڵگا و پارێزگا و هەرێمایەتی و نیشتمانیدا کار دەکەن ستافی نیشتمانی و نێودەوڵەتی لەسەرانسەری وڵات بڵاو دەکرێنەوە و بە هاوبەشی لەگەڵ هاوتا ناوخۆیی و پارێزگا و هەرێمایەتی و نەتەوەییەکاندا چالاکی ئەنجام دەدەن.

### جیاوازی نێوان یونامی و قەوارەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە عێراقدا کار دەکەن چییە؟

یونامی نێردەیەکی سیاسیە کە لەساڵی ٢٠٠٣ لەسەر داوای حکومەتی عێراق دامەزراوە

ئامادەبوونی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەعیراق لەسەر بنەمای ڕێککەوتنە دووقۆڵییەکان لەگەڵ حکومەتی عێراق دامەزراوە

UNITAD لە ساڵی ٢٠١٨دا وەك وەڵامێکی کۆدەنگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ داواکردنی یارمەتی لە حکومەتی عێراق دامەزرا.

### ماوەی چەندە نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ئامادە بووە و بۆچی؟

عێراق ئەندامی دامەزرێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانە ژمارەیەك ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٥٥ەوە لە عێراق کار دەکەن. ئەوانی تر لە سەرەتای ١٩٩٠کان و دوای ساڵی ٢٠٠٣ ئۆفیسەکانیان دامەزراند. نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام لە ئامادەباشیدایە لە عێراق بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستیەکانی گەلی عێراق و پشتگیری هەوڵەکانیان بۆ بەدیهێنانی ئایندەیەکی ئارام و سەرکەوتوو.




## دیمانە لەگەڵ

### جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بۆ کاروباری سیاسی و هاریکاری هەڵبژاردن

# خاتوو ئینگیبۆرگ سۆلرۆن گیشلادۆتیر

**بەڕێزت لە ساڵی ٢٠٢١ دا وەك جێگری نوینەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان چوویتە ناو خێزانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بۆ کاروباری سیاسی و هاریکاری هەڵبژاردن چۆن ئەم ئەزموونە بەراورد دەکەن لەگەڵ پۆستەکانی پێشووترتان؟**

دوای ٢٥ ساڵ وەك سیاسەتمەدارێك لە ئایسلەند لە ساڵی ٢٠١١ چوومە پاڵ ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان و وەك نوێنەری وڵات لە ئەفغانستان و تورکیا و بەڕێوەبەری هەرێمی لە ئەوروپا و ئاسیای ناوەڕاستدا خزمەتم کردووە. دواتر، من بۆ ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا (OSCE) کارم کرد، وەك بەڕێوبەری نووسینگەی کاروباری دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ (ODIHR). باوەڕ بکە کە هەموو پۆستەکانی پێشووم زۆر لایەنی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ پۆستەکەی ئێستام وەك DSRSG بۆ کاروباری سیاسی و هەڵبژاردن بەڵام بە تایبەتی لێکچوون و لایەنی هاوبەشی زۆر هەیە لەگەڵ کارەکەم لەگەڵ ODIHR بەرپرسیارێتی خۆی دا بە چاودێریکردنی هەڵبژاردن لە ویلایەتە بەشداربووەکانی OSCE. کە هەڵسەنگاندن لەسەر ئەو ڕادەیەی کە هەڵبژاردن ڕێز لە ئازادییە بنەڕەتییەکان دەگرێت یاخود نا هەروەها پرۆسەکە بە شەفافیەت و لێپرسینەوەوە دیاری دەکرێت یاخود نا. بەم تایبەتمەندییە چاودێری هەڵبژاردنم لە زیاتر لە ١٥ وڵات کردووە کە هەریەکەیان ئەزموونێکی زۆر بەنرخ و ئامادەکارییەکی بەهێزیان پێ بەخشیوم بۆ کارەکانی ئەمساڵی عێراق.

بەهۆی بەردەوامی کاریگەرییەکانی کۆڤید١٩ و ڕێکارەکانی کەرەنتین و خۆپاریزی لەم ڤایرۆسە تاوەکو ئەمسالیش، ئاستەنگ و سەختییەکی زۆری خستۆتە بەردەممان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانمان. ئەم بارودۆخە کارەکانی وەکو سەفەرکردن بۆ هەموو ناوچەکانی وڵات و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئیڤێنتەکان و هەروەها تواناکانی ئێمە بۆ ئەنجامدانی کارەکان سەختتر کردووە.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەوە ساڵێك بوو پێچەوانەی هەموو ساڵەکانی تر بوو، چونکە هەڵبژاردنی پێشوەختە لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ ئەنجام درا و یونامی ئەرکێکی زۆر فراوانتری پێسپێردرا بەبڕیاری ژمارە ٢٥٧٦ی ئەنجومەنی ئاسایش کە لە ٢٧ی ئایاری ٢٠٢١دا دەرچوو بوو. یونامی ڕاسپێردرا بۆ "ڕاوێژدان و پشتگیری کردن و یارمەتیدانی عێراق و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان بەهەوڵی پلاندان و جێبەجێکردنی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادپەروەرانەی عێراق کە خاوەندارێتییەکەی عێراقیە و سەروەری عێراق تێیدا پارێزراوبێت" ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری زیاتری دەرکرد کە پێویست بوو یونامی تیمێکی "بەهێز، لێهاتوو و شارەزا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەگەڵ ستافی




زیادە، بۆ چاودێریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن لەگەڵ داپۆشینی جوگرافی فراوان دابین بکات بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی عێراق.

ئەمە بە هیچ شێوەیەك داواکاریەکی ئاسان نەبوو لە کاتی کۆڤید، وە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا. هەرچۆنێك بێت، سەرەڕای هەلومەرجە سەختەکان و ئاڵنگارییەکان، یونامی بە هاوکاری ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاری پرۆژە (UNOPS) توانی ١٥٠ پسپۆڕی هەڵبژاردنی نێودەوڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ٥٥٠ کەسی پشتگیری نەتەوەیی ڕاسپێرێت بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی عێراق.

**بەشداری یونامی چۆن دەبینیت بۆ هەڵبژاردنی گشتی پێشخراو کە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ ئەنجام درا؟**

زۆرترین یارمەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بریتی یە لە پێشکەش کردنی یارمەتی تەکنیکی، یونامی بە شێوەیەکی نەریتی ئەو یارمەتیانە دابین دەکات لە عێراق بەڵام لە ساڵی ٢٠٢١ دا ئەم یارمەتیانە زیاتر و بەهێزتر بوون ئەمەش لەسەر بنەمای داوای حکومەتی عێراق و پەسەندکردنی ئەنجومەنی ئاسایش بوو. بەشێوەیەکی بەرچاو نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو یارمەتیانەی کەوا یونامی پێشکەشی کردبوو لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ دا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢١ دا ئەو یارمەتیانەی بەبڕی پێنج ئەوەندە زیاتر کرد. ڕاوێژی تەکنیکی و پشتیوانی و هاوکاری پێشکەش بەکۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و هەروەها ١٩ فەرمانگەی هەڵبژاردنی پارێزگایان کرد کە لەلایەن مەڵبەندەکانی هەرێمی یونامی لەبەغداو بەسرە و هەولێرو کەرکوك و نەینەواوە کاردەکەن. ئەم یارمەتی و پشتیوانییە بۆ سەرکردایەتی و ستافی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان زۆر گرنگ بوو و لە کۆتاییدا سوودیان هەبوو لە هەڵسەنگاندنی گشتی بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەم هەڵبژاردنانە لە بواری تەکنیکییەوە بە باشی بەڕێوەچوونە و شەفاف بوونە.

جێگای ئاماژەیە، کە یونامی جگە لە دەستەی تەکنیکی ڕاسپاردراو، چاودێری هەڵبژاردنیشی دابین کردبوو کە بەشێك نییە لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی پڕۆسەی هەڵبژاردن. کەواتە دەتوانم بڵێم کە ئەزموونمان لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢١ی عێراق دا ڕاهێنانێکی بێ وێنە و نمونەیی بوو لە دەرەوەی سیاسەتەکان و چوارچێوە دیاری کراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. دڵنیام گەر پێشنیار بکرێت بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنی وڵاتێکی تر ئەوا دەستەکانی تر دەتوانن سوود لە ئەزموونی ئێمە چ ئەزموونە ئەرێنیەکان یان نەرێنیەکان وەربگرن.

**تۆ لە ساڵی ٢٠٢١دا زیاتر شانازیت بە چیەوە کرد؟ بەڕای تۆ، دەستکەوتە سەرەکییەکانی ئێوە (تۆ و یونامی) لە بواری سیاسیدا چی بوون؟**

وەکو ڕۆڵی خۆم وەك **DSRSG** لە چاودێری کردنی ئەم پڕۆسەیە، زۆر شانازی بە یارمەتی هەڵبژاردن و چاودێری کردنی هەڵبژاردنەکان دەکەم کە هەم بەشێوەیەکی پیشەییانە هەم بە باشی بەڕێوەبردرا. بە شێوەیەکی بەرچاو، لە ڕووی بەرنامەی کارمان کە بنیاتنراوە لەسەر ئەوەی کە ڕوو لە پێشەوە و بەرەوە پێشوەچوون و هەماهەنگی و یەکگرتنی زیاتر هەنگاو بنێین، ئەوە هاندەر بوو بۆ کارکردن لە ژینگەیەکی هاوکاری لەگەڵ هێزە هاوبەشەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەفتەکانی پێش ڕۆژی هەڵبژاردندا. ئەوە دەستکەوتێکی سەرەکی بوو بۆ دابینکردنی یارمەتی پیشەیی و چاودێریکردنی هەڵبژاردنی نەرم و بەڕێوەبردنی گەورەترین ئەرکی هەڵبژاردن لە سەرانسەری عێراق لە نێوان چەندین بەرەنگاریدا، یەکێك لەو ئاستەنگانەش لەو ماوەیەدا بریتی بوو لە لەرەنتینو ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزی بوو لە ڤایرۆسی کۆڕۆنا. ئێمە پێویستە متمانەیەکی نمونەیی زۆر بەرز بە ستافی تیمی هەڵبژاردنەکانمان بدەین هەروەها دەبێت ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە ئەم ئەرکە بەبێ یارمەتی و کارئاسانی و بەشداری کردنی تەواوی خێزانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق و هاوتا نیشمانییەکانمان و خەڵکی بەخشندە نەدەکرا بگەینرێتە ئەنجام.

**یەکێك لە کارە پێشینەیی یە سەرەکیەکان بۆ یونامی پرۆسەی یەکڕیزی کۆمەڵایەتییە، پێت وایە ئەم پرۆسەیە لە ساڵی ٢٠٢١ چۆن پەرەی سەند؟**

ساڵێکی نائاسایی و پڕ لە بەرەنگاری بوو. ئێمە زۆر کۆت و بەندمان لە کارەکانماندا بە هۆی نەخۆشی کۆڤیدەوە ئەزموون کرد. کە ئەمە ڕەنگە تا ڕادەیەك کاریگەری بخاتە سەر ئەرکەکانمان لە ڕووی یەکڕیزی کۆمەڵایەتی ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە لەم ماوەیەدا نەمانتوانیوە وەکو پێویست خەڵك کۆبکەینەوە و بۆ کۆبوونەوە یاخود ڕاهێنان. مەرجێکی سەرەکی یەکڕیزی کۆمەڵایەتی بریتی یە لە کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنی ڕوو بە ڕوو تاوەکو بتوانن قسە بکەن و ڕاوبۆچونی یەکتری بزانن و گوێ لە یەکتری بگرن. زۆر شت هەیە لەم زەمینە و بوارەدا کە پێویستە ئەنجام بدرێت - هەروەها ئاشتەوایی کۆمەڵگەییش بەهەمان شێوە - ئەمەش دەبێتە پێشینەیی کارکردنمان لە ساڵی ٢٠٢٢.




**ڕۆڵی گەنجانی عێراق لەم پرۆسەیەدا چۆن دەبینن؟**

یونامی بەردەوام دەبێت لە کارکردن لەگەڵ حکومەت بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ دیالۆگی نەتەوەیی گشتگیر، گەنجانی وڵات ڕۆڵی گرنگیان هەیە لەم بوارەدا نەك تەنیا وەك لایەنە پەیوەندیدارەکان بەڵکو وەك هاوبەش لەپرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانیدا. لە ئێستادا لە هەر پێنج عێراقیەك، یەکێکیان تەمەنی گەشتۆتە تەمەنی گونجاوی کۆلێژ (بۆ نمونە لە نێوان ١٥ تاوکو ٢٤ساڵە). چالاکی گەنجان لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠١٩ەوە لە عێراق بەردەوام بووە لە کاتێکدا کە تۆڕەکانی گەنجان لەو وڵاتەدا دژی گەندەڵیی و بەردەوامن لە داواکردنی چاکسازییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە پێویستەکان. دیالۆگ لەنێوان ئەو تۆڕە گەنجانەدا سەبارەت بەچاکسازیی حوکمڕانی بەڕۆحیەتی نیشتمانپەروەری و نا مەزهەبی دیاری کراوە. دوابەدوای ئەو وۆرکشۆپە سەرکەوتووانەی گەنجان لە ساڵی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ دا. لە ماوەی ساڵی ٢٠٢١ دا یونامی بەردەوام بوو لە پرۆژەکانی تایبەت بە گەنجان لە سەرتاسەری وڵاتدا. ئەو ڕاسپاردانەی کە لە ئەنجامی ئەم دانیشتنانەوە دەستکەوتن، بە دوای ئەوەدا دەگەڕێن کەدڵنیابن لەوەی ئەو بیر و بۆچوونانەی لە لایەن گەنجانەوە دروست کراون تەواوکەری گفتوگۆی سیاسین لەسەر ئاشتەوایی نیشتمانی و لە پرۆسەکەشدا یارمەتیدەرن لە بەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیرییەکی بەردەوام لە عێراق.

**لە چەندین بۆنەدا بە ئاشکرا وتت کە پێویستە ئافرەتان لە هەموو ئاستەکانی بڕیاردان لە عێراقدا بەشداری بکەن، سەبارەت بە پێگەی ئافرەتان لە عێراق چۆن بیر دەکەیتەوە؟**

من بە تەواوەتی بڕوام بە گرنگی بەشداری کردنی ئافرەت هەیە لە گشت ئاستەکانی بڕیاردان و تەواوی پڕۆسەی سیاسی لە نێو کۆمەڵگادا. ئەمە ڕاستییەکی سەلمێنراوە کە چەند یەکسانیی ڕەگەزی زیاتر بێت لە کۆمەڵگایەکدا ئەوەندە ئەو کۆمەڵگایە ئاسوودەتر و پڕ لە ئاشتەوایی و سەروەری دەبێت. واتە یەکسانی ڕەگەزی لە بەرژەوەندی هەموومانە. عێراق ڕێگایەکی دوورودرێژی لەپێشە بۆ ئەوەی بگات بە یەکسانیی ڕەگەزی، بەڵام بەم دواییەدا چەند هەنگاوێکی گرنگی وەك ڕێژەی ٢٥٪ ی ئافرەتان لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا دروستکردووە. ئافرەتانی عێراقی لە ئاستی جەماوەریدا زۆر چالاك و کاریگەرن ئەمەش ئافرەتانی بە گشتی بەهێز کردووە، وەك ئەوەی لە ئەنجامی مێژووییدا لە هەڵبژاردنی ١٠ی ئۆکتۆبەردا بە هۆیەوە ئافرەتانی عێراق ٩٥ کورسیان لە ٣٢٩ کورسی بەدەستهێنا. بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ ئەمە بەرزبوونەوەیەکی بەرچاو لە نوێنەرایەتی ئافرەتانی عێراق لە ٢٥٪ ەوە بۆ ٢٩٪ بە دەردەخات. ئەوەی ئێستا گرنگە ئەوەیە کە ئەم سەرکەوتنە وەربگێڕین بۆ پۆستەکانی دەسەڵات لە ئەنجومەنی نوێنەرانی تازە هەڵبژێردراو و حکومەتی داهاتوو بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئافرەتان بەشێکن لەدەسەڵاتی بڕیاردان و دەتوانن ڕاستەوخۆ کاربکەنە سەر ئەجێندای سیاسی و ئایندەی وڵات.

**هەروەها بەشداری کردن لەسەر فایلی کەسە بێ سەروشوێن و ونبووەکان و موڵکەکانی کوێتە، کە ئەرکێکی پێسپێردراوی گرینگی ئێوەیە. لە ئێستادا چۆن پەیوەندیەکانی عێراق - کوێت دەبینیت؟**

لە ساڵی ٢٠٢١ دا دەستکەوتێکی گەورە لەسەر بێسەروشوێنان و موڵکەکانی کوێتی بریتی بوو لە تەواوکردن و کامڵ کردنی ناسنامەی فەرمیی پاشماوەی مرۆڤ کە لەساڵی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠دا لەساماوای پارێزگای موسەنا دۆزراونەتەوە. هیوادارین ئەم بەڵگە دۆزراوانە ببنە یارمەتیدەرێك بۆ خێزانی کەسە بێسەروشوێن بووەکان کە ئەمەش بە هەماهەنگی هەردوو تیمی عێراقی و کوەیتی بەدەستهاتوون بە تایبەتی لە ماوەی پڕ لە ئاستەنگ و سەختی کۆڤید ١٩ دا. بەردەوامین لەپشتیوانیکردن و هاندانی حکومەتەکانی عێراق و کوێت بۆ بنیاتنانی ئەو پێشکەوتنانەی لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ئەنجامیان داوە.

**کاری لەپێشینەی یونامی لە بواری سیاسیدا لە ساڵی ٢٠٢١دا چی بوون؟**

لە کاتی گەیشتنم لە ماوەی هەڵبژاردنەکاندا، ڕۆڵی سیاسی یونامی گرنگییەکی بەردەوامی هەبوو. بەدرێژایی ساڵ بەردەوام بووین لەپشتیوانیکردن لەهەوڵەکانی ئاشتەوایی بەتایبەتی داواکاری بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ئافرەتان و لاوان و خاوەن پێداویستییەکان و نەتەوە و ئایینزاکان. بەرەنگاربوونەوەی گوتاری ڕق و کینە بە هەموو شێوەکانییەوە بە تەوەری کارەکانمان مایەوە و شانازی دەکەم بڵێم بە هەماهەنگی نووسینگەی مافی مرۆڤ ئەم کێشەیە لە لایەن هەموو بڕگە بنچینەییەکان بە پێشینەی کارەکانمان دانراوە. سەرباری ئەوەش بەردەوام بووین لەپشتیوانیکردنی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان لەڕێگەی دیالۆگەوە و پەرەپێدانی پەیوەندییە هاوسەنگەکانی نێوان بەغداو پارێزگاکان. لەگەڵ تەواوبوونی هەڵبژاردن بەسەرکەوتوویی چاوەڕێی پشتیوانی حکومەتی نوێ دەکەین کە هیوادارین پێویستییەکانی گەلی عێراق چارەسەر بکات و ئەو خۆشگوزەرانییەی کە شایانیانە بهێنێتە دی.



## نامەی

### جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق و هەماهەنگکاری مرۆیی و هەماهەنگکاری نیشتەجێ لە عێراق

# خاتوو ئیـــرینا ڤۆیاشـــکۆڤا-ســـۆلیۆرانۆ

**نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیری هەوڵەکانی حکومەتی عێراقی کرد لە باشترکردنی باری ژیان بۆ کەسانی لاواز و بەهێزکردنی گەیاندنی خزمەتگوزارییە یەکسانەکان**

بەلای کەمەوە دەتوانین بڵێین ساڵی ڕابردوو ساڵێکی پڕ لە ڕووداو بوو. بەهەمان شێوەی ساڵی پێشووتر ئەمساڵیش لە ژێر کاریگەری خراپی کۆڤید١٩ بوو لە عێراق و سەراسەری جیهان. ساڵێك دیاری کراوە بە خۆگونجاندن لەگەڵ ڕاستییەکی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەگەڵ **UNCT** کە بە بەهێزی دەمێنێتەوە لە جێبەجێکردنی کارەکەیان. ساڵێك دیاریکرا بە ئیمزاکردنی هاوبەشی چوارچێوەی هاریکاری گەشەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان (**UNSDCF**) لە نێوان وەزیری پلاندانان و خۆم. ساڵێك کە خواستی حکومەت بۆ داخستنی فایلی ئاوارەکانی ناوخۆ بووە هۆی دەست پێکردنی گواستنەوەی وەڵامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە یارمەتی مرۆییەوە بۆ گەشەپێدان کە ئەمەش کاردانەوەی هەبوو بەهۆی فراوانبوونی تەرکیزێکی جوگرافیمان بۆ سەر ناوچەکانی ئاوارە ناوەخۆییە گەڕاوەکان.

بە گشتی کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیری هەوڵەکانی حکومەتی عێراقی کرد لە باشترکردنی باری ژیان بۆ کەسانی لاواز و بەهێزکردنی گەیاندنی خزمەتگوزارییە یەکسانەکان و بەرزکردنەوەی هاوئاهەنگیی نێودەوڵەتی و هەماهەنگی لەگەڵ ئەجێندای ساڵی ٢٠٣٠.

**UNSDCF** ی نوێ کە لەسەر بنەمای پلانی پەرەپێدانی نیشتمانی و بینایی عێراق ٢٠٣٠ بۆ یارمەتیدان بۆ بەدیهێنانی ئەجێندای پەرەپێدانی بەردەوام لە ساڵی ٢٠٣٠دا، لەکۆتاییدا لە ٥ی ئەیلولی ٢٠٢١ ئیمزاکرا




بۆ دیاریکردنی بڕیاری حکومەت بۆ کارکردن لەسەر دیدێکی درێژخایەنی بۆ عێراق و کارکردن لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئامانجە ستراتیژییەکانی گەشەسەندن.

سووربوونی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی IDP لە ئەولەویەتی ستراتیجی UN-SDCFدا ڕەنگی داوەتەوە ٥: بەدەستهێنانی چارەسەری شکۆدار و سەلامەت و خۆویستانە لە عێراق لە پراکتیکدا ئەمە بووە هۆی پەرەسەندنی میکانیزمێك کە تەرکیز بکاتە سەر پەیوەندەییەکانی نێوان هەوڵە مرۆیی و گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

هەشت میکانیزمی هەماهەنگی ناوچەیی (ABC) لە ناوچە ئاڵۆزەکانی گەڕانەوەدا دانراون.

ئەی بی سیەکان دڵنیان لەوەی کە ئەکتەرە مرۆیی و گەشەپێدراوەکان پێکەوە لەگەڵ پێکهاتەکانی حکومەتی خۆجێیدا ڕێك دەکەون و پلانیان داناوە بۆ ئاسانکاری بۆ جێبەجێکردنی چارەسەرە بەردەوامەکان بۆ IDPیەکان و گەڕاوەکان.

ئەم پرۆسەیە هەروەها ئاسانکاری دەکات بۆ ستراتیژییەتی گەورەتری ناوەند بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ناسنامەی ماوەکان بەشدارن لە سیستەمی پاراستنی کۆمەڵایەتی حکومەتدا لە ساڵی ٢٠٢٤دا.

بە یەکسانی، حکومەت دەستی کردووە بە زیادکردنی سەرنج بۆ بەرنامەی گۆڕانی کەش و هەوا. ئەمە لە ئەولەویەتی ستراتیجیدا ڕەنگی داوەتەوە ٤: بەرزکردنەوەی سەرچاوە سروشتیەکان و بەڕێوەبردنی مەترسی کارەساتەکان، و خۆڕاگری لەبەرامبەر گۆڕانی کەش و هەوا. یو ئێن سی تی سەرنجی خۆی زیاد کردووە لەسەر کەم کردنەوەی گۆڕانی کەش و هەوا، لەوانە تێکەڵکردنی وزەی نوێ و تەکنیکی زیرەکی کەش و هەوا لە هەر شوێنێك کە گونجاو بێت.

ئەمڕۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بیست ئەندامی هەیە بە ئامادەبوونیان لە عێراق و پێکەوە کار دەکەن بۆ پشتیوانیکردن لە حکومەت و ئەکتەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ دروستکردنی بارودۆخێکی لەبار بۆ بوژانەوە و جێگیرکردن و چاکسازی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا.

هیچ کام لەمانە بە بێ هاوکاری و پشتیوانییە فراوانەکەی حکومەت کە پابەندبوونی خۆیان بە باشترکردنی ژیانی هاوڵاتیان نیشان دەدات، نەدەکرا.

لەوەتەی وەرگرتنی ئەرکەکەم وەك جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەماهەنگکاری مرۆیی و هەماهەنگکاری نیشتەجێ لە عێراق لە ساڵی ٢٠٢٠ پێشکەوتنێکی بەرچاوم بینی، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا زۆر ناوچە هەن کە شایەنی سەرنجە گرنگی پێدانی زیاترن بۆ ئەنجامدانی چاکسازی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی کاریگەری گۆڕانی کەش و هەوا. ئومێدێك هەیە بۆ ئایندەیەکی گەش بۆ عێراق و هاووڵاتیانی جارێکی تر حکومەتێکی نوێ لەجێی خۆیدا بێت و سەرکردایەتییەکی بەهێز بگرێتەبەر بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە داواکاری هەموو هاووڵاتیانی گرنگی پێ دەدرێت.

**حکومەت دەستی کردووە بە زیادکردنی سەرنج بۆ بەرنامەی گۆڕانی کەش و هەوا. ئەمە لە ئەولەویەتی ستراتیجیدا ڕەنگی داوەتەوە**




# نووسینگەی کاروباری سیاسی

## چاوپێکەوتن لەگەڵ

### بەڕێوەبەری بەوەکالەت لەنووسینگەی کاروباری سیاسی یونامی

# بەڕێز محەمەد ئەلنەجار

لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە لەگەڵ یونامی کاردەکات، محەمەد نەجار لە بواری ئاشتی و ئاسایشدا ڕۆڵی بەرزو کاریگەری بینیوە، پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ گەورەبەرپرسان و هەروەها سەرکردە سیاسی و ئایینیەکان هەبووە و جەخت لەسەر کێشەکانی ئاشتەوایی نیشتمانی و میانگیری و چارەسەری ناکۆکی و بنیاتنانی ئاشتی دەکاتەوە. بەڕێز نەجار لە ساڵی ٢٠٢١ بوو بە بەڕێوەبەری نووسینگەی کاروباری سیاسی یونامی. لە بارودۆخی هەستیاری جیۆپۆلەتیکی نەتەوەیی و هەرێمی دا هەوڵەکانی ئەو هەمیشە جەختیان کردۆتە سەر سەر ئاسانکاری لێك تێگەیشتن و ڕێککەوتنی سیاسی نێوان حزبە سیاسییەکان و لایەنەکانی تری کۆمەڵگا.

**لەدیدگای کاری خۆتە چۆن دەتوانی ساڵی ٢٠٢١ وەسف بکەیت و پوختەیەك لەو ساڵەمان بۆ ڕوونبکەیتەوە؟**

لە ساڵی ٢٠٢١ خواستێکی سەرەکی جەماوەرییمان بینی ئەویش بریتی بوو لە هەڵبژاردنی پێشوەختی پەرلەمان. نووسینگەی کاروباری سیاسی بە درێژایی ساڵ. پشتگیری لە ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمانی عیراق کرد بۆ هەڵبژاردنەکانی مانگی تشرینی یەکەم، پێکەوە لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان کارمان بۆ ئامادەکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ هەڵبژاردن کرد. ئێمەهاوکاری نووسینگەی سەرۆك کۆمار و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنمان کرد لە پەرەپێدانی یاسای بەڕێوەبردنی هەڵبژاردندا، بەو پێیەی کە لایەنە سیاسییە سەرەکیەکان بەڵێنیان دا کە پشتگیری لە تەواوکاری پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن. لە ڕۆژی ١٥ی ئەیلول دا لە کۆنفرانسێکدا بە ئامادەبوونی **SRSG** و بە پاڵپشتی بەڕێز سەرۆك کۆمار واژوومان لەسەر یاساکانی هەڵسووکەوتی کرد دواتر ڕێوڕەسمی ئیمزاکردنی هاوشێوە لەسەرانسەری وڵات بەڕێوەچوو. نووسینگەی کاروباری سیاسی بەشداری کرد لە زیادکردنی چاودێری و راپۆرت دان لە سەرە هەڵبژاردن هەم لە کاتی هەڵبژاردنەکان و هەمیش لە دوای هەڵبژاردنەکان.

**سەقامگیریی پێشینەیەکی سەرەکیە لە عێراقدا، مەکتەبی سیاسی چۆن پشتگیری سەقامگیری سیاسی دەکات؟**

لە ڕێگەی فەرمانگەی **SRSG** و **DSRSG** بۆ کاروباری سیاسی، نووسینگەی کاروباری سیاسی چالاکانە هانی گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات دەدات لە چوارچێوەی دەستووردا. وە پەرەسەندنی پرۆگرامی حکومەت کە چاکسازی ڕاستەقینە دەگەیەنێت، بەرەوپێشبردنی ئاشتەوایی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بۆ پتەوکردنی سەقامگیری سیاسی و ئاسایش. لە کەرکوك نووسینگەی کاروباری سیاسی پەیوەندی خۆی لەگەڵ بەرپرسانی حکومی و سەرکردە سیاسی و ئایینییەکان و هەموو پێکهاتە ناوخۆییەکان بەردەوام کرد بۆ بەرەوپێشبردنی دیالۆگ و متمانەپێدان لە



دامەزراوە ناوخۆییەکاندا. هەروەها لە شوێنێکی تر داکۆکیمان لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی شەنگال کرد. لەگەڵ کەمینەکان و دەسەڵاتدارە خۆجێییەکان لە دەشتی نەینەوا بۆ پشتگیریکردنی هەوڵەکانی یەکگرتنەوە و دیالۆگی ئاشتەوایی کۆمەڵگەی ناوخۆیی، هەروەها پشتگیری لە دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بۆ پشتگیری کردن و یارمەتیدانی ژنە ڕزگاربووەکانی ئێزدی کرد.

**نووسینگەی کاروباری سیاسی چ هەوڵێکی داوە بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ گەنجان و کۆمەڵگە دابڕێنراوەکان؟**

بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی دیالۆگ و ئاشتی کۆمەڵایەتی لە نووسینگەی سەرۆك وەزیران، نووسینگەی کاروباری سیاسی بەردەوام بوو لە ئاسانکاریکردن بۆ فەراهەمکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ دیالۆگ لە نێوان گەنجان بۆ سەرخستنی پێکەوەژیانی ئاشتییانە. ئەم دانیشتنە دیالۆگیانەی کە ئەنجام دران بوونە هۆی پێکهێنانی کۆمیتەکان لە تەواوی پارێزگاکان، کە لە کۆنگرەی دیالۆگی نەتەوەیی لە مانگی ئاب کۆبوونەوە، کە ئۆپا لە پانێڵی ڕاوێژکاری خۆی نوێنەرایەتی کرد. کۆنفرانسەکە بە ئامادەبوونی زیاتر لە ٢٠٠ بەشداربوو لە سەرانسەری پارێزگاکان و ڕۆشنبیران و ژنانی گەنج و پیاو و سەرکردە ئاینی و هۆزەکان ئەنجام درا. لە گفتووگۆکان دا باس لە چاکسازی سیاسی و دارایی و پێداچوونەوەی دەستووری و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی و هەمەجۆرکردنی ئابووری کرا. ئەنجامی سەرەکی کۆنفرانسەکە "بەڵگەنامەی دیالۆگی نەتەوەیی" بوو کە کۆڵەکە و پێشنیارەکان لە گفتوگۆکاندا تیشکیان خرایە سەر. بەڵگەنامەکان لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە پەسەندکران و لەلایەن سەرکردە سیاسییە دیار و سەرەکیەکان قبوڵ کران و وەرگیران.

هاوتەریب لەگەڵ ئەمانەدا، ئۆپا چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ خۆپیشاندەران و چالاکوانانی سیاسی بە ئامادەبوونی SRSG ڕێکخست، بۆ گوێگرتن لە نیگەرانییەکانیان و زیادکردنی بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا. هەروەها ئۆپا ۆرکشۆپی تواناسازی ڕێکخست و ئەنجامدا بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی گەنجان بۆ بەشداری سیاسی کاریگەر و دیالۆگی ئاشتیانە.

**ئایا پێشکەوتنێك دەبینیت لە پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر؟**

نووسینگەی کاروباری سیاسی هەوڵەکانی نیازپاکی خستۆتە گەڕ بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی باش و جێبەجێکردنی ڕێکەوتنێکی گشتگیری نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان. ڕۆژی ٣١ی ئازار ئەنجومەنی نوێنەران یاسای بودجەی فیدراڵی ساڵی ٢٠٢١ی پەسەندکرد. هەرچەندە تائێستا بەتەواوی جێبەجێنەکراوە بەڵام بەغدا لەمانگی تەمموزی ٢٠٢١دا دەستیکردووە بە ناردنی مانگانە ٢٠٠ ملیار دینار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەمەش دەرفەت بەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات کەمووچەی تەواو بۆ فەرمانبەرانی خەرج بکات. ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ هێورکردنەوەی گرژییە سیاسییەکان و پوچەڵکردنەوەی نائارامی کۆمەڵایەتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەغدا و هەولێر دەبێت بگەنە ڕێککەوتنێکی تەواو دامەزراوەیی وە نووسینگەی کاروباری سیاسی بەردەوام جەخت لە گرنگی پەیوەندییەکی بەهێز دەکات لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەقامگیریی عێراق.

**وە لە کۆتایدا، بۆچوونی بەڕێزتان چیە لەسەر تێڕوانینی سیاسی بۆ ساڵی ٢٠٢٢؟**

٢٠٢٢ ساڵێکی پڕ ئاڵنگاری و سەختی دەبێت بۆ عێراق- پێویستە حکومەتی نوێ بە خێرایی پێکبهێنرێت وە بەرنامەیەکی تۆکمەی هەبێت کە ئەو بەرەنگارییە هەمەجۆرانەی کە ڕووبەڕووی وڵات دەبنەوە لەگەڵ ڕێگاچارەی گونجاو بۆ ئەو ئاڵنگاریی و بەربەستانە تێدا بخرێتە روو وەکو؛ بێکاری، گۆڕانی کەش و هەوا، بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی و گەیاندنی خزمەتگوزاری گشتی و هەروەها بنیاتنانی داهاتوویەکی باشتر بۆ خەڵکی عێراق. ئۆپا پشتگیری تەواوی خۆی دووپاتدەکاتەوە بۆ سەرکردایەتی کردنی ئەرکەکانی هەماهەنگی و گفتوگۆی گشتگیر لەگەڵ سەرکردەکانی عێراق و نوێنەرانی کۆمەڵگا و چالاکوانانی مافی ئافرەتان ولاوان و پیاوانی ئایینی و تائیفی بۆ بەرێوەبردنی بابەتە گرنگەکانی وەکو سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و گرنگیدان بە ڕێککەوتنی نێوان بەغدا و هەولێر.



# نووسینگەی هاریکاریی هەڵبژاردن

## چاوپێکەوتن لەگەڵ

### ڕاوێژکاری سەرەکی هەڵبژاردن و بەڕێوەبەری هاوکاری یەکگرتووی هەڵبژاردنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان

## د. ئەمیر ئاراین

**"لە ساڵی ۲۰۲۱دا، نەتەوە یەکگرتووەکان سەرچاوەیەکی گەورەی پێشاندا کە بە گەورەترین ئەرکی هەڵبژاردن دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهان تا ئەمڕۆ، لەگەڵ ڕاسپاردەیەکی فرەیی هەڵبژاردن لە پشتگیری پرۆسەی هەڵبژاردنی عێراق بە سەرۆکایەتی عێراق و خاوەندارێتی عێراق.**

**گەورەترین دەستکەوتی ئۆفیسی یارمەتیدانی هەڵبژاردنی یونامی لە ساڵی ۲۰۲۱ چی بووە؟**

ئەمە ساڵی وەرچەرخانی عێراق بوو لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە ۱۰ی تشرینی یەکەمی ۲۰۲۱. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەرکێکی بێهێزی هەبوو لە ئامادەکردنی هەڵبژاردنێك کە نەك هەر بڕیار لەسەر ئایندەی سیاسی وڵات دەدات بەڵکو ئەوە دیاری دەکات کە ئایا ڕای گشتی عێراق بە دڵنیاییەوە دەمێنێتەوە سەبارەت بە هەڵبژاردن بە گشتی وە لە دامەزراوەی هەڵبژاردنی وڵات بە تایبەتی.

لەم هەڵبژاردنە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تەنها لەسەر سەرکردایەتیەکی نوێ و بیروکراسییەکی نوێ نا بەڵکو دەبووایە لەسەر بنەمای یاسایەکی نوێی هەڵبژاردن و بە تایبەتیش سیستەمێکی نوێی هەڵبژاردن کارەکان ڕێکبخات. سەرکردایەتی نوێی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕووبەڕووی کێشەی زۆربووەوە بەهۆی کێشەی متمانەی گشتی کە سەرچاوەی گرتبوو لە شێوازی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشووتر. بەوپێیەی سەرکردایەتی سیاسی عێراق و کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق و ڕای گشتی عێراق داوایان لە نەتەوە یەکگرتووەکانیان کرد بۆ یارمەتیدان لە بواری فراوانکردنی یارمەتیدانی تەکنیکی هەڵبژاردن و پشتگیری ڕاوێژکاری.



لە وەڵامدا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارنامەی ٢٥٧٦ی ساڵی ٢٠٢١دا بڕیاریدا بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی پتەو و بەهێز لە عێراق بە چوار پێکهاتەی سەرەکی لە ڕاسپاردەکەیدا: (١) یارمەتی تەکنیکی، (٢) چاودێری ڕۆژی هەڵبژاردن، (٣) پەیوەندی ستراتیجی،و (٤) هەماهەنگی چاودێرانی لایەنی سێیەمی نێودەوڵەتی کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بانگهێشت کراون.

بۆ بەردەوامیی ئەرکەکانی خۆی و ڕاسپاردەکانی، یونامی لە سەرەتای چارەکی ساڵی ٢٠٢٠ دا تەکنیکی فراوانکراوی هەڵبژاردەنکانی داڕشتبوو و دانابوو بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی دادپەروەرانە. بەهۆی ئەو یارمەتیانەی کە لەلایەن چەند وڵاتێکی ئەندامەوە بەدەست گەیشتن و لەگەڵ یارمەتییەکانی **UNDP** لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ەوە ژمارەیەکی زیاتری ڕاوێژکاری هەڵبژاردن لە عێراقدا دەستیان بە کارکردن کرد. ئەم ڕاوێژکارانەی هەڵبژاردن هەم لە بارەگای سەرەکی و هەم لە ناوەندەکانی هەرێم بڵاوکرانەوە و هاوکاریی تەکنیکی و ڕاوێژکارییان پێشکەش بە هاوتاکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کرد لە ئۆفیسی نیشتیمانی و فەرمانگەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا. لە ١ی تشرینی یەکەم، نەتەوە یەکگرتووەکان ١٦٠ کارمەندی یارمەتی تەکنیکی هەڵبژاردنی لە عێراق هەبوو، کە ٤٩ کەس لە ئەندامانی نێودەوڵەتی و ١١١ کارمەندی نەتەوەیی بوون، ئەمەش پێنج ئەوەندەی هاوکارییە تەکنیکییەکانی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ بوو. بوارەکانی هاریکاریی هەڵبژاردن بریتی بوون لەپشتیوانی بۆ پەرەپێدانی ڕێنمایی و ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردن بۆ، ئینتەر عالیە، پاڵاوتن و تۆمارکردنی کاندیدەکان، بانگەشەی هەڵبژاردن، هەماهەنگی مەیدانی، لۆجستی، ئەنجامەکان و نمایشکردنی ئەنجامەکان و پرۆسەکردن و دادگایی. یونامی بەشداری کرد لە دامەزراندن و ڕاهێنانی ستافی دەنگدان و گەشەپێدانی کەمپینێکی نوێی و گشتگیری گشتی و ڕێنوێنی لەسەر میدیا و تۆماری دەنگدەران و ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی (ڤایرۆسی کۆڕۆنا) پێوانەکانی هێورکردنەوە و دابینکردنی کەرەستەکانی هەڵبژاردن لێکدانەوەکان لە پێش ڕۆژی هەڵبژاردن و پشتگیریکردن بۆ ئەنجامدانی وردبینی سەربەخۆ بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان.

لەسەرووی ئەمانەش، یونامی، بە هەماهەنگی لەگەڵ **UNOPS**، هەستا بە کۆکردنەوە و ڕاسپاردنی سەدان کارمەندی بۆ گەیاندنی فەرمانەکانی چاودێری ڕۆژی هەڵبژاردن. یونامی و **UNOPS** ١٥٠ پسپۆڕی هەڵبژاردنی نێودەوڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و نزیکەی ٥٥٠ کارمەندی پشتیوانی نەتەوەییان لە پێش و لە ڕۆژی هەڵبژاردندا بڵاو کردەوە و ڕاسپارد.

بڵاوەپێکردنی چاودێران بە سێ قۆناغ بوو، یەکەمیان بریتی بوو لە ڕاسپاردنی تیمێکی ئامادەکار دوو مانگ پێش هەڵبژاردنەکان بۆ بەغدا بەمەبستی پەرەپێدانی میتۆدۆلۆجی و دەستکردن بە ئامادەکارییە پێویستەکان. چوار هەفتە پێش هەڵبژاردنیش پێنج تیمی هەرێمیی بڵاوەیان پیکراو ڕاسپێردران لە بەغدا و بەسڕە و کەرکوك و موسڵ و هەولێربۆ ئامادەکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ شارەزاکردنی کارمەندە کورتخایەنەکان لەکاتی دامەزراندنی ئامادەبوونی چاودێری لەبوارەکانی بەرپرسیارێتیدا.

شارەزایانی هەڵبژاردنی نەتەوە یەکگرتووەکان هەفتەیەك بەر لەهەڵبژاردنەکان گەیشتن و لەهەر ١٨ پارێزگاکەدا بڵاوکرانەوە لە ڕۆژی دەنگدانی تایبەتدا سەردانی ٧٩ بنکەی دەنگدانیان کرد لە ٢٥ ناوەندی دەنگدان. هەروەها لە ڕۆژی هەڵبژاردنی گشتیدا شارەزایانی نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێری ١١٠٨ بنکەی دەنگدانیان کرد لە ٣٠١ بنکەی دەنگدان لە هەر ١٨ پارێزگاکەی عێراق. یونامی هەروەها هەڵمەتە ستراتیژییەکەی پەیام و هەماهەنگی چاودێرانی لایەنی سێیەم گەیاند کە سێیەم و چوارەم توخمی ڕاسپاردەی هەڵبژاردنەکەی بوون بۆ ساڵی ٢٠٢١ چەندین هەڵمەت و چالاکی داهێنەرانە دەستیپێکرد کە ئامانجیان پەروەردەکردن و زانیاریدان و نوێکردنەوە.

دەنگدەرانی عێراق لەسەر ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردن و هەروەها چالاکییە پەیوەندیدارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوان هەروەها ئامانجیان لە دروستکردنی متمانەی گشتی و بڵاوکردنەوەی زانیاری و چارەسەرکردنی زانیاری هەڵە بوو.

بە هەمان شێوە یونامی لە ئامادەکارییەکانی بۆ بانگهێشتکردنی چاودێرانی نێو دەوڵەتی لایەنی سێیەم پشتگیری لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق کرد. یونامی هەروەها پەیوەندی بەحکومەتی عێراقەوە کرد بۆ دابینکردنی پاڵپشتی لۆجستی و ئەمنی کە یارمەتی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی و ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی و چەند باڵوێزخانەیەك دەدات بۆ بڵاوبوونەوە و کارکردنیان لەناوچە جیاجیاکانی عێراق.



هەموو ئەم هەوڵانە لە ڕاپۆرتێکدا کە لەلایەن سکێرتێری گشتییەوە پێشکەشکراوە سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ٢٠٢١ دا وەکو دۆکیۆمێنت پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایش کراوە لە ٨ ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١ دا. ڕاپۆرتەکەی سکێرتێری گشتی داواکاری ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی کورتکراو و پوخت لەسەر هەڵبژاردنەکانی ١٠ی تشرینی یەکەم دوای مانگێك لەهەڵبژاردنەکان جێبەجێ و پەسەندکرا.

**لەدیدی تۆدا گەورەترین ئاڵنگاری چی بوو لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا؟**

بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە ساڵی ٢٠٢١دا دەکرێت ئەو ئاڵنگارییانە کورتبکرێتەوە بۆ دوو خاڵ (١) ڕێکخستنی پرۆسەی دەنگدان، بەڕێوەبردنی پرۆسەی دەنگدان بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ لەگەڵ بوونی مەترسییەکانی کۆڤید-١٩ وە (٢) جەماوەر پرۆسەی هەڵبژاردن وەك ئەوە دەبینێت کە ببێتە هۆی قبووڵکردنی بەرفراوانتر لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن.

بۆیە پشتگیری یونامی بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق بە مەبەستی ئامادەبوونی تەواو بوو لەسەر هەموو بوارەکانی ئامادەکاری تەکنیکی و کرداری و لە هەمان کاتدا پشتگیری لە جێبەجێکردنی دەستپێشخەری پەیوەندیە دەرەکیەکان کە ئامانج لێی دروستکردنی متمانەی گشتیە لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکە. دوابەدوای ڕێنوێنی یەکانی یونامی، ڕێکارەکانی ڕێگریکردن و کەمکردنەوەی مەترسی تووش بوون بە ڤایرۆسی کۆڤید-١٩ دانرا بوو بۆ هەموو ستافی هەڵبژاردن و بریکارەکانی حزبی سیاسی و چاودێران و سەردانکەران و دەنگدەران.

جێگای ئاماژەیە، کە سەرکردایەتی ئێستای کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەم بوارەدا پێشوازییەکی باشیان کرد و هاوکاری و پاڵپشتی و هەماهەنگییەکی باشیان پێشکەش کرد. ئەوان زۆر بەباشی پێشوازییان لە ڕێنماییەکان و ڕاوێژە تەکنیکییەکان کرد و پێش دانی هەر بڕیارێکی گرنگ دەگەڕانەوە بۆ ڕێنماییەکان و ڕاوبۆچوونی نەتەوەیەکگرتووەکان لەمبارەیەوە.

بە هەمان شێوە جێی سەرنجە کە زۆربەی ئەو ئامۆژگاریانەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا پێشکەش کرابوو بەهەند وەرگیران، لەوانە ئەنجامدانی وردبینییەکی سەربەخۆ لە سیستەمی IT هەڵبژاردن، خستنەگەڕی چەندین چالاکی هاوشێوەسازی بۆ تاقیکردنەوەی بەڕێوەبردنی سیستەمەکان هەروەها ئەو بەشداریە جۆراوجۆرانەی کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق بە درێژایی پرۆسەکە گرتبوویانەبەر. ئەو هەڵمەتە گشتیەی کە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢١ دەستیان پێکردبوو لە بواری و فراوانی و داپۆشینی ناوچەو بنکەکان بێوێنە بوون.

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە پاڵپشتی یونامی، ڕێگەیەکی نوێ و سەرنج ڕاکێشیان پەیڕەو کرد بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و بەجۆرێك بوو کە دەگونجا لەگەڵ ئافرەتان و لاوان و ئاوارەکانی ناوخۆیی و کەمئەندام و چاودێرەکان و سەربازەکان و هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵگا. زانیارییەکان هۆشیاری هەڵبژاردنەکان لە ڕێگەی کەناڵەکانی تەلەفیزیۆنی نەتەوەیی و مێدیای کلاسیکی و سۆشیا مێدیا و چەندین چالاکی ترەوە ڕاستەوخۆ بڵاو کرانەوە و گەیێنرانە خەڵکی عێراق. هەروەها ٤٧ پرۆژە لە ٣٢ ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی (CSOs) کە لە ڕێگەی دەستپێشخەریی تێچوویەکی نزمی UNDP بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری هەڵبژاردن لە نێو دەنگدەران تەرخانکرا، کە یارمەتیدەربوون لە بڵاوکردنەوەی پەیامی هۆشیاری زیاتر، لەگەڵ چالاکی ڕاستەوخۆ و ئۆنلاین کە لە هەر ١٩ پارێزگا جێبەجێکران و بڵاوکرانەوە.

کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە ئاساییەکان و هەروەها چاوپێکەوتنەکان لەلایەن کۆمیسیۆن و یونامیەوە ڕێکخرابوون، هاوکات هەڵمەتە جۆراوجۆرەکانی وەك (#دەنگ دەدەم و #دەنگم دا) لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ کارلێك لەگەڵ دەنگدەراندا بکەن. زیاتر لە ٢٠٠ ڤیدیۆی ئەنیمەیشن و ئینفۆگرافیا جگە لە ژمارەیەکی زیاتر لە پۆستەکان و ژمارەیەکی زۆر ڤیدیۆی بەرهەمهێنراو لەلایەن GEOs ەوە بە یارمەتی یونامی پەرەی پێدرا و بۆ یەکەم جار لێکدانەوەی زمانی هێما بەکارهێنرا کە لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان خرایەڕوو.

کۆنفرانسەکانی ڕاگەیاندنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق، بارودۆخ




و تەواوی پرۆسەی ژماردنی دەستی لە سەر پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕوماڵکرد. هەروەها سیستەم و چالاکیەکان دانران و ڕێکخران بۆ بەرپەرچدانەوەی قسەی ڕق و قین و زانیاری و هەواڵی ساختە و تەنانەت هێرشکردن بۆ سەر کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق،لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و لە ڕێگەی ڕێنماییەکانی میدیاوە بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق دانرابوون. یەکێك لەو ئاڵنگارییە سەرەکییانەی کە دامەزراوەکە لە سەرەتای پرۆسەکەدا ڕووبەڕووی بوویەوە بریتی بوو لە دووبارە بنیاتنانەوەی متمانەی گشتی – کە دواتر بە سەرکەوتوویی بەسەر هەموو ئەو هەولانەدا زاڵ بوو.

سەرەڕای گشت هەوەکان بەڵام هێشتا ناوچەی واهەبووە کە کێشەی تێدا سەرهەڵداوە و ڕێکخراوەکەی توشی ئاڵنگارییەکی زۆر کردۆتەوە لەکاتی هەڵبژاردندا. بە پشتیوانی یونامی، بۆ باشترکردنی میکانیزمەکانی چارەسەری ناکۆکیی هەڵبژاردن، هێشتا ناوچانەی وا هەن کە پێویستە چارەسەریان بۆبدۆزرێتەوە و ئەم ناوچە ناکۆکانە تەنها پێویستی بە هەموارکردنەوەی تەکنیکی نیە بەڵکو پێویستی بە پێداچوونەوەی یاسایی زیاتر هەیە. بە ڕاستی ئەمە. بوونی هاوکاریی و هەماهەنگی تەواو لە نێوان کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و دەستەی دادوەری هەڵبژاردن سوودێکی زۆری دەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەری ئەو ئاڵنگاری و ڕێگرییانەی کە دێنە ڕێگای هەڵبژاردن. یونامی یارمەتی و هانی ئەو هاوکاریانەی دا و کەلە ڕاستیدا تەنانەت دانیشتنێکی پوختەی بۆ ئەندامانی **EJP** ئەنجام دا کە دەستپێشخەرییەکی پێشەنگانەیە. بەڵام لەوانەیە پێویست بکات گرنگییەکی زیاتر تەرخان بکرێت بۆ زیاتر بەهێزکردنی پرۆسەی دادگاییکردنی ناکۆکی هەڵبژاردنەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو.

## چاوەڕوانیتان چیە لەسەر بەرنامەی هەڵبژاردن بۆ ساڵی ٢٠٢٢ چیە؟

هەروەك لەلایەن سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە ئاژماژەی پێدرا لەدیداری ڕاوێژکاریی کە ئەنجامدرا لە مانگی کانونی یەکەمی ٢٠٢١ لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتانی ئەندام کەبەشداری پرۆژەی هەڵبژاردن دەکەن گرنگە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بەردەوام بێت و لەسەر دەستکەوتەکانی ئەزموونی هەڵبژاردن. دەستبەجێ دوای هەڵبژاردن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پرۆسەیەکی فێربوونی وانەکان دەست پێ دەکات بۆ وەرگرتنی دەستکەوتەکان و سەیرکردنی وانەکان و دەستنیشانکردنی ڕاسپاردەکان بۆ پەرەپێدانی زیاتری تواناکان بۆ ڕێکخستنی هەڵبژاردنی داهاتوو. سەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردن جەختیکردەوە کە بە لەبەرچاوگرتن بە ڕاستیەکانی عێراق، گرنگە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و یونامی وەکو هاوبەشێکی سەرەکی بمێننەوە و بە درێژایی ئەم پێشکەوتنە توانایە ئامادەبن. سەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردن جەختیکردەوە کە بە لەبەرچاوگرتن بە ڕاستیەکانی عێراق، گرنگە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و یونامی هاوبەشێکی سەرەکی بمێننەوە و بە درێژایی ئەم پێشکەوتنانەی کە ڕوودەدەن لە تواناکان. هەروەها چوار کاری پێشینەیی گرنگی دیاریکرد بۆ ئەوەی کاریان لەسەر بکرێت و کێشەکان چارەسەر بکرێن ئەانیش بریتین لە؛ دەستنیشان کردنی کێشەکانی پەیوەندیدار بە تۆماری دەنگدەران، باشترکردنی ژێرخانی هۆشیاریی هاوڵاتیان و بەرنامە و سۆفتوێرەکانی هەڵبژاردن بۆ باشتر بەڕێوەبردنی ئەنجاماکەنای هەڵبژاردنەکان، باشترکردنی چاودێری گشتی، وە پێداچوونەوەی زیاتر بۆ چوارچێوەی یاسایی و ڕێکخەری بۆ هەڵبژاردنەکان، ئەمەش بۆ جارەسەرکردنی ناکۆکی یەکانی هەڵبژاردنەکان.

وەك ڕاوێژکاری سەرەکی هەڵبژاردن و بەڕێوەبەری یارمەتی هەڵبژاردنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەمان کۆڕدا ڕایگەیاند کە تیمی هەڵبژاردنی نەتەوە یەکگرتووەکان بە تەواوی تەرخان دەکرێت و ئامادەدەبێت بۆ کارکردن لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لەسەر ئەم بابەتانە لە ساڵی ٢٠٢٢. بەپاڵپشتی کۆمەککەران پرۆژەی هاریکاریی هەڵبژاردن تا کانونی یەکەمی ٢٠٢٢ درێژکرایەوەو چالاکییەکانی پرۆژەکەش بەئاراستەی پەرەپێدانی تواناکان تەرخان دەکرێت و بەپشتیوانی شارەزایی بەردەوام هەردوو فەرمانگەی نیشتمانی و مەیدانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان. یونامی لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکاندا پێکەوە کاردەکات لەسەر بەردەوامبوونی وانەکانی فێرکاری پێویست لە دوای هەڵبژاردنەکانیش هەروەها جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردەکانی پەرەپێدانی تواناکان.

سەرەڕای ئەم هەوڵانە بۆ بەرزکردنەوەی تواناکان، لێرەو لەوێ دەنگۆی ئەگەری هەڵبژاردنی ناوچەیی یان هەرێمی هەیە لە ساڵی ٢٠٢٢ یان ٢٠٢٣ لە عێراقدا. بڕیارە ئەمساڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێت. لەسەرتاسەری وڵات، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش هەیە کە لە ساڵی ٢٠١٧ەوە دواخراوە.

پێویستە پەرلەمانی نوێی عێراق باشترین ڕۆڵی خۆی بگێڕێت بۆ بڕیاردان لەم بارەیەوە هاوکات هەوڵەکانی یارمەتیدانی هەڵبژاردنی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام دەبێت لە جەختکردنەوە لەسەر پەرەپێدانی تواناکان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو کە بە سەرکردایەتی عێراق و بە خاوەندارێتی عێراق بێت.




# نووسینگەی مافی مرۆڤ

## چاوپێکەوتن لەگەڵ

**بەرپرسی نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی و نوێنەری نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆمیساری باڵای مافەکانی مرۆڤ**

# خاتوو دانییێل بێڵ



**دەسەڵاتەکانی مافی مرۆڤ لە یونامی چیە؟**

نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی (نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی) بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی مافی مرۆڤ و ئەرکەکانی بەپێی بڕیارنامەی ٢٥٧٦ی ئەنجومەنی ئاسایش (٢٠٢١). هەروەها ئەو بڕیارانەی کەپێشتر بۆ "بەرزکردنەوەی لێپرسینەوەو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و چاکسازی دادوەری و یاسایی و ڕێزگرتنی تەواوی سەروەریی عێراق لەپێناو بەهێزکردنی یاسای یاسا و پێشخستنی حوکمڕانی لەعیراقدا"درابوون. لە ساڵی ٢٠٢١دا نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی بەردەوام بوو لە پشتگیریکردنی هەوڵەکانی حکومەت بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە مافی مرۆڤی تاکەکانی عێراق بپارێزرێن و جێ بەجێ بکرێن. نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی بە شێوەیەکی بنیاتنەرانە لەگەڵ حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق بەشداری کردووە بۆ بەرزکردنەوەی هەوڵە هاوبەشەکان بۆ ڕێوشوێنی یاسادانان و دامەزراوەیی و سیاسی، بۆ بەرزکردنەوەی ڕێز بۆ مافەکانی مرۆڤ و زیادکردنی پەیوەندی لەگەڵ میکانیزمەکانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**لە ساڵی ٢٠٢١دا ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق چۆن پەرەی سەند؟**

لە ساڵی ٢٠٢١دا لە نێوان پەرەسەندنی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و ئەمنیدا خەڵکی عێراق بەردەوام بوون لە داواکردنی چاکسازی دامەزراوەیی و دەستگەیشتن بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان لەوانە باشتربوونی دەستەبەری پەروەردەیی و

تەندروستی و ئاو و هەلی کاری باشتر.

ئەو خۆپیشاندانانەی لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩دا دەستیپێکردبوو، بە درێژایی ساڵی ٢٠٢١ بەردەوام بوون، هەرچەندە ڕێژەی خۆپیشاندەرانو چالاکییە نارازییەکان کەمتر بوون بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٩. داواکاریی ڕوونکردنەوە و وەڵامدانەوە بۆ دیاری کردنی چارەنووسی ئەو کەسانی کە لە خۆپیشاندانەکان دەستبەسەر کران، ئەوانەی کە کوژران و ئەوانەی کە ڕفێندران و داوایانکرد کە دەستبەسەرکراوەکان ئازادبکرێن و چارەنووسی ئەوانی دیکەش دیار بکرێت و ئاشکرا بکرێت. هەرچەندە حکومەتی عێراق هەنگاوی گرنگی ناوە، بەڵام هێشتاش بابەتی ئازادی رادەربرین و ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات و وەڵامدانەوە بۆ داوای هاوڵاتیان هێشتا وەکو یەکێك لە ئاڵنگاری و کێشە سەرەکییەکانی عێراق ماوەتەوە.

هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش دەستگیرکردن و دادگاییکردنی ناڕەوا و سزادانی چالاکوانان بەبیانووی ئەوەی کە سەرپێچی یاساییان کردووە نیگەرانیی جدیی سەبارەت بە مافی ئازادی ڕادەربڕین و کۆبوونەوەی ئاشتیانەی لێکەوتەوە.

لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەران ئەنجامدرا نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی لە هەموو قۆناغەکانی هەڵبژاردنەکەدا چاودێریی لایەنەکانی مافی مرۆڤی هەڵبژاردنەکانی کرد. ئەنجومەنی نوێنەرانی تازە هەڵبژێردراو و پێکهێنانی حکومەتی نوێ، دەرفەت بۆ عێراق دەڕەخسێنێت بۆ خێراکردن لە پەسەندکردنی یاسایە هەڵپەسێردراوەکان لەوانە پڕۆژە یاسای دژە توندوتیژی خێزانی و یاسای دژە ئەشکەنجە و یاسای ئازادی ڕادەربڕین.

**نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی چی کردووە بۆ بەرزکردنەوەی پاراستن بۆ ئازادی ڕادەربڕین و مافی کۆبوونەوەی ئاشتیانە؟**

پاراستنی ئازادییە بنەرەتییەکانی ڕادەربڕین و مافی گردبوونەوەی ئاشتییانە لە پێشینەی کاری سەرەکی نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی یە کە بەشدارە لە زیادکردنی چاودێری و ڕاپۆرتدان لەسەر کوشتنی ئامانجدار و ڕفاندن و هەڕەشە و گێچەڵکردنی چالاکوانان و داکۆکی کردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان. یونامی لە ٣٠ی ئایاری ٢٠٢١ ڕاپۆرتێکی گشتی بڵاوکردەوە، بۆ نوێکردنەوەی دوایین هەواڵ لەبارەی خۆپیشاندانەکانی عێراق: بەرپرسیارییەتی شکاندن و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن پێکهاتە چەکدارە نەناسراوەکانەوە، ڕاپۆرتەکەدا تیشك خرایە سەر ئەو هەنگاوانەی کە دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ دڵنیابوون لە لێپرسینەوە لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە چوارچێوەی توندوتیژییەکانی پەیوەندیدار بە خۆپیشاندانەکانەوە وە جەختیان لەسەر هاندانی زیاتر کردەوە بۆ خستنەگەڕ هەوڵی زیاتربەمەبەستی کۆتایی هێنان بە کرداره کوشتنە ئامانجدارەکان و وبێسەروشوێن کردنی خۆپیشاندەران و ڕەخنەگران لەلایەن پێکهاتە چەکدارە نەناسراوەکانەوە. پێشنیارەکانی ڕاپۆرتەکە هانی خستنەگەڕی هەوڵی زیاتر دەدات لە بوارەکانی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە و پاراستن.

وەك بەشێك لەهەوڵەکان بۆ بەرزکردنەوەی بەرپرسیارێتی لەچوارچێوەی خۆپیشاندانەکاندا، لەمانگی کانونی یەکەمی ٢٠٢١دا نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی مەشقی تواناسازی ڕێکخست بۆ ئەندامانی لیژنەی بەپرسیار لە بەدواداچوون لە دۆزینەوەی ڕاستی کە لەلایەن سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە دامەزراوە بۆ دابینکردنی پشتیوانی تەکنیکی بەئامانجی بەرزکردنەوەی توانای ئەندامانی FFC بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوان و پێشێلکارییانەی کە لەکاتی خۆپیشاندانەکەدا ئەنجامیان داوە.

**چی کراوە بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە ئیدارەی دادوەریدا؟**

لە ساڵی ٢٠٢١دا نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی بەردەوام بووە لە جێبەجێکردنی بەرنامەی چاودێریکردنی دەستگیرکردن و دادگاییکردن بۆ چاودێریکردن و دڵنیابوون لە ڕادەی پابەندبوون بە گەرەنتیەکانی جێبەجێکردن و پاراستنی گیراوەکان بەپێی ستانداردی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە بۆ یارمەتیدان بۆ ڕێگرتن لە دەرکەوتنی سکاڵای نوێ وئەوکردارانەی کە دەبنە هۆی بەهێز بوونی داعش لە عێراقدا. یونامی لە مانگی ئابی ٢٠٢١دا بە هاوبەشی لەگەڵ نووسینگەی سەرۆکی باڵای مافی مرۆڤ ڕاپۆرتێکی بەناونیشانی مافەکانی مرۆڤ لە بەڕێوەبەرایەتی داد لە عێراق بڵاوکردەوە: مەرجە یاساییەکان و پاراستنە سەرەتاییەکان بۆ ڕێگەگرتن لە ئەشکەنجە و خراپ مامەڵەکردن. ئەم ڕاپۆرتە، ماوەکانی ١ی تەمووزی ٢٠١٩ بۆ ٣٠ی نیسانی ٢٠٢١ دەگرێتەخۆی، ڕاپۆرتی بڕواپێکراو و پشتڕاستکراو سەبارەت بە مافی مرۆڤ و زیندانیەکان و ستانداردە سەرەکی یەکان بەبەڵگەکراون و هەڵگیراون. بەرپرسیارەتی سنوردارکردنی ئەشکەنجەدان و خراپ هەڵسوکەوتکردن لە راپۆرتەکەدا ئاماژەی پێدراوە وئەم ڕاپۆرتە. شیکردنەوەیەك بۆ هۆکارەکانی مەترسی بۆ ئەشکەنجەدان و خراپ مامەڵەکردن لە کاتی لێپرسینەوەدا لە گرتووخانەکان و لەمبارەیەوە بە مەبەستی بەهێزکردن و باشترکردنی بە دەنگەوە چوونی حکومەت بۆ کرداری ئەشکەنجەدانی گرتووەکان. دوابەدوای بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکە، نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی لەگەڵ دەسەڵات و کۆمەڵگای مەدەنی و پارێزەرانی عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراق خەریکی گفتوگۆ و داکۆکی بوو لەسەر پاراستنی مافی رادەربڕین.

لە مانگی ئەیلول دا، نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی هەڵمەتێکی میدیای کۆمەڵایەتیی ئۆنلاین دەستپێکرد بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی مافەکانی مرۆڤ لە سیستەمی دادوەری تاواندا، بە پێوەری دادپەروەرانە بۆ پشتگیریکردنی هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدانی گرتووەکان. نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی، بە هاوبەشی لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای دادوەری، هەڵدەستێت بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەی پەرەپێدانی ڕێنماییەکان بۆ دەستەبەرکردنی

**لە ساڵی ٢٠٢١دا لە نێوان پەرەسەندنی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و ئەمنیدا خەڵکی عێراق بەردەوام بوون لە داواکردنی چاکسازی دامەزراوەیی و دەستگەیشتن بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان لەوانە باشتربوونی دەستەبەری پەروەردەیی و تەندروستی و ئاو و هەلی کاری باشتر**

مافە سەرەکیەکانی گومانلێکراوان، تۆمەتباران و دەستگیرکراوەکان.

**نووسینگەکەتان چ ڕۆڵێکی بینیوە لە ئاراستەکردنی نیگەرانییەکان سەبارەت بە ئازادی ڕادەربڕین لە کوردستان؟**

نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی بەردەوام بوو لە دۆکیومێنتکردنی سنوردارکردنی ئازادی دەربڕینی ئەو ڕەخنە و ناڕەزاییانەی بەرامبەر بە دەسەڵات و نیگەرانی خۆی دەربڕێت سەبارەت بەو ڕێوشوێنە سنوردارانەی کە لەهەرێمی کوردستان بەرامبەر بە چالاکوانانی تاك. داکۆکیشی لەحکومەتی کوردستان کرد بۆ پاراستنی مافی ئازادی ڕادەربڕین و چالاکوانان و ڕۆژنامەنووسان. یونامی ڕۆژی ١٢ی ئایاری ٢٠٢١ ڕاپۆرتێکی گشتی ئازادی ڕادەربڕین لەهەرێمی کوردستانی عێراق بڵاوکردەوە.لە ڕاپۆرتەکەدا هەستاو بە دۆکیۆمێنت کردنی کرداری سنووردارکردنی نایاسایی مافی ئەوانەی دەنگی ڕەخنەیان بەرزکردۆتەوە دژی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان یان سیاسەتەکانی لە ماوەی ئاداری ٢٠٢٠ تا نیسانی ٢٠٢١. ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوەکردووە، کە ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانان و ئەوانی دیکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکیانە و پێشێلکاریی بەرامبەر بە مافەکانیان کراوە بە بەکارهێنانی هەڕەشە و/یان شێوازەکانی تری فشار و تۆقاندن. نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان گفتۆیان کرد بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوە بدات لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان بکات. ڕۆژی ٢١ی کانوونی یەکەم، یونامی/ نووسینگەی کۆمیساری باڵای مافەکانی مرۆڤ مافی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕینی ئازاد بڵاوکردەوە: دادگاییکردن لە هەرێمی کوردستانی عێراق. ڕاپۆرتەکە لەچوار کەیسی بەرجەستەدا لەدادگای تاوانەکانی هەولێر لێکۆڵینەوە لەدادگای

دادوەری تاوان دەکات سەبارەت بەکەسانی ناسراو و بەڕەخنەی گشتیان لەسەر دەسەڵات. شیکردنەوەیەکی بە بەڵگەوەو لەسەر بنەمای دادوەری ئیداری لە کوردستان و هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەو مەترسیانە ئەنجام دەدات کە ڕووبەڕووی تاکەکان دەبنەوە لەوانە هاتنە ناو ململانێ لەگەڵ یاسادا بۆ پیادەکردنی مافی ڕەوای ئازادی ڕادەربڕین.

لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٢١دا نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاسایشی دیجیتاڵی و مافی دیجیتاڵی خۆی کرد و پێنج ڕاهێنانی لەسەر مافەکانی مرۆڤ لەسەر کارلێککردن لەنێوان مافەکانی مرۆڤ و مافە دیجیتاڵییەکان و هەروەها ئاسایش و پاراستنی بۆشایی شارستانی. گروپێك کە پێك دێت لە نزیکەی ٢٠٠ پارێزەری مافی مرۆڤ و بلۆگەران و ڕۆژنامەنووسان، لەوانە ئەوانەی کە بەشدارن لە بەرزکردنەوەی مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی **LGBTQI** سوودیان لەو ڕاهێنانە وەرگرتووە هەروەها ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ٢٠٢٢دا فراوان دەبێت.

**نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی چ ڕۆڵێکی بینیوە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە گروپە زیانلیکەوتوو لە کاریگەرییەکانی کۆڤید-١٩؟**

کاریگەرییە نەرێنی و وێرانکەرەکانی کۆڤید-١٩ لە ساڵی ٢٠٢١دا بەردەوام بوو لەسەر کۆمەڵگای عێراقی. زیانلێکەوتووەکان، وەکو؛ ئافرەت، منداڵ، کەمایەتییەکان و ئاوارەکانیی ناوخۆی وڵات، بە شێوەیەکی جیاواز و نایەکسان دووچاری کاریگەرییەکانی پەتاکە ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسەکە بوون. لە ماوەی گەیشتنی ڤایرۆسەکە بە عێراق و بڵاوبوونەوەی لە وڵاتدا، لە ئێستادا گێچەڵی کۆمەڵایەتی و جیاکاری لە دژی ژنان و منداڵان، بەتایبەتی توندوتیژی خێزانی و مەترسییەکانی سەر پاراستنی کۆمەڵگە کەمینەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، ئەمەش بارودۆخی خۆپارێزی لە ڤایرۆسەکە و جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی پێشگرتن لە ڤایرۆسەکە سەختتر دەکات. لەم بارودۆخە شڵەژاوەدا بەهۆی کاریگەرییەکانی ڤایرۆسی کۆڤید١٩ کۆمەڵگا کەمایەتییەکان تووشی بۆشایی پاراستن بوون و زیاتر پەراوێزخران.

لە نێوان مانگی ئازار و حوزەیرانی ٢٠٢١، نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی هەڵمەتێکی میدیایی کۆمەڵایەتیی بەهێزی دروستکرد، لەگەڵ ڕێککەوتن و کارپێکردنی ١٥ گرافیك دیزاینەری نوێ بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەسەر کاریگەری پەتاکە لەسەر ژنان و کۆمەڵگە کەمینەکان. نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی، بە هاوبەشی یونیسێف، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ئاژانسەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان، هەڵمەتێکی تایبەتیان دەستپێکرد بۆ بەهێزکردنی پێوانەکانی پاراستنی تەندروستی، هاندانی تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ بەستنی ماسکی دەموچاو لە ڕێگەی نۆ وێنەی گرافیکی و دوو گۆرانی شێوازی ڕاپ (هیپ هاپ) هەڵمەتەکە بەتەنیا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی یونامی بەلایەنی کەمەوە




گەیشتە ١٦٠,٠٠٠ بینەر. لەماوەی ئەیلول و تشرینی یەکەمی ٢٠٢١دا شەش ڕێکخراوی ناحکومی عێراقی هاوبەشیان لەگەڵ نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی کرد بۆ ئاگادارکردنەوەی کەمە نەتەوەکانی عێراق بە زمانی خۆیان لەسەر کاریگەری مافەکانی مرۆڤ لە ڤایرۆسی کۆڕۆنا پشتگیری لە پێوانەکانی پاراستنی تەندروستی و پێویستی و گرنگی ڤاکسین لێدان. کەمپەینی هۆشیارکردنەوە بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی ١٧٠٠٠ پۆستەری وەرگێڕدراو بۆ شەش زمانی کەمینەکان لە عێراق - سریانی (مەسیحی)، ئاڤێستا (زەردەشتی)، کرمانجی (یەزیدی)، ماندیان (سابیئەی مەندایی)، تورکمان (تورکمان) و ماچۆ (کاکەیی). یونامی ئۆنلاین، وێنەی گرافیکی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هانی خەڵکی گشتی دا بۆ وەرگرتنی ڤاکسین و پابەند بوون بە وەرگرتنی ژەمە ڤاکسینەکان و بەرپەرچدانەوەی دەنگۆ و زانیارییە هەڵەکان سەبارەت بە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ڤاکسینەکان.

**نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی چۆن پشتگیری حکومەتی عێراقی کرد لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی سەبارەت بە بێسەروشوێنکراوەکان؟**

بابەتی بێسەروشوێنکراوەکان و چارەنووسیان، بابەخێکی زۆر جدییە بۆ مافەکانی مرۆڤ لە عێراقدا هەم لە ڕابردوو و هەم لە ئێستادا. لەپشتیوانی ئەو هەوڵانەی کەحکومەتی عێراق ئەنجامیان داوەوە بۆ بەرزکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بێسەروشوێنکراوە کان (**CED**)، نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی لە ١٥ بۆ ١٦ی تشرینی دووەم مەشقێکی دوو ڕۆژەی بۆ ٢٥ بەرپرسی عێراقی ڕێکخست ئەو ڕاهێنانە لەلایەن سێ پسپۆڕی نێودەوڵەتیەوە پێشکەش کران کە دوو ئەندامی لیژنەی بێسەروشوێنکراوەکان بوون، پلاتفۆڕمێکیان بۆ باسکردنی پابەندییە نێودەوڵەتیەکانی عێراق سەبارەت بە بێسەروشوێنکراوەکان خستەڕوو.

بۆ بەرزکردنەوەی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەپاراستنی هاوڵاتیان لە تاوانی بێسەروشوێنکردن، هەر بۆ ئەم مەبەستە نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی لە ١٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١دا دانیشتنێکی ڕاهێنانی یەك ڕۆژەی جیای لەگەڵ ١١ ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکخست. بەشداربووان ڕازی بوون بە بەشداری کردن لە داکۆکیکردن و دەرکردنی یاسای نەتەوەیی بە تاوانکردنی کرداری بێسەروشوێنکردن و دابینکردنی میکانیزمێك بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کرداری بێسەروشوێنکردن لە میانەی هەنگاوەکانی تردا. لە ٣٠ی ئابدا، نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی هەستا بە ئاسانکاریی کردن بۆ ڕێکخستنی گفتووگۆییەکی مێزگردی خەیاڵی ئەلیکترۆنی لە نێوان ١١ چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە نەینەوا، لەگەڵ پێنج ژن بۆ بەرزکردنەوەی بەشداری چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر پاراستنی ئەو کەسانەی کە لە بێسەروشوێنکردنیان.

**ئۆفیسەکەتان چی دەکات بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی عێراق لەگەڵ میکانیزمەکانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان؟**

نووسینگەی مافی مرۆڤ لەگەڵ نووسینگەی سەرۆك کۆمار و بەشی مافی مرۆڤ لەوەزارەتی دادو وەزارەتی دەرەوە بەشداریکرد بۆ پشتگیریکردنی هەوڵەکانی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی میکانیزمەکانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و لەوانە پێداچوونەوەی خولیی جیهانی. بە پاڵپشتی دارایی لەلایەن نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامیەوە، پلانی کاری نیشتمانی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق لە مانگی تەمووزی ٢٠٢١دا دەستی پێکرد. پلانی کاری نیشتمانی کە لەلایەن وەزارەتی دادوە ئامادەکراوە و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند کراوە، هەوڵدەدات یاساداناني نیشتمانی لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ هاودەم بکات و سیاسەتی نەتەوەیی بۆ پاراستن بەهێز بکات هەروەها هەموو هەوڵێکی ئەوەیە کە مافەکانی مرۆڤ و بنیاتنانی توانای مافی



مرۆڤ لەناو دامودەزگا حکومیەکاندا پەرەپێبدات و تەرکیز بخاتە سەر پشتگیریکردنی جێبەجێکردنی پێشنیارەکانی میکانیزمەکانی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان. ڕێکخستنی گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەو ئەرکی هەمیشەیی عێراق لەجنێڤ بۆ دیاریکردنی بژاردەکان بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی پێداچوونەوەی خولی جیهانی بەپاڵپشتی سندوقی یارمەتیدانی تەکنیکی خۆبەخشی نووسینگەی کۆمیساری باڵای مافەکانی مرۆڤ.

**چ هەنگاوێکتان ناوە بۆ چارەسەرکردنی مافەکانی مرۆڤ بۆ ئافرەتان و کەمینەکانی عێراق؟**

نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی بەشداری دەکات لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کۆمەڵگەی کەمایەتی، نوێنەرەکانیان و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان، چالاککردنی هۆشیاری، پێوانەی پاراستن و پشتگیری بۆ کەمینەکان، ژنان و کچان. لە ڕێگەی کەمپەینی چاودێریی گونجاوەوە، نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی هەستا بە دۆکیۆمێنت کردنی هەموو ئەو ئاڵنگاریانەی کە هەڵبژاردنەکانی ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ لە هەموو قۆناغەکاندا ڕووبەڕووی لایەنە کەمینەکان و کاندیدە ئافرەتەکان بوویەوە.

لە ساڵی ٢٠٢١دا پاراستنی ژنان و کچان لە توندوتیژی خێزانی باوەڕۆکی هەوڵەکانی داکۆکیکاریدا بوو. یونامی لە ٢ی ئادار فیلمێکی کورتی بە ناوی "شکاندنی بێدەنگی" بڵاوکردەوە وەکو دەستپێشخەرێکی داکۆکیکار بۆ سەرزەنشتکردنی تاوانی توندوتیژی خێزانی لە عێراق و بە فەرمیکردنی سیستەمێکی پشتیوانی کاریگەر بۆ ڕزگاربووان و بەرپرسیارکردنی ئەنجامدەران بۆ ئەو تاوانانەی ناو ماڵ و خێزانەکان ئەنجام دەدرێن.

هەڵمەت و چالاکییەکانی نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی ٢٠٢١ لە ماوەی ١٦ ڕۆژی خەباتی دژ بە توندوتیژی ڕەگەزی ئاڵوگۆڕی بەردەوامی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵ هاوتاکانی حکومەت زیاتر کرد بەمەبەستی بەهێزترکردنی داکۆکیکردن لەتاوانبارانکردن و شەرمەزارکردنی کردارەکانی توندوتیژی خێزانی لەعێراقی فیدراڵدا هەروەها بە فەرمیکردنی سیستەمێکی پشتیوانی کاریگەر بۆ ڕزگاربووان و بەرپرسیارکردنی ئەنجامدەران بۆ ئەو تاوانانەی ناو ماڵ و خێزانەکان ئەنجام دەدرێن.

نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی بەردەوام بوو لە هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی جیاکاری و گێچەڵکردن لەسەر بنەمای ئایین یان نەژادی و هەژاری و ناسنامە و بەربەستەکانی تر پەراوێزخستنی کەمینەکان و ژنان لە بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی ناسنامە و گەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ژیان. لە ڕۆژی ٢١ی ئادار کە ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزییە، نووسینگەی مافی مرۆڤ ئیڤێنتێکی خەیاڵی/ ئەلیکترۆنی پشکنینی ڕێکخست کە ڕاوێژکاری پێکهاتە لە نوسینگەی سەرۆک وەزیران و کۆمیساری جیاکاری ڕەگەزی لە کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەیەکەوە لەم ئیڤێنتە کۆکردبوووەوە بۆ ئاڵوگۆڕکردن و بەهێزکردنی هەوڵەکانی داکۆکیکار لە وەڵامی بابەتی ئەمساڵ لە ژێر دروشمی "گەنجان لە دژی ڕەگەزپەرستی و جیاکاری" وەستاون.

بۆ دەستنیشان کردن و خستنە ڕووی ئەو کارتێکەرانەی کە لە پشت لاوازی کۆمەڵگاکاندان لەبەرامبەر پەیامە توندڕەوییەکانی داعش، نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی بەشداری کرد لە بەرزکردنەوە و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە کەمینە ئاینییەکان بۆ یارمەتیدانی گەیشتن بە پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی بۆ گشت لایەن و نەتەوەکان. لە ڕێگەی پرۆژەی گێڕانەوەکانی ئاشتییەوە نووسینگەی مافی مرۆڤ بەشداری و ڕۆڵی گەنجانی عێراقی بەرزکردەوە وەك هاندەرێك بۆ گۆڕانکاری ئەرێنی لە بنیاتنانی پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە پلاتفۆرمێکی فەرمیدیایی پەرەپێدا بۆ تیشك خستنە سەر نمونەکانی گێڕانەوەی ئاشتی گەنجانی ناوخۆ کە دەگەنە کۆمەڵگا ئاینی و ئیتنیکیەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و چۆن ئەم دەستپێشخەریانە بەشداری دەکەن بۆ بەهێزکردنی پێکەوەبەستی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی کەش و هەوای گونجاو بۆ یەکدی قبوڵکردن و تەحەمولی پێکەوەژیان لە عێراقدا.

**لە ٢٠٢٢دا کاری پیشینەیی یونامی بۆ مافەکانی مرۆڤ چیە؟**

لە ساڵی ٢٠٢٢دا نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی بەردەوام دەبێت لە پشتگیریکردنی حکومەتی عێراق و کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق بۆ بەرزکردنەوە و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ وەك ڕاسپاردەی ئەنجومەنی ئاسایش و بەپێی پابەندی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی. کاری پێشینەیی نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی لە ساڵی ٢٠٢٢ ئەمانەن؛

- پاراستنی فەزای مەدەنی و دێموکراسی و دروستکردنی ژینگەیەکی بەتوانا بۆ ئەکتەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران لەڕێگەی یاساو سیاسەتەوە بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکان،
- بەهێزکردنی یاسا و پێوەرە دادپەروەرانە دادگاییەکان لەڕێگەی پرۆسەیەکی چاکسازیی گشتگیری یاسایی و سیاسی و دامەزراوەیی بۆ زامنکردنی ڕێزگرتن لەپرۆسەی یاسایی نێودەوڵەتی و ستانداردی دادپەروەرانە،
- بەرزکردنەوەی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە شکاندن و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ وەکو؛ کوشتنی ئامنجدار و بەمەبەست و ڕفاندن و هەڕەشە و گێچەڵکردنی چالاکوانان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەنووسان و خۆپیشاندەران،
- پاراستن و بەرزکردنەوەی مافەکانی کەمینە ئایینی و ئیتنیکییەکان، هەمەچەشنیی و سیاسەتی گشتگیر و ناجیاکاری بۆ بەدیهێنانی پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە؛
- بەرزکردنەوەی پابەندبوون بەیاسای نێودەوڵەتی و دەستووری عێراق سەبارەت بەپرسیارێتی بەرامبەر ئەنجامدەرانی توندوتیژی خێزانی و ڕەگەزی و توندوتیژی سێکسی پەیوەست بەناکۆکی و پاراستنی مافەکانی ژنان و خستنەگەڕی ژنان لەپرۆسەی بڕیارداندا،
- پەرەپێدان و داکۆکیکردن لە پەسەندکردنی یاسادانان و سیاسەتەکانی پاراستنی هاوڵاتیان لە کاریگەرییەکانی توندوتیژی و نائارامی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لە کاتی ئۆپەراسیۆنی دژە تیرۆردا بە پابەندبوون بە نۆرم و ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ،
- پاراستنی ئەو منداڵانەی کە بەهۆی ناکۆکی و توندوتیژی و نائارامی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤەوە لە ئازادی بێبەشکراون.



# ئۆفیسی ڕێکخەری نیشتەجێکردن (RCO) - ئۆفیسی پشتگیری پەرەپێدان (DSO)

هەرچەندە چەند جارێك ناوەکەی گۆڕاوە، بەڵام ئەرك و کارەکانی **RCO_DSO** بە ناوەند و ناوکی ڕاسپاردەکانیی یونامی بۆ پشتگیری لە زیادەڕۆیی عێراق لە چارەسەرکردنی ئەولەوییەتیەکانی گەشەپێدان دەمێنێتەوە. ئۆفیسەکە چوار جۆر کڕیاری هەیە: (١) حکومەت، (٢) تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وڵات (**UNCT**)، (٣) بەشەکانی دیکەی یونامی و (٤) بەخشەر و ئەکتەری تری گەشەپێدان لە عێراق.

بەڕێوەبردنی زانیاری: ستافی بەشی **DSO** شارەزایانی گەشەپێدانی ناوخۆیین لە پارێزگاکانیان هەڵدەستن بە پێدان و دەستەبەرکردنی زانیاری دەربارەی پێداویستیەکانی گەشەپێدان و ئاراستەکان و ئەکتەرەکان و بەرنامەکان و ئامانجە بەردەوامەکانی گەشەسەندن (**SDGs**) و ستراتیژی گەشەپێدان. ڕێبەرێکی ئەکتەرانی گەشەپێدانی ناوخۆیی لەپارێزگاکان دەهێڵنەوە و ڕاپۆرت لەسەر هەواڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەدەوروبەری وڵات بڵاودەکەنەوە.

ڕێکخستن: ستافی بەشی **DSO** وەك سکرتاریەتێك خزمەت دەکەن بۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوەی ئاسایی لەگەڵ ئەکتەرە گەشەپێدراوەکانی ناوچەکە، لەوانە قەوارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕابەرانی کۆمەڵگا، بەرپرسانی ناوخۆ و کەرتی تایبەت بۆ هاوبەشکردنی زانیاری لەسەر چالاکی بەردەوام و پێویست لەسەر ئاستی پارێزگاکان.

ئاسانکاری: **RCO_DSO** وەك خاڵی هەماهەنگی پەرەپێدان لە نێوان ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، یونامی، حکومەت، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، و کۆمەڵگەی مەدەنی کاردەکات. هەروەها وەڵامی داواکاریەکانی **UNCT** دەداتەوە بۆکاتێك داوای زانیاری دەکەن کە یارمەتیان دەدات بۆ نووسینی پێشنیارەکان. سەرەڕای بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی خاڵەکانی کار، هەڵدەستێت هەڵسەنگانندی تایبەتو ڕێکخستنی کۆنفرانس بۆ ئاژانسەکان لەسەر ئەو بابەتانەی کە **RCO_DSO** دیاری دەکرێن.

چارەسەرە باوەکان: **RCO_DSO** ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گروپەکانی هەماهەنگی ناوچەیی (**ABC**) کە جەخت لە گەڕانەوەی خێزانە ئاوارەکان دەکەن بۆ ناو کۆمەڵگاکان. ستافی **DSO** کاری سکرتاریەتی بۆ ئەو گرووپانە دەکەن و بەدواداچوون لەگەڵ بەرپرسانی ناوخۆ دەکەن بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری پێویست بەمەبەستی جێبەجێکردنی پلانەکانی کار بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی ئاوارەکانی ناوخۆی عێراق.

داکۆکیکار: ستافی **RCO_DSO** لە ڕێگەی قسەکردن بۆ ڕای گشتی و بەشداری کردن لە کۆبوونەوە و بۆنەکاندا، هەڵدەستن بە هاندانی **SDGs** و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی لەپارێزگاکاندا. ئۆفیسەکە هەروەها کۆڕی هاوبەشە پەرەپێدان ڕێکدەخات بۆ بەیەك گەیاندن و کۆکردنەوەی هەر یەکە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بانکی جیهانی و بەخشەرانی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی هەوڵەکانیان لە پشتگیریکردنی گەشەسەندنی عێراق لە پێش بخەن.

هەماهەنگی: **RCO_DSO** پشتیوانی لە **UNCT** دەکات بۆ بەڕێوەبردنی چەند گروپێك کارەکانی وەکو: تیمی بەڕێوەبردنی بەرنامە، گروپی کاری پێشینە، گرووپی کاری **M&E**، و تیمی بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنەکان.

سەرەڕای ئەم ئەرکە ئاساییانە، **RCO_DSO** وەڵامی فریاکەوتنیش دەداتەوە بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لەسەر زەوی بۆ **OCHA**، دەسەڵاتەکان، و **UNCT**.



# ئۆفیسی هەرێمیی یونامی لە هەولێر

لەلایەن بەرپرسی ئۆفیسی هەرێمیی یونامی لە هەولێر

## ڕیکـــاردۆ ڕۆدریگـــیێز

پێدەچێت دوێنێ بووبێت کە هاتمە ئێرە، بەڵام زیاتر لە پێنج ساڵە گەیشتمە هەرێمی کوردستان بۆ سەرۆکایەتی نوسینگەی هەرێمی یونامی لەم ماوەیەدا، ڕۆژانی هەتاوی و هەوری و تەنانەت ڕەشەبایشم بینیوە.

بەڵام کەش و هەوای ڕۆژەکە گرنگ نییە، تیمی هەمەجۆری کولتووری و دیاریکراوی یونامی هەمیشە هەموو هەوڵێکی گونجاو دەدات بۆ چارەسەرکردنی بەرەنگارییە جۆراوجۆرەکاو و پاڵنان بۆ پێشەوە لەگەڵ ئەرکی پێسپێردراودا .

کارکردن لە هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی بێوێنە بووە لە پیشەکەم لەگەڵ نەتەوە یەککگرتووەکان. جیاواز لە ئەرکەکانی پێشووم، توانای جووڵەی ئازادانە و پێزانین بۆ ئامادەبوونی نەتەوە یەککگرتووەکان جیاوازییەکی زۆری دروستکردووە. هەروەها خەڵکی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەواوی پێشوازیان لە ئامادەبوونی نەتەوە یەککگرتووەکان کردووە کە ڕێگە بە ئۆفیسەکەمان دەدات چالاکانە لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی و پارتە سیاسییەکان و بەرپرسانی حکومیدا کاربکەین.

سیاسەتی عێراق و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان پشکی خۆی هەیە لە ئاڵۆزییەکان تیمی کاروباری سیاسی یونامی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا کە فەرمانگەکانی هەڵبژاردن و مافی مرۆڤ و زانیاری گشتی لەبوارە تایبەتەکانیاندا پشتگیری پێویستیان پێشکەش کردووە.

پەیوەندیەکانی یونامی لەگەڵ کۆمەڵگەی دیپلۆماسیش زۆر بەهێزە و لایەنەکان زۆر هاوکارن. لە هەولێر لەگەڵ ٢٥ کوسنڵگەری بە بەردەوامی کۆدەبینەوە و فەزایەکی بێوێنە بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەسەر دۆخی دینامیکی هەرێم و کورتەیەك لەسەر چالاکیەکانی نەتەوە یەککگرتووەکان بەدەست دێنین. لە بواری مرۆییدا هەرێمی کوردستان میوانداری سەدان هەزار ئاوارەی کردووە، لەبەر ئەوە ئەو کارە مەزنەی کە لە لایەن تیمی نەتەوە یەککگرتووەکانەوە کراوە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوخۆ بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی ئەو کۆمەڵگایە لاوازانە ئەنجامدراوە.

ئێمە هەروەها مامەڵە لەگەڵ خەڵکی لە هەموو چین و توێژەکاندا دەکەین – خوێندکارانی زانکۆ و فاکەڵت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکوانان و هونەرمەندان – ئەرکی پێسپێردراوی خۆمانیان بۆ شیدەکەینەوە و زانیارییان پێدەدەین دەربارەی ئەو کارانەی کە ئێمە دەیکەین بە پێی بنەماکانی نەتەوە یەککگرتووەکان.

من چاوەڕێی هیوایەکی زۆرم بۆ ساڵی ٢٠٢٢ لە کارکردن لەگەڵ خەڵك و حکومەتی هەرێمی کوردستان.



# نووسینگەی یونامی لە بەسڕە

**هاوبەشێکی باوەڕپێکراوی نووسینگەی یونامی لە بەسڕە بەئامانجی پشتیوانی باشتر لەخەڵکی بەسڕە**

**لەلایەن** بەرپرسی نووسینگەی یونامی لە بەسڕە

## سـێرگی سۆبیسـتیانسـکی

نوسینگەی بێلایەنی بەسڕەی یونامی نیشانەی خۆی لەسەر باشووری عێراق داناوە، ئێمە لەگەڵ مەودایەکی فراوان لە پەیوەندیەکان هاوکارین بۆ بەرزکردنەوەی هاوکاری سیاسی و بنیاتنانی هۆشیاری لە کێشەکانی مافی مرۆڤ و بەرەوپێشبردنی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی. چالاکیەکانمان سوودی بۆ دانیشتوانی ناوچەکە هەیە کە بە توندی پابەندن بە بەرەوپێشەوەچوونی ئاشتی و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی.

بەرجەستەکردنی پشتیوانی بەردەوامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ هاوتا نەتەوەییەکانی خۆی، یونامی ئامادەیە، چالاك و بەرچاوە. شارەزایی، بیرگەی دامەزراوەیی و زانین و دینامیکی خۆماڵی ئێمە وا دەکات کە توانای تێگەیشتنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان و بەشداری کردن لە چارەسەرەکان بە شێوەیەکی نمونەیی و قوڵ بەدەست بهێنین. ئەم بێلایەنی و متمانە بەخۆبوونەی ئێمە ڕێگایە بۆ بەشداریە مانادار و بەسوودەکانمانی خۆشکردووە.

ئۆفیسی یونامی بەسڕە بە هاوبەشی لەگەڵ چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئامادەکارییەکانی و پڕۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢١دا ئاسانکارییەکی باش و نەرمیەکی باشی نواندووە. دانیشتوانی بەسڕە لە هەموو ڕێگاکانی ژیانەوە توانیویانە سەرنج ڕابکێشن بۆ ئەو ئاڵنگارییە زۆرە ناوخۆییانەی کە ڕووبەڕوویان بوونەوە، سەرەڕای هەوڵەکان بۆ خنکاندنی دەنگ و ئازایەتیان بە تۆقاندنی چرووپڕ و کوشتنی ئامانجدار.

لەگەڵ ئەوەی ژمارەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەهەرێمدا زیادیکردووە سەرکەوتوو بووین لەگەشەپێدانی هەماهەنگی مەیدانی لەنێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و دەزگا مرۆییە نەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکانی ترو سەرەنجام جێپێیەکی بەهێزتر لەباشووردا. لە مانگی ئەیلولی ٢٠٢١ەوە تیمی بەسڕە بە سەرنج خستنە سەر دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی پارێزراو لە پارێزگاکانی باشوور پشتیوانییان بۆ داواکارییە مانگانە ئاساییەکانی سەر ئاو و کشتوکاڵ ڕێکخست و پشتیوانیانمان کردن لەم بوارەوە.

لە بواری مافی مرۆڤدا نووسینگەی بەسڕە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە بەرزکردنەوە و پاراستنی ئازادی ڕادەربڕین و مافی کۆبوونەوەی ئاشتیانە و مافەکانی ژنان فەرمانگەکە کە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای حکومەت لە بەسڕە و زیقار و میسان و موسەنا کاردەکات و چاودێری ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ دەکات لە باشوری هەرێم دەکات و وۆرکشۆپی هۆشیارکردنەوە و گفتوگۆی مێزگرد و ڕاهێنانی پەروەردەیی لەسەر کێشەکانی مافی مرۆڤ وەك ڕێگریکردن لە ئەشکەنجە و توندوتیژی سێکسی و ڕەگەزی و بێسەروشوێنکردن ڕێکدەخات و بەڕێوەدەبات. ئێمە پابەندین بەپشتیوانیکردنی خەڵکی بەسڕەوە دانیشتوانی دراوسێی ناوچەکەو جێبەجێکردنی دەنگ و چارەسەری پێشکەوتووانە بۆ بەرەنگارییەکان لەڕێگەی دەستگرتن بەسامانی زانیاری و ئیلهام و بەخشندەیی باشووری عێراق.




# نووسینگەی یونامی لە کەرکوک

**نووسینگەی یونامی لەکەرکوک داکۆکی لەدادپەروەری و یەکسانی دەکات و کۆمەڵێکی فراوان لەجێگرەکان بەشدارییان پێوەکرا**

**لەلایەن** بەرپرسی نووسینگەی یونامی لە کەرکوک

## لـــــۆرا ڕۆمـــــانازی

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق (یونامی) لە شاری کەرکوك بەشداری لە کۆبوونەوە جۆراوجۆرەکان دەکات لەگەڵ مەودایەکی فراوان لە قسەکەر و بەشداربووان. پێشوازی دەکەین و هانی گفتوگۆکان دەدەین لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت و پشتیوانی لەچالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەین بۆ بەرەوپێشبردنی کێشەکانی مافی مرۆڤ و وەستانەوە لەگەڵ ئەو گروپە گەنجانەی کەدەنگیان بەرزدەکەنەوە بۆ دەرفەتی یەکسان و ئامۆژگاری ڕێکخراوەکە.

چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەمان لەگەڵ پارێزگاری کەرکوك و باسکردنی بابەتی گرنگی جۆراوجۆری وەکو باسی سیاسی یان کلتور یان بابەتەکانی تری وەکو هەڵبژاردەنەکان و ئامادەکارییەکان و ئاسانکاریمان بۆ گەیشتن بە بەرپرسەکان و گفتوگۆکردن لەگەڵیان هەموو چالاکی و بەژداربوونێکمان لەم شارەدا هەمەچەشنیی شاری کەرکوکی بەرزکردۆتەوە.


لە بەرەبەیانییەکیدا لە مانگی کانوونی یەکەمدا، نوسینگەی مافی مرۆڤ میوانداری چالاکوانێکی ناسراوی مافەکانی ژنانی کرد. چڕی چاوە تاریك و ڕەشەکانی و ڕەنگی زەردی  دەمامکی دەموچاوی و لە کاتێکدا دەستی ڕاستی بەمەبەستی سڵاوکردندا بۆ دڵی بەرزکردەوە، ئێمە دانمان نا بە جدییەتی بابەتەکانی داهاتوو کە بریتی بوو لە: باسکردنی ڕەشنووسی یاسادانان لە دژی توندوتیژی خێزانی. ئەو چالاکوانە باسی لە زیادبوونی پێشهاتەکانی توندوتیژی خێزانی و کۆمەڵایەتی و پێویستی دادوەری کرد. ئێمە جەختمان لەسەر گرنگیی جێبەجێکردنی یاسادانان بۆ پاراستنی ژنان و ڕەخساندنی ژینگەیەکی ئارام بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژییە ڕەگەزییەکان و هۆشیارکردنەوەی دەوروبەری ئەم کارە ناعەدالەتییە گۆڕاوانە کردەوە.

بە هەمان شێوە لەگەڵ چالاکوانێکی ترمان کرد کە دواتر سەردانی ئێمەی کرد لەگەڵ نوێنەرانی کەمئەندامانی کەرکوك لەسەر چەند بابەتێکی گرنگی پەیوەندیدار بە دۆخی ژنان دانیشتین و گفتوگۆمان کرد. بەسۆزو هاوسۆزییەکی زۆر بەهێمنی ئەو ئاڵنگاریی و سەختی و گێچەڵ و بێڕێزییەی گێڕایەوە کەخەڵکی خاوەن پێداویستی کەرکوك ڕۆژانە ئەزموونی دەکەن لەناو پارێزگای کەرکوکدا. گروپەکە داوای لە یونامی کرد کە داکۆکی لە جێبەجێکردنی یاسای گرنگیدان بە کەمئەندامان و پێداویستییە تایبەتەکان بکات و پەیماننامەی مافی کەمئەندامان (CRPD) بدرێت. ئێمە بە نیازەوە گوێمان گرت و پابەندی خۆمان دووپات کردەوە بۆ پەلەکردن لە گەیاندنی داواکارییەکان و دەرکردنی یاسایەکی پێویست بۆ ئەم مەبەستە.

ئەم دوو چالاکوانە بەڕاستی ئیلهامبەخشن ئەوان و زۆری تری وەك ئەوان، مەدەنیەت و لە هەمووی گرنگتر گەشبینییان فێر کردین. ئەوان نمونەیەکن بۆ لاساییکردنەوە و وانە لێ وەرگرتن.

لە ڕێگەی چالاکی و خۆشەویستییەوە بۆ کۆمەڵگاکەیان نیشانی ئێمەیان دا کە چەندە دەتوانن بەشداری لە پێشکەوتنی کەرکوکدا بکەن و سەرکەوتوو بن.

بەشداری وپەیوەندیمان لەگەڵ سەرجەمی خەڵکی کەرکوك بەردەوامە




# نووسینگەی یونامی لە موسڵ

لەلایەن بەرپرسی نوسینگەی یونامی لە موسڵ

## زوهرا تـــابـــوری

> کتێبخانەی گەورە و شانۆی ڕەییعەی زانکۆی موسڵ کە لەلایەن داعشەوە لەناوبرابوو، لە ژێر پرۆژەی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان بۆ شکۆی پێشوویان دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢دا بکرێتەوە

کە دوو ساڵ و نیو لەمەوبەر گەیشتمە موسڵ بۆ وەرگرتنی ئەرکی بەرپرسی یەکەم ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نەینەوای کە لە موسڵە، نەینەوا هێشتا لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە خۆڵ و خاشاکەکە لە داگیرکاریەکی دڕندانەی داعش دووركاتەوە لەخۆی و ڕزگاریی ببێت لە کاریگەرییەکانی وێرانکاری و شەری داعش. بەڵام لەو ڕۆژە تاریك و خۆڵەمێشیانەدا، ساڵێك پێش گەیشتنم، شاهیدی ئەو ئیرادەیە مەزن و ڕەنجەی خەڵکی نەینەوا بووم بۆ ئامێزگرتنی هیوا و دووبارە بنیاتنانەوەی ژیانیان. ئەم خۆڕاگریی و یەکڕیزییە کاریگەرە بووە هۆی زیندووبوونەوەی کەلەپووری ناوخۆیی و کەلتوور و پەروەردە و مۆسیقای نەینەوا و توانستی هەستێکی هێمنانەی چاکبوونەوە سارێژبوونەوەی برینەکانی لە دەستدانی خۆشەویستان هەبێت. زیندووکردنەوەی ڕۆحی نەینەوا یەکێك بوو لە پێشینەکانی کاری کۆمەڵگەکانی و ساڵی ٢٠٢١ بە زنجیرەیەك ڕووداوی سیاسی و ڕۆحی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی گرنگ دیاری کرا بۆ ئەم شارە. خێزانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق-سیاسی، مافی مرۆڤ، پسپۆڕانی هەڵبژاردن، مرۆیی و گەشەپێدان و ڕاوێژکاران-بەرزبوونەوە بۆ تەحەدای پشتگیریکردنی هەموو کۆمەڵگاکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان، لە ناوەندی پارێزگای موسڵەوە بۆ دەشتی نەینەوا و ناوچە دوورەدەستەکانی شەنگال و تەلەعفەر، بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی خەڵك لە سەرووی هەموو شتێکەوە دابنێین و بەشداری بکەن لە بنیاتنانەوەی ئاشتی و خۆشگوزەرانی لە پارێزگاکەدا.

گرنگترین ڕووداو بۆ موسڵ لەساڵی ٢٠٢١ بریتی بوو لە سەردانی مێژوویی پاپا فرانسیس بۆ گەڕەکێك کە پاشماوی ڕووخاوی کەنیسەکانی کە لەلایەن داعشەوە شێوێندرابوو هەڵگرتووە و هەوڵی یونسکۆ بۆ بنیادنانەوەی مزگەوتی دیاری ئەلنوری و کەنیسەی ئەلتەحیرە و هەروەها خانووە کەلەپوورەکانی شاری کۆن خێراتر و چڕترکردەوە. ڕووداوێکی تری گرنگ بۆ موسڵ




لە ساڵی ٢٠٢١ فیستیڤاڵی ئاشتی نەینەوا بوو کە لە ٥ و ٦ی تشرینی یەکەم لە شارەکە بە پرۆژەی لاوان کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و هونەری بیاتنا بەڕیوەچوو. ئەم بۆنەیە تەنیا چەند ڕۆژێك پێش هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ١٠ی تشرینی یەکەم بەڕێوەچوو، ئەو بۆنەیە کۆمەڵگەی شارستانی و لادێیی لە سەرانسەری پارێزگاوە کۆ کردەوە بۆ موسڵ بە ڕۆحی پێکەوەیی بۆ هاوبەشیکردنی چرکەساتە بێ نرخەکانی برایەتی و نیشاندانی هەمەچەشنی بەیەکەوە. هەروەها ئەم دەستپێشخەرییە گەنجانە بە پاڵپشتی دانیشتوان بۆ نۆژەنکردنەوەی چەندین خانووی کۆنی وێرانکراو لەبەردەم مزگەوتی ئەلنوری بەڕێوەچوو.

کۆمەڵەی بایتنا بۆ کولتور و هونەر بۆ یادکردنەوەی یادی شاری کۆن هەستان بە گۆڕینی یەکێك لە خانووە کۆنەکانی بۆ مۆزەخانەیەکی سەرنجڕاکێش لە شوێنی کەلو پەلی خۆماڵی و کاری دەستی و دیاریی و کەلوپەلی جوانی فۆلکلۆری.

لەکۆتایدا کتێبخانەی گەورە و شانۆی ڕەبیعەی زانکۆی موسڵ کە لەلایەن داعشەوە لەناوبرابوو، لە ژێر پرۆژەی **UNDP** بۆ شکۆی پێشوویان دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢دا بکرێتەوە. کتێبە کۆنەکان و دەستنووسە کۆنەکان شوێنی ڕاستی خۆیان دۆزیەوە لەسەر ڕەفەی کتێبخانەی گەورە، هەروەك چۆن مۆسیقای جوان شانۆکەی پڕو ئاوەدان کردەوە. لە کاتێکدا خەڵکی نەینەوا بەردەوامن لە گەڕانەوە لە وێرانکارییەکانی دەستی داعش، کۆمەڵگاکان بە ئیلهامێکی جوان و بە ڕۆحیەتێکی بەرزەوە بە کۆمەڵ بیر دەکەنەوە بۆ ئەوەی بزانن کە چۆن یارمەتی هەمووان بدەن بۆ چاکبوونەوە و زیندووکردنەوەی ڕۆحی نەینەوا بە پشتیوانی بنەماڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان. لە دژی هەموو ئەگەرەکان، خەڵکی نەینەوا سوورن لەسەر بنیاتنانی داهاتوویەکی باشتر. هیواکان و خەونەکان بۆ داهاتوویەکی ڕۆنتر و گەشترە.





# تیمی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)

## یونیتاد بەردەوامە لە پشتگیری گەڕانەوەی قوربانییە ئێزدییە دەستنیشانکراوەکانی داعش بۆ کۆجۆ: خێزانەکان بوار بە پشوودانی خۆشەویستەکانیان دەدەن

کۆجۆ ١٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ - هێنانەدی سەرنجێك لە حەسانەوە بۆ سەدان خێزان و ڕزگاربووی ئێزدی و حکومەتی عێراق و تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ بەرزکردنەوەی بەرپرسیاریەتی تاوانەکانی داعش (یونیتاد) پاشماوەی ٤١ قوربانی ئێزدیی گەڕاندەوە کە لە شوێنی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کۆجۆ گەڕاونەتەوە.

ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکە لە ٩ ی کانونی یەکەمی ٢٠٢١ بەڕێوەچوو و نوێنەرانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتدارانی ناوخۆ و ڕاوێژکاری تایبەتی و سەرۆکی یەکێتی کریستیان ڕیتچەر ئامادەیبوون. لە مەراسیمەکەدا خانەوادەی قوربانیان و ڕێبەرانی ئایینی ئێزدی و نوێنەرانی کۆمەڵگا و هەزاران ئێزدی بەشدارییان کرد، زۆر کەس کە لە دەرەوەی وڵات سەفەریان دەکرد بۆ ئەوەی بە پێی نەریتە ئایینی و کولتوورییەکانیان خۆشەویستە لەدەستچووەکانیان بەخاك بسپێرن.

کەسوکاری یەکێك لەقوربانییە دەستنیشانکراوەکانی ئێزدی گوتی ؛ "دانانی بڕێك لە خاك لەسەر جەستەی خۆشەویستانمان جگە لە ئازارەکە بۆ ئێمە حەسانەوەیە ئێستا دەزانین چارەنووسیان چییە و گۆڕەکەیان لەکوێیە بۆ ئەوەی بتوانین سەردانی بکەین و ماتەمینی بۆ بکەین".

دوای گەیشتنی، راوێژکاری تایبەتی ڕیتچەر سەرەخۆشی لە ژنە ڕزگاربووانی ئێزدی و کەسوکاری قوربانییەکان کرد و دڵنیای کردەوە کە یوناد بەردەوام دەبێت لە کارکردن بە هاوبەشی لەگەڵ یاسای پزیشکی و بەڕێوبەرایەتی تەندروستی و بەڕێوبەرایەتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بۆ پشتڕاستکردنەوەی ناسنامەی DNA قوربانییەکان ئەوانەی کە ماونەتەوە بۆ ئەوەی بیانگەڕێننەوە بۆ نزیکی خزمەکانیان.

بەڕێز ڕیتچەر لە درێژەی مەراسیمەکەدا ستایشی کارەکانی هەموو ئەو کەسانەی کرد کە یارمەتییان داوە بۆ ناساندنی قوربانییەکان بەتایبەتی کاری دەسەڵاتدارانی عێراقی فیدراڵ و بەرپرسانی هەرێمی کوردستان. یونیتاد پابەندبوونی خۆی بۆ گرتنەخۆی قوربانیە ئێزیدییەکانی تاوانی داعش دووپات دەکاتەوە.

هەروەها وتی: "خۆڕاگری و سووربوونی کۆمەڵگەی ئێزدی، بەتیابەتی ژنان و کچانی ئێزدی لە داواکەیان بۆ دادپەروەری و لێپرسینەوە لە دڕندەیی ترسناکی داعش بە ڕاستی ئیلهامبەخشن "

بەڕێز ڕیتچەر دانی بەوەدا نا کە چەرخەکانی دادپەروەری بە هێواشی دەگۆڕێن بەڵام تیشکی خستە سەر ئەو پێشکەوتنە گرنگەی کە یونیتاد ئەمساڵ بەدەست هێناون. دووبارە ئاماژەی بەمە کرد کە تیمەکەیان مانگی ئایاری ڕابردوو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەککگرتووەکانی ئاگادار کردەوە کە بەڵگەی ئاشکرا و قەناعەت پێکراوی دۆزیوەتەوە، کە کۆمەڵکوژی لەلایەن داعشەوە بەرامبەر بە ئێزدیەکان وەك گروپێکی ئاینی ئەنجام دراوە. هەروەها تیشکی خستە سەر ئەوەی کە چۆن لەدادگایی کردنی ئەم دواییەی ئەندامێکی داعش لە ئەڵمانیا بە تاوانی جینۆساید وتبووی" یەکەم حوکمی دروست بوو کە تێیدا ئەو تاوانانەی دژ بە کۆمەڵگای ئێزدی کرا پێی دەگوترێت: جینۆساید"ڕاوێژکارە

تایبەتەکە وتی: "یونیتاد بەردەوام دەبێت لە دروستکردنی ئەم هاوبەشییە سەرکەوتووە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی نەتەوەیی، ئێوەی کۆمەڵگا کاریگەرەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ ئەوەی پێکەوە بتوانین زاڵ بین بەسەر ئەو کۆسپە زۆرانەی کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە لە گەیاندنی دادپەروەری بۆ تاوانەکانی داعش".

تەرمی قوربانییەکان و وێنەکانیان بە بە ئاڵای عێراق پێچرابووەوە، تابوتی قوربانیەکان لەلایەن سەربازانی عێراقیەوە گواسترایەوە بۆ شوێنی ناشتنەکە دواتر خێزانەکان توانیان ماڵئاوایی کۆتایی خۆیان بکەن پێش ئەوەی خۆشەویستەکانیان بنێژرێن. لەوەڵامی ئەو باجە سۆزداری و دەروونیانەی کە پێشبینی دەکرێت ئەم جۆرە ڕووداوانە بخاتە بەسەر خێزانەکان و ڕزگاربووواندا، پشتگیری دەروونی کۆمەڵایەتی لە سایتەکەدا پێشکەش کرا – کە لەلایەن ڕێکخراوی کۆچبەرانی نێودەوڵەتی (IOM)، یەزدا، ڕێکخراوی ئیما، دامەزراوەی ئازادی ئێزدی، دەستپێشخەری نادیە و هاوکاری مەسیحی نەرویجی ئاسانکارییان بۆ کراوە. ئەم مەراسیمە پرسە و یادکردنەوەیە کە لە ٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ لە ناوچەی کۆجۆی شەنگال بەڕێوەچوو، دووەمین قۆناغی گەڕانەوەی پاشماوەی مرۆڤی قوربانیانی داعشە بۆ بەخاکسپاردنێکی شکۆدار، لەلایەن کەسوکار و کۆمەڵگەوە. ڕێوڕەسمی یەکەمی مانگی شوباتی ئەمساڵ بەڕێوەچوو کە دەستی پێکرد بە هەڵکۆڵینی گەورە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان، لەوانە گۆڕە بەکۆمەڵەکەی سۆلاغ کە زۆرجار بە گۆڕی دایکان ناودەبرێن.

ناسنامەی پاشماوەی قوربانییەکان لەڕێگەی زنجیرەیەك هەڵمەتەوە دەناسرێنەوە و دیارییدەکرێن کە یارمەتی کەسوکاری قوربانییەکان دەدات خزمە ونبووەکانیان لەگەڵ لایەنە نیشتمانییەکاندا تۆمار بکەن و زانیاری دابین بکەن و هەروەها نمونەی سەرچاوەی DNA بۆ ناسینەوە بەڕێوبەرایەتی یاسایی پزیشکی کەمپینێك لە کۆجۆ لە نێوان ١٠ و ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ ڕێکدەخات هەموو ئەو خزمانەی کە بێسەروشوێنن هان دەدرێن بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە بۆ بەشداریکردن لەو هەڵمەتانە بۆ خێراترکردنی دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ناسنامەی قوربانی زیاتر بەتایبەتی ئەو خزمانەی کە لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتوون. هەروەها یونیتاد بەنیازە پشتیوانی لەهەڵمەتێکی هاوشێوە بکات لەنێو کۆمەڵگەی ئێزدی لە بەرلین بەهاوکاریی دەسەڵاتدارانی عێراق.

جگە لەوەی کە ساتێکی گرنگ بوو بۆ چاکبوونەوەی کەسوکاری قوربانییەکان، ناسنامەی ڕزگاربووەکان یارمەتی دروستکردنی بەڵگەی دادوەری دەدات کە ئەو تاوانانەی بەرامبەر ئەو قوربانیانە ئەنجام دراون دەبەسترێنەوە بە تاوانە قێزەونەکانی داعشەوە هەروەها بەم شێوەیە یارمەتی دەدات لە ئاڕاستەکردنی تاوانەکان بۆ دادپەروەری.

## خاڵی وەرچەرخانی شاراوە لە هەوڵەکان بۆ ئەوەی داعش لە بەردەم دادگا لێهاتووەکان بەرپرسیار بێت



لە یەکەم پوختەیدا بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر کاری تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش. ڕاوێژکاری تایبەتی کریستیان ڕیتشەر جەختی لەوە کردەوە کە وەرچەرخانێکی شاراوە لە هەوڵەکاندا بۆ گەیاندنی قوربانیانی تاوانەکانی داعش بە دادپەروەری.

دوای ئەو پێشکەوتنانەی کە تیمی لێکۆڵینەوە لە شەش مانگی ڕابردوودا بە هاوکاری دەسەڵاتدارانی عێراق ئەنجامیان داوە ڕاوێژکاری تایبەتی ڕیتشەر، وتی: "ئەگەر یەکڕیزی خۆمان بەهێز بکەین لە چارەسەرکردنی ئەو ئاڵنگارییانەی کە پێوەری تاوانی داعش پێشکەشی دەکات، پێم وایە دەرفەتمان هەیە کە تاوانەکە لە ناتەواوییەوە بگۆڕین بۆ دادپەروەری".

ئەو ڕایگەیاند کە ئێستا دەکرێت دیمەنێکی نوێ لەبەرچاو بگیرێت کە ئەو تاوانبارانەی پێشتر باوەڕیان بە خۆیان هەبوو لە دەرەوەی دادوەری بن دەکرێت لە دادگایەکی یاساییدا بەرپرسیار بن، سوپاس بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو بۆ دروستکردنی دۆسیەی پێکهاتەیی و دۆسیە وردەکان لە دژی ئەندامانی داعش کە ئەو کەسانە وەکو تاوانباری نێودەوڵەتی دەناسێنێت.

بەڕێز ڕیتشەر ڕایگەیاند کە لێکۆڵینەوە سەرەکییەکان لەبارەی کوشتنی بەندکراوان لە زیندانی ناوەندی بادوش گەیشتوون بەو ئەنجامەی کە کە ئەم هێرشانە تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتین. کەیسێکی پێکهاتەیی کورتکراوە لەلایەن تیمەکە ئامادەکراوە لەسەر تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی کە ئێستا دەکرێت بەکار بهێنرێت بۆ پشتگیری کردنی داواکاریە ناوخۆییەکان بۆ ئەم تاوانانە. نوێنەرە تایبەتەکە هەروەها ئاماژەی دا بە ئەندامانی ئەنجومەن کە بەڵگە پزیشکییەکان و بەڵگەمەیدانیە بەدەستهاتووەکان لەلایەن تیمەکەیانەوە ئاماژە دەکەن بە تاوانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەولەویەتی ستراتیژیە لە گەڵ پلانێکی درێژ خایەن. هەروەها ئاماژەی بەوە دا کە زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس کەوتنە ژێرکارییەگەرییە مەترسیدارەکانی چەکی کیمیایی بەکارهاتوو لە لایەن تێرۆریستانی داعشەوە، هەروەها بەڵگە پزیشکییەکان پیشان دەدەن کە منداڵان دووچاری سووتانی جەستەیی بونەتەوە بەهۆی کاریگەری چەکی کیمیایی بەکارهاتوو لەلایەن داعشەوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانیان یاخود کاریگەریی نەرێنی مەترسیداری درێژخایەن لەسەر کۆمەڵگا. ئەوەشی خستەڕوو کە لە ڕاپۆرتی داهاتوویدا بۆ ئەنجومەنەکە کورتەیەکی گشتگیر پێشکەش دەکات کە وردەکارییەکانی دۆزینەوەکانی تیمەکە و تایبەتمەندی یاسایی بەرنامەی چەکی کیمیایی داعشی تێدا پیشاندراوە. هەروەها بە ئەنجومەنەکەی ڕاگەیاند کە کە تیمەکەیان کاری ناوەوەی بەشی ناوەندی بەرپرس لە کۆکردنەوە وخەزنکردن و بەڕێوەبردن و جوڵانەوەی گەنجینەی داعشیان ئاشکرا کردووە. هەروەها تەئکیدیشیکردەوە کە تیمەکە لەنزیکەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق کاردەکات بۆ پشتیوانیکردن لەدادگاییکردنی ئەو کەسانەی بەرپرسن لەتاوانە داراییەکانی داعش.

ڕاوێژکارە تایبەتەکە جەختی کردەوە لە لە گرنگی هاوکاری بەردەوامی نێوان یونیتاد و حکومەتی عێراق بۆ کارکردنی پێکەوەیی. هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو لە کاتی خۆیدا وەك سەرۆکی تیمەکە کار لەسەر قوڵکردنەوەی هاوکاریەکان دەکات.

ناوبراو، وتیشی: "بۆ گەیاندنی ئەو بەڵێنەی کە لە ڕێگەی بڕیاری ٢٣٧٩ی ئەنجومەنی ئاسایشەوە دراوە دەبێت ئەم بەڵگانە بخەینە بەردەم دادگا لێهاتووەکان" ڕونیشیکردەوە کە هاوکاری کاریگەر واتە هاوبەشکردنی بەڵگەکان دەبێت بە شێوەیەك بکرێت کە یارمەتی دادگایەکی لێهاتوو بدات بۆ هێنانەدی دادپەروەری بۆ قوربانیان و بەرپرسیارکردنی تاوانباران لە تاوانی نێودەوڵەتی، بەپێی مەرجەکانی ژێدەری یەکگرتوو و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.



# ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ

**لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ ەوە، فاو کاردەکات بۆ پێوانەکردنی کاریگەری ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر بژێوی جوتیارانی خاوەن بچووك و ڕاپۆرتی هاوبەشی بڵاو کردەوە، وێنەی ئاسایی بۆ دۆخی ئاسایشی خۆراك و شیکردنەوەی ڕەوتە بەردەوامەکانی پیشان داو هەستا بە پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی سیاسی**

لە ماوەی ساڵی ٢٠٢١دا ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (فاو) پشتیوانی جوتیارە بچوك و زیانلێکەوتوەکان بەخێوکەری بچووك و خێزانە گەڕاوەکانی کرد بۆ ئەوەی باشتر بەرگری لە شۆکەکان و بەرەنگارییەکان بکەن لە ڕێگەی چاککردنەوە و جێگیرکردنی کەرەستەی شیرەمەنی دامەزراندنی سەنتەری شیری لادێی قەبارە بچوك/مامناوەند بۆ کۆکردنەوە، ساردکردنەوە، پرۆسەکردن و بەبازاڕکردنی بەرهەمە شیرەمەنییەکان؛ دابین کردنی دابینکەران، بە تۆو و پەینیشەوە، وە ناساندنی تۆوی تازە ، وەك تێکەڵەی ڕەیگراس، تێکەڵەی ئەلیفە، جۆ، فۆدێری سۆرگوم و سایلۆی گەنمەشامی، لە ژێر پرۆژەی "پشتگیریکردن لە بژێوی کشتوکاڵی گوندنشینان و ئاوەدانییەکانی پارێزگای نەینەوای عێراق". لەو چوارچێوەیەدا ڕاهێنانی تایبەتمەند بۆ ٧٢٣٧ بەرهەمهێنەری ئاژەڵی لە ٢١٤ گوند (٤٩٦٢ ژن) و ٣٦٠٠ جووتیار لەسەر بەرهەمهێنانی تۆو و بەڕێوەبردنی پاش دروێنە و گەشەپێدانی بازرگانی دابینکراوە. سەرەڕای ئەوەش، لە ساڵی ٢٠٢١دا، کۆڕی ڕاهێنانی تایبەتمەند بۆ فەرمانبەرە پەیوەندیدارەکان و جووتیارەکان لە سەرتاسەری وڵات بەڕێوەچوو.

بە گشتی، ڕێچکەی گشتگیری ڕێکخراوی فاو بۆ گەشەپێدانی زنجیرە بەهاکان لە کەرتی ئاژەڵداریدایە. لە ساڵی ٢٠٢١دا بەشداری کرد لە دروستکردنی هەلیکار لە ناو کەرتی تایبەت بە قەبارەی بچووك، تواناسازی ژنانی لادێی، زیادکردنی بەرهەمی شیر، پاکی و سەلامەتی خۆراك.

وەك سەرکردەی کەرتەکە، ڕێکخراوی فاو لە ساڵی ٢٠٢١دا هەستا بە پشتگیری کردنی حکومەتی عێراقی بەمەبەستی بەرزکردنەوەی کشتوکاڵ و ئاستی ئاوەدانی و ئامادەکاری بۆ گۆڕانی کەش و هەوا ئەم پشتگیری کردنەش لە ڕێگەی ئاسانکاری ژینگەیی جیهانی (GEF) و بەرنامەی هاریکاری تەکنیکی (TCP) بۆ زیادکردنی هەلی گەیشتن بە ئاو لە ئاستی کێڵگەکە و بەرزکردنەوەی بەرهەم. هەروەها پیدانی خولی ڕاهێنانی تایبەت لەسەر ئاماژەدان بە دارمانی زەوی لە ڕێگەی بە سەلمێنراوی جیهانی باشترین ڕاهێنانی بەردەوامی بەڕێوەبردنی زەوی.

سەرەڕای ئەوەش، **FAO** بەشداری دەکات لە ئاوەدانکردنەوەی چەند بەشێکی سیستەمی ئاودێری ئەلجەزیرە، لەوانە دروستکردنی حەوت پرد و چاکردنەوەی کاری مەدەنی بۆ وێستگەی پەمپینگ، لە چوارچێوەی پرۆژەی ئاودێریی ئەلجەزیرەی باکوور (**MADAD**) کە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە پارەدار دەکرێت.

دکتۆر سەلاح حەج حەسەن نوێنەری **FAO** دووپاتیکردەوە کە نۆژەنکردنەوەی سیستەمی




ئاودێری و توانای ئەوەی دایە جووتیاران تا بتوانن زەوییەکانیان بچێنن و بەرهەمی جۆراوجۆر بەرهەم بهێنن کە بریتین لە گەنم و جۆ و تەماتە و پەتاتە لەنێو ئەوانی تردا ئەو ئاماژەی بەوەدا کە **FAO** بەردەوام دەبێت لەپشتیوانیکردنی جووتیاران بۆ زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و باشترکردنی داهاتی جووتیاران بۆ کەمکردنەوەی هەژاری و دابینکردنی ژیانێکی باشتر. سوودمەندانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەم پڕۆژەیە گەیشتە ٣٥ هەزار.

لە ساڵی ٢٠٢١، **FAO** ئەنجامی درێژخایەنی بەدەست هێنا، لە ڕێگەی ناساندنی تەکنەلۆژیای نوێکردنەوەی ئاودێری مۆدێرن لە ژێر پرۆژەی "پشتگیریکردن بۆ نۆژەنکردنەوەی سیستەمی ئاودێری-پەمپکردنی ئاوی خۆر لە ناوچە بەدەستهاتووەکان" کە لەلایەن ژاپۆنەوە پارەدارکراوە.

"پەمپەکان کە بە وزەی خۆربە خاوێنی کاردەکەن، سادە و کارامەی وزەبەخشن بۆ سێتەکانی کارەبایی ئاسایی و سووتەمەنی لێخوڕین"**FAO** نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئەو سیستمە ڕێگەیەکی ئاسان بۆ جوتیارانی عێراق نیشان دەدات بۆ دەرهێنانی ئاو بۆ ئاودێری بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە دوور لە تۆڕەکانی کارەبادا دەژین و ژێرخانی خراپیان لەدەوروبەریاندا هەیە.

هەنگاوی گرینگ و ستراتیژی داهاتووی **FAO** بریتی یە لە زیاتر پەرەدان بە هاوبەشییەکی نایابە لەگەڵ **MoA** و **MoAWAR** لە ڕێگەی پرۆژەی کۆمەککراوی یەکێتی ئەوروپاوە"گێڕانەوە و بەهێزکردنی خۆڕێکخستنی سیستەمی ئاگری-خۆراك لە باشووری عێراق". بە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی سەرکەوتووی پڕۆژەکانی باکوور کەوا کاردەکەن لە ناوەڕاست و باشووری هەرێم.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠وە، فاو کاردەکات بۆ پێوانەکردنی کاریگەری ڤایرۆسی کۆڕۆنا لەسەر بژێوی جوتیارانی خاوەن بچووك و ڕاپۆرتی هاوبەشی بڵاو کردەوە، وێنەی ئاسایی بۆ دۆخی ئاسایشی خۆراك و شیکردنەوەی ڕەوتە بەردەوامەکانی پیشان داو هەستا بە پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی سیاسی. **FAO**، هەروەها لە ساڵی ٢٠٢١ توێژینەوەیەکی دوورودرێژی ئەنجام دا بۆ بەدواداچوون و دیاریکردنی کاریگەرییەکانی ڤایرۆسی کۆڕۆنا لەسەر بەرهەمی دانەوێڵە و ئاژەڵداری لە ڕێگەی سەردانی مەیدانی بۆ لای جووتیاران و دابینکەرانی دەرهێنراوی کشتوکاڵی و فەرمانبەرە پەیوەندیدارەکان و بەرپرسانی حکومەت. ئەم داتایانە بە هەڵسەنگاندنی هاوبەشی **FAO** لەگەڵ حکومەت یارمەتی گەشەپێدانی سیستەمێکی چاودێری دڵنیاو ە پارێزراو دەکەن بۆ ئاگاداری پێشوەختەی کێشە پەیوەندیدارەکانی ئاسایشی خۆراك لە وڵاتدا.

بۆ بە ئەنجامگەیاندن و لەچوارچێوەی ئەم پەتایەدا ئاماژە گرنگەکان بەدەستهاتوون بۆ بەهێزترکردنی خزمەتگوزاری ڤێتێرنەری لەپارێزگا ئامانجدارەکانی عێراق و بنیاتنانی توانا لەناسینی نەخۆشیەکان و دەستنیشانکردنی بوار و تاقیگە و پەتا کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا، ڕاپۆرت و سیستەمی ئاگادارکردنەوەی زوو بۆ نەخۆشییە گیانلەبەرە بەرزەکان لە ژێر دەزگای کەمکردنەوەی هەڕەشەکانی بەرگری پرۆژەی "باشترکردنی گەیاندنی خزمەتگوزاری تەندروستی ئاژەڵان و چاودێری نەخۆشیەکان لە عێراق". خزمەتگوزارییەکی بەهێز لە ڤێتێرنەری کە پەیوەندیەکانی نێوان دەسەڵاتدارانی هەرێم و ناوەندی عێراق و هەروەها لەگەڵ کۆمەڵی مێگەلدا پەرەی پێدەدات بۆ کەمکردنەوەی مەترسی نەخۆشی ئاژەڵی زۆر نەخۆشی لە ناو هەرێم و کاریگەری قەیرانی سوریا لەسەر مەڕوماڵاتەکانی عێراق.

بە گشتی، دەستپێشخەرییەکانی **FAO** و هاوبەشییەکی بەهێز لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە ساڵی ٢٠٢١دا بەشدارییان کرد بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ و ڕەخساندنی هەلی کار لە ناوچە لادێییەکان و بەدەستهێنانی سیستەمێکی خۆراکی خۆڕاگرتر سەلامەتتر.



# بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان

## پەیامی

### هەماهەنگکاری نیشتەجێی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق

## خاتوو زینە عەلی ئەحمەد



٢٠٢١ دەستپێکی چاکبوونەوە و ڕزگاربوون بوو لەکاریگەرییەکانی قەیرانەکنی کۆڤید-١٩ و دابەزینی نرخی نەوت کە لەڕووی ئابووری و کۆمەلایەتی و ژینگەییەوە زەرەر و زیانێکی وێرانکەری لەسەر عێراق دروستکرد. بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP) پشتگیری عێراقی کرد لە چارەسەرکردنی قەیرانەکان وڕێوشوێنە تایبەتەکانی خۆپارێزی لە کاریگەرییەکانی ڤایرۆسی کۆڕۆنای کە لە ١٨ پارێزگای عێراق جێ بەجێکرا، هەروەها پاڵپشتییەکی باشی عێراقیی کرد لە درێژەپێدانی بانگەوازی خۆپارێزی لە کۆڤید-١٩ لە وڵاتدا.

**UNDP** بەردەوام بوو لە جێبەجێکردنی چالاکیە گرنگەکانی جێگیرکردن بۆ پشتگیری گەڕانەوەی ناسنامەکان و گەڕاندنەوەی خزمەتگوزاریە گرنگەکان و بژێوی ژیان و گەشەپێدانی توانای حوکومەتی ناوخۆیی. بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە بۆ بۆ باشترکردنی پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی لە عێراق ، لەگەڵ سەرنجدان لەسەر گەڕانەوە و نزیککردنەوەی خێزانە لاواز یاخود پەرتەوازەکان ئەمساڵ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان پشتیوانی لە یونامی کرد بۆ ئاسانکاری بۆ هەڵبژاردنێکی سەرکەوتووی نەتەوەیی و وەڵامی ئەو دەنگە نارازیانەیان دایەوە کە داوای گۆڕانکارییەکی ڕیشەییان دەکرد لە عێراقدا. لەڕێگەی داکۆکیکردن لەگۆڕانکاری ئەرێنی و پشتیوانیکردن لەسەقامگیربوونی عێراق وەك چۆن لە ٢٠٢١دا ئەنجامدرا و چاوەڕێی ساڵێکی نوێی باشتر دەکەین، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان ئامادەیە پشتیوانی عێراقییەکان بکات لەدروستکردنی ئایندەیەکی گەشتردا.



**وەکو گرنگترین پێشهات چاوەڕێ چی دەکەیت لە ساڵی ٢٠٢١؟**

## پشتگیری بۆ گۆڕانکاری کەش و هەوا

تیشکخرایە سەر کاریگەرییەکانی گۆڕانکاری کەش و هەوای ئەم ساڵ لە COP٢٦ . بەرنامەی ئێمە لەسەر ژینگە، وزە و گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوای بۆ پاڵپشتی کردنی حکومەتی عێراق لە گەیشتن بە ئەنجامی کۆتایی لە دیاریکردنی ڕۆڵ و بەشداریکردن لە ڕێککەوتننامەی پاریس بۆ پابەندی سکرتارییەتی UNFCCC لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. UNDP پشتگیری پێشکەش بە شاندەکانی عێراق کرد کە بەشداریان لە COP٢٦ کردبوو، لەسەر بنەمای ئەولەویەتی ژینگەیی عێراق بۆ گۆڕانی کەش و هەوا و پیسبوونی ژینگەیی. هەروەها ئەمساڵ سێ پرۆژەی نوێکاری وزەی سەوز لەپارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك لەژێر بەرنامەی پەرەپێدانی ڕووبەری نێوخۆیی و هەروەها پرۆژەی کاری سەوزیان لەموسەنا دەستپێکرد. بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان بەردەوام دەبێت لە داڕشتن و پێشکەشکردنی سیاسەت و پشتگیری تەکنیکی پێویست بۆ چارەسەرکردنی گۆڕانی کەش و هەوا لە عێراق و باشترکردنی توانای نەتەوەیی لە هەردوو بواری کەمکردنەوەی کاریهگەرییە نەرێنییەکان و خۆگونجاندندا.

## تیشکخستنە سەر گونجانی کۆمەڵایەتی - پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی

بەرنامەکانمان لەهەمبەر گونجان پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی لە ساڵی ٢٠٢١، لە ساڵی ٢٠٢١، پرۆگرامی پێکەوە بەستنەوە کۆمەڵایەتیەکەمان پرۆژەی ئاشتەوایی و یەکگرتنەوەی کۆمەڵگەیی لە عێراق دەستپێکرد بۆ پشتگیری لە دووبارە یەکخستنی ٩٠٠٠ خێزانە هەستپێکراوەکانی سەر بە داعش بۆ ناو کۆمەڵگاکانیان. جگە لەمەش میکانیزمەکانی ئاشتی ناوخۆیی بەهێز کران لە ڕێگەی پشتگیریکردن لە تواناسازی و ڕاوێژی کۆمەڵگا و دروستکردنی تۆڕی هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ناوخۆیی و نیشتیمانی. بە زیادبوونی کۆی گشتی ١٠ گروپ و ٢٠٠ ئەندام لە گەنجان و ئافرەتان لە ئەنبار و دیالە و کەرکوك و نەینەوا و سەلاحەدین گرووپەئاشتیخوازەکان بەرفراونتر و چالاکترکران. لەچوارچێوەی پرۆژەی ڕۆژنامەنووسی هاوڵاتیەکانمان، ڕۆژنامە نووسە گەنجەکان زیاتر لە ٣٠٠ بەرهەمی میدیاییان لە پلاتفۆرمەکەمان بە ناوی "تەنووا" بڵاوکردەوە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی کتێبێکی دەستی بۆ کۆمەڵگای ڕۆژنامەنووسان لەسەر بابەتی گونجان و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی لە عێراقدا.

کۆنگرەی سەرکردەی ئایینی ئینتەرفەیث بۆ زیاتر لە ٣٠٠ سەرکردەی ئایینی ئەنبار و نەینەوا و سەلاحەدین بە سەرنجدانە سەر ئاشتەوایی و ڕێگریکردن لە توندڕەویی (PVE) بەڕێوەچوو.

هەروەها پشتیوانی پەیوەست بە PVE لە ڕێگەی هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی نیشتمانی بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژی بەرەنگاربونەوەی توندڕەوی لە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لەسەر جێبەجێکردنی پلانەکانی سەر ئاستی پارێزگا و ڕاوێژکردن لەگەڵ گەنجانی عێراق بەهێز کرا. پرۆگرامێکی ڕاهێنانی نوێ لەگەڵ بەشی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی عێراق بۆ پشتگیریکردنی PVE لە عێراق دەستپێکرد و یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ ئەکادیمیای Folke Bernadotte و swisspeace ئیمزاکرا بۆ زیادکردنی هەمەهەنگی و یارمەتییەکانی پەیوەست بە یەکسانی جێندەری ودروست کردنی ئاشتی و نێوەندگیری لەگەڵ مەشقکەرانی ئاشتی ناوخۆیی لە عێراق.

## سەقامگیری و چارەسەرە خۆڕاگر و بەردەوامەکان

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان جێبەجێکاری سەرەکی چالاکی سەقامگیرکردنی عێراقە و ڕێبازی گشتگیرمان جەخت دەکاتەوە لەسەر نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی سەرەکی و گەڕاندنەوەی خزمەتگوزارییە گرنگەکان و ڕەخساندنی هەلی ژیان و گوزەرانی بەردەوام و گەشەپێدانی توانای دەسەڵاتی ناوخۆ و بەهێزکردنی پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی. بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان تا ئێستا ١،٤ ملیار دۆلاری لە ٣٠ هاوبەشەوە کۆکردەوەتەوە. وە توانای ئێمە بۆ گەیاندنی بە خێرایی و پێوەر، وا لە بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان دەکات کە هاوبەشێکی گەشەسەندووی هەڵبژاردن بێت.

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان لەساڵی ٢٠١٥ەوە:

١- بە گەڕاندنەوەی خزمەتگوزارییە گرنگەکان و پشتگیریکردنی بژێوی هاوڵاتیان و بنیاتنانی توانای شاروانی پشتیوانیان کرد لە ٦ ملیۆن







عێراقی.

٢- زیاتر لە ٥٨٠ قوتابخانە نۆژەنکراونەتەوە و دووبارە بەڕووی قوتابیاکاندا کرانەوە، ٣،٢ ملیۆن کەس دەستگەیشتنی باشتریان بە چاودێری تەندروستی هەیە،خزمەتگوزاری کارەبا بۆ ٣،٨ ملیۆن کەس باشترکرا و ٣،٩ ملیۆن کەس لە ئێستادا توانای دەستگەیشتنیان هەیە بە ئاوی پاکی خواردنەوە.

٣- تەواوکردنی زیاتر لە ٣٠٠٠ پڕۆژەی ژێرخانی سەرەکی و پێویست. باشترکردنی توانای گەیشتن بە خزمەتگوزارییە بناغەیی و پێویستەکانی وەکو؛ ئاو، کارەبا، خانووبەرە، پەروەردە و تەندروستی.

٤- دابینکردنی هەلی کاری کورتخایەن و مامناوەند و درێژخایەن بۆ زیاتر لە ٩٠٠٠٠ کەس.

٥- ٢٨،٥٥٠ ماڵ ئاوەدان کرانەوە، یارمەتی خەڵك درا تاکو بە سەلامەتی و بە شکۆوە بگەڕێنەوە ماڵەکانیان.

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان بەدەم داواکاری حکومەتی عێراقەوە چوو لەکاتی تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆڤید١٩ بە کۆکردنەوەی ٤١ ملیۆن دۆلار بۆ دامەزراندن و کردنەوەی ناوەندەکانی کەرەنتین کردن و خەواندنی نەخۆشەکان لە ١٩ پارێزگای عێراقدا.






## کارکردن لەسەر دژە گەندەڵی

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان پشتیوانی لە هەوڵەکانی دژە گەندەڵی دەکات لە عێراق بە کارکردن لەگەڵ دامەزراوە عێراقییەکان لە ڕێگەی دژە گەندەڵی بۆ متمانە **ACT** لە عێراق لە ئەنجامی دیالۆگی سیاسەتی ئاسایی و بەشداری و داکۆکی و ستراتیژی دژە گەندەڵی فیدراڵی و هەرێمی کوردستانی عیراق کە لەلایەن **UNDP** لە ساڵی ٢٠٢٠دا پێداچوونەوەیان بۆ کراو و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەندکرا. دەستپێشخەرییەکە بەئامانجی نەهێشتنی گەندەڵی لەعێراق و بەهێزکردنی شەفافیەت و لێپرسینەوەی گشتی کە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە کۆمەکی پێکراوە لە مانگی ئایاری ٢٠٢١دا دەستی پێکرد و بنیاتنان لەسەر هەوڵە نەتەوەییەکانی عێراق بۆ باشترکردنی شەفافییەت وە بەرپرسیاریەتی لە سەرانسەری دامەزراوەکانی دەوڵەت و پشتگیریکردنی عێراق بۆ گەیاندنی پابەندبوونە نەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکانی دژ بە گەندەڵی. سەرباری ئەوەش ئامێرێکی نوێی خۆ هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوە ناحکومییەکانمان دەست پێکرد خستە بەردەست کە لەڕێگەی دانیشتنەکانی ڕاهێنانی ئۆنلاینەوە پێشکەشی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی عێراق کرا.

## داهێنانی ئیلهامبەخش

تاقیگەی خێراکەر بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان لە عێراق پشتگیری لە سیستەمی خوێندنی باڵا لە عێراق کردووە بەرەو گۆڕینی سیستەمەکەیان بەرەوە دیجیتاڵی بوون لە ڕێگەی پرۆژەی تێکەڵەی فێرکاری لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی. ئامانجی ئەم پرۆژەیە بریتی یە لە پشتگیری کردنی شارەزایانی خوێندنی باڵا بۆ فێربوون و خۆگونجاندنیان لەگەڵ توانا تەکنۆلۆجیە نوێیەکان و پێشخستنی سیستەمی خوێننی تێکەڵ وەکو ڕێگایەکی نوێی فێرکردن لەچوارچێوەی ٣٥ زانکۆی عێراقیدا. هەروەها تاقیگەی خێراکەر بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە ٥٠ ڕێگەچارەی نوێ و سەرکەوتووانەی کێشا لەسەردەمی خۆپارێزی لە کۆڤید١٩ لە ڕوویی پەروەردە، گەنجو بێکاری و گۆڕانی کەش و هەوا.




## داکۆکیکردن لە بەردەوامی و بەڕێوەبردنی جێندەری

بەهێزکردنی ژنان و کچان لە عێراق تەوەرێکی سەرەکییە بۆ **UNDP** لە ماوەی ١٦ ڕۆژی ئەمساڵی خەبات و بەرەنگاربوونەوە دژی توندوتیژی ڕەگەزیی ، **UNDP** بە هاوبەشی لەگەڵ سەنتەری خوێندنی ئافرەتانی زانکۆی بەغدا، یەکەمین ڕوانگەی نەتەوەیی بۆ خراپترین جۆری توندوتیژی ڕەگەزی لە عێراقدا دامەزراند ڕوانگەیەکە وەك تەوەرێك لە زانیاریەکان خزمەت دەکات کە داتا کۆدەکاتەوە لە ڕێگەی ڕاپۆرتەکان لە سەرچاوە هەمەجۆرەکانەوە، بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕوودانی **GBV**-توندووتیژی جێندەری بە ئامانجێك ئیتر بنبڕکردنی هەمیشەیی توندوتیژی جێندەری.

ئەمساڵ یاداشتێکی لێکتێگەیشتنمان لەگەڵ بەشی تواناسازی ئافرەتان واژووکرد بۆ پێدانی پشتیوانی تەکنیکی بەمەبەستی بەرزکردنەوەی توانای یەکە جێندەرییەکان لە چوارچێوەی ئامانجە بەردەوامەکانی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ پەیماننامە و بڕیارنامەکانی پەیوەست بە جێندەر لەگەڵ پەیماننامە و بڕیارنامەکانی پەیوەست بە ڕەگەز و بۆ ئەنجامدانی شیکردنەوەی جێندەری لە کەرتە تایبەتەکاندا. **UNDP** هەروەها پشتگیری لە پەرەسەندنی "ڕێنمایی بۆشاییە پارێزراوەکانی ئافرەتان" بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان کرد. وە مەشقیان بە ١٩٥ کارمەندی کۆمەڵایەتی کرد لە سەرانسەری عێراق بۆ بەرزکردنەوەی و پەرەپێدان بە شارەزاییەکانیان لە دابینکردنی پشتگیری دەروونی بۆ ١١،٧٠٠ ئافرەت و کچ لە هەڵومەرجی تەنگانەدا. کارەکانمان بۆ پێشخستنی تواناسازیی ژنان لە عێراق لە ساڵی ٢٠٢٢دا بەردەوام دەبێت.



# بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە

لە ساڵی ٢٠٢١ و سەرەرای کۆڤید-١٩ پەتاکە، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە بەردەوام بوو لە کارکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان، تیشك دەخاتە سەر گۆڕانی کەش و هەوا، لەدەستدانی هەمەچەشنەیی ژیان، ڕێگەگرتن لە پیسبوونی پیسی و بەکارنەهێنانی مادده کیمیاییەکان، لە ڕێگەی پشتگیری تەکنیکی بۆ دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومی و هاوبەشەکانیان.

## ١- گۆڕانکاریی کەش و هەوا

### أ. پشتگیریکردنی حکومەتی عێراق بۆ پەرەپێدانی پلانی گونجاندنی نەتەوەیی

کۆماری عێراق بە یەکێك لە وڵاتە هەرە هەستیار و لاوازەکانی هەرێمی عەرەبی دادەنرێت لەبەردەم کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەش و هەوا. بە تایبەتی، شەپۆڵێکی بەرزتر و چڕی ڕووداوەکانی کەش و هەوای زۆر وەك وشکەساڵی و خاك و خۆڵ لەم ساڵانی دواییدا هەستی پێدەکرێت و ئەزموون دەکرێت. ئەم پێشهاتانە بوونەتە هۆی زیادبوونی تێکچوونی ژینگە لە سەرانسەری وڵاتدا و دەبنە هۆی دروست بوونی کۆسپ بۆ بەرەوپێشچوونی عێراق.

بۆ ئەو مەبەستەش بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە لەگەڵ وەزارەتی ژینگە و دەزگا حکومییەکانی تر کاردەکات بۆ پەرەپێدانی پلانەکانی گونجاندنی نیشتمانی کەرتی کە حکومەتی عێراق بە شێوەیەکی کاریگەرانە بتوانێت وەڵامی بەرەنگارییەکانی گۆڕانی کەش و هەوا بداتەوە.

ئەو بەشانەی کە ئەولەویەتی کارکردنیان هەیە بریتین لە هەریەکە لە کەرت کشتوکاڵی سەرچاوەکانی ئاوو هەروەها هەروەها بەشەکانی تری کەمکردنەوەی مەترسییەکانی تەندروستی و جێندەری کە هەموویان کاردەکەن بۆ دەستنیشان کردن و پلان داڕشتن بۆ چالاکی پشتگیری تەکنیکی و هاوکاری فرە سێکتەری بۆ داڕشتن و جێبەجێ کردنی پرۆسەکانی NAP. ئەمە دەستنیشانکردنی ناوچەکان بۆ تێرکردنی سەرچاوەکان و شیکردنەوەی بۆشاییەکان لە توانای دامەزراوەیی بۆ دەسپێکردنی پرۆسەی NAP و پێشنیارکردنی ڕێگا گرنگەکانی دەستنیشانکردنی بۆشاییەکانی توانا و هەروەها دۆزینەوەی هەلی ستراتیژی هەروەها بەدواداچونیان. هەروەها پێشبینی دەکرێت ئەم هاوکارییە بەشداربێت لە دروستکردنی هۆشیاری سەبارەت بە پرۆسەی NAP لە وڵات و پشتگیری کردنی کردادری گەیاندنی ئەنجامەکان بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەردوو وڵات هەروەها دەرەوەش. لەم چوارچێوەیەدا، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگەهاوکاری و هاودەمی لەگەڵ ڕێکخراوی UNDP کردووە بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتێکی سەرتاسەری لەسەر گۆڕانی کەش و هەوا کە ڕێکخراوە مەدەنییەکان، کەرتی تایبەت، گروپە هەستیارەکان بە ژنان و گەنجانەوە بەشدار بوون بە ڕوانگەیەك بۆ هۆشیارکردنەوەی سیناریۆکانی گۆڕانی کەش و هەوا.

## ٢- ژینگەیی ژێر پێداچوونەوە

### أ. پشتیوانیکردن لەحکومەتی عێراق بۆ دامەزراندنی تۆڕی ناوچە پارێزراوە نیشتمانییەکان بۆ پشتیوانیکردنی سیستەمی ژینگەیی تەندروست لەوڵاتەکەدا

ئامانجی سەرەکی پرۆژەکە پاراستنی هەمەچەشنەیی زیندەیی و بەکارهێنانییەتی بە شێوەیەکی بەردەوام لە عێراق. هەمەچەشنەیی زیندەیی عێراقی ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری و هەڕەشە دەبێتەوە. ئاڵنگارییەکان لە پێویستی ئاشتکردنەوەی پاراستنی ژینگە لەگەڵ گەشەسەندندا سەرهەڵدەدا لە کاتێکدا هەڕەشەکان لە چالاکیە گەشەسەندنە ناجێگیرەکانەوە سەرچاوە دەگرێن.

ئامانجی پرۆژەکە بریتی یە لە: "پەرەپێدان و دەستکردن بە جێبەجێکردنی پلانی دامەزراندنی تۆڕی نیشتیمانی ناوچە پارێزراوەکان".

خاڵی سەرەکی بۆ پاراستنی هەمەچەشنی زیندەیی ناوچە پارێزراوەکان و تۆڕێکی باش دروستکراو و بەڕێوەبراو لە ناوچە پارێزراوەکان کە دەتوانن ببنە کلیلی پاراستنی جۆرەکان و شوێنی ژیان و پاراستنی توانایان. تۆڕێکی ئاوا دروستکراو و بەڕیوەبردن لە ئێستادا لە عێراق نیە ئەمەش بەهۆی چەند هۆکارێکەوە کە گرنگترینیان لەلایەن ئەم پرۆژەوە خراوەتە ڕوو.

بەپاڵپشتی پڕۆژەکە ٢ ناوچەی نوێی پارێزراو لەعێراق - دەڵماج و تەیب ڕادەگەیەنرێت و ٢١١،٢٠٠ha بۆسەر ٢٨٤،٢٢٢haی پارێزراوی

ئێستایی وەك ڕوماڵکردنی ناوچەپارێزراوەکانی عێراق زیاددەکرێت. حکومەتی عێراق لەئێستادا پێداچونەوە بۆ یاسادانان دەکات بۆ جێبەجێکردنی ڕێکخستنە پێویستەکان بۆ ڕاگەیاندنی دوو ناوچەپارێزراوەکە. پشتگیری بەردەوامی گەشەپێدانی توانایی دابینکرا بۆ دامەزراندنی کارامەیی پێویست لە عێراق بۆ بەڕێوەبردنی سەرکەوتووی تۆڕی PA و زانین دەربارەی پەیوەندیەکانی نێوان ژینگەپارێزی، خزمەتگوزاری ئیکۆسیستەم و سوودە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان و بژێوی ژیان. چەندین ڕووداوی ڕاهێنان و وۆرکشۆپ و راوێژکاری و کۆبوونەوەی تەکنیکی بەڕێوەچوون و هەروەها چەندین بڵاوکراوە و ئامراز و ڕاستی و ڕێنمایی تەکنیکی بۆ دیاریکردنی سوودەکان و بەها زیادکراوەکانی ناوچە پارێزراوەکان و پرۆژەکە لە ڕێگادان بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی.

## ٣- ماددە کیمیاییەکان و پیسبوونی ژینگە

### ا-پشتگیری حکومەتی عێراقی کرد لە پەسەندکردنی پەیماننامەی میناماتا لەسەر مێرکوری

یو ئێن پی پشتگیری عێراقی کرد لە پەسەندکردن و دەسپێکردنی جێبەجێکردنی پەیماننامەکە. ئامانجی پرۆژەکە پەرەپێدانی هەڵسەنگاندنی سەرەتایی میناماتا بوو بۆ عێراق. ئەم پرۆژەیە دوو پێکهاتەی هەیە؛ (١) فراوانکردن و بەرەوپێش بردنی جیوەی بەردەست (٢) گەشەپیدان بە هەڵسەنگاندنی بەرایی میناماتا (MIA).

پرۆژەکە هەستا بە دامەزراندنی تیمێکی فرەدسپلینی لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراق ومەشقیان دایە ئەو تیمە تایبەتمەندە و ئامارەکانی دەرچوونی جیوە خەملاند و ڕاپۆرتی MIA بۆ جێبەجێکردنی ئەم چالاکیانەی خوارەوە دابین کرد:

(ا) هەژمارکردنی ئاماری دەرچوونی جیوە لە عێراق بۆ ناو ژینگە لە سەرچاوە جیاوازەکان و بە بەشداری سەرجەمی کەرتە پەیوەندیدارەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی لیستی بەراییەکانی جیوە لە عێراق. ب- ئامادەکردنی هەڵسەنگاندنی تەندروستی و دەستنیشانکردنی گرنگترین مەترسییە شاراوەکانی داهاتوو بۆسەر تەندروستی گشتی کۆمەڵگا؛ ج - ئامادەکردنی هەڵسەنگاندنی یاسایی و دامەزراوەیی و دیاریکردنی گرنگترین کەلێنەکان؛ د) دیاریکردنی ئەولەویەتە نەتەوەییەکان و ئامادەکردنی پلانی کار بۆ چارەسەرکردنیان. ئەمەش بووە هۆی پەسەندکردنی پەیماننامەی میناماتا لەلایەن عێراقەوە لە ١٦ی ئەیلولی ٢٠٢١ وە بووە هۆی بە ئەندام بوونی لەم پەیماننامەیەدا.

### ب- پشتیوانیکردن لەحکومەتی عێراق لەگەشەپێدانی پلانی جێبەجێکردنی نیشتمانی (NIP) بۆ کۆنگرەی ستۆکهۆڵم لەسەر ماددەی پیسکەری درێژخایەن (ماددەی ئەندامیی کە دەبنە هۆی پیسبوونێکی بەردەوام).

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە پشتگیری حکومەتی عێراق دەکات بە ئامانجی پەرەپێدانی پلانی جێبەجێ کردنی نەتەوەیی (NIP) بۆ پەیماننامەی ستۆکهۆڵم لەسەر پیسبوونی ئەندامی بەردەوام (POPs). پرۆژەکە ٣ پێکهاتەی هەیە: (١) پەرەسەندنی داهێنانی پۆپس، (٢) گەشەپێدانی پلانی جێبەجێ کردنی نەتەوەیی، و (٣) پەرەسەندنی دەستپێکێکی دەرەکی.

پرۆژەکە تیمێکی فرەدەسپلینی لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراق دامەزراند و داهێنانەکانی ٣ جۆری (PCB POPs): (POPs) و پیسکوژی (POPs) و بڵاوکردنەوەی نا مەبەستانەی (POPs) دامەزراندووە. تیمی پرۆژەکە بڕێکی بەرچاو لە (POPs) دۆکیۆمێنت کرد کە پێویستە بە سەلامەتی لەناوببرێن، و پلانی کاری پەرەپێدراو بۆ لابردنی هەر یەك لە پۆلەکانی (POPs). هەرسێ پلانی کارەکە لەنێو پلانی نیشتیمانی جێبەجێکردنی پلانی ستۆکهۆڵم دا لێکدراون وهەموویان لە نێو یەك پلان کۆکراونەتەوە. هەروەها پڕۆژەکەش ستراتیژیەکی دەرەکی و نەخشەڕێگایەکی بۆ پێشکەشکردنی پلانی جێبەجێکردنی نیشتمانی بۆ سکرتارییەتی کۆنگرەی ستۆکهۆڵم پەرەپێداوە

### ت- پشتیوانی حکومەتی عێراق لەپتەوکردنی پێکهاتەی دامەزراوەیی بۆ بەڕێوەبردنێکی بەهێز و تەندروستی کیمیایی لە ڕوویی ژینگەیی یەوە

بە هەماهەنگی MOE، پرۆژەکە تیمێکی پرۆژەی لەسەر ئاستی نەتەوەیی دامەزراند. تیمەکە، ڕاهێنانێکی نەخشەسازییان کرد بۆ لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی کەلێنەکانی ناو کاری دارایی و تەکنیکی و کاری تیمی بۆ ئەوەی ڕێگاچارەی گونجاو پێشنیار بکەن. دوو ڕاپۆرت لەلایەن تیمی یاساییەوە پەرەی پێدرا و ئامادەکرا. ئەو دوو ڕاپۆرتەی کە لەلایەن تیمی یاساییەوە پەرەی پیدراوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی یاساکانی وەکو؛ بەڕیوەبردنی ماددە کیمیایی یەکان ڕێنمایی و یاساکان، داڕشتنی هەڵسەنگاندنی دامەزراوەیی بەڕێوەبەرایەتی کیمیایی لە عێراقدا. هەروەها پرۆفایلێکی بەڕێوەبەرایەتی کیمیایی بۆ عێراق پێکهێنراوە. ئەم پرۆفایلە کیمیاییە دەبێتە بنەمایەك بۆ عێراق بۆ هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەرایەتیی کیمیایی لەوڵاتەکەداو بڕیاری ئاگادارکردن لەسەر بەڕێوەبەرایەتی کیمیایی بدات. هەروەها چەندین پرۆگرامی ڕاهێنان بۆ بەرزکردنەوەی توانای دامەزراوەیی و تاکەکەسیی بۆ بەڕێوەبردنێکی بەهێزی ماددە کیمیاییەکان لە عێراق بەڕێوەچوون ئەمەش بووە هۆی دیزاینی تۆمارێکی کیمیایی بۆ عێراق و پەرەپێدانی ٢ پێشنیار لەلایەن پرۆژەکەوە: (١)پێشنیار بۆ نەهێشتنی PCBs (٢) پێشنیار بۆ نەهێشتنی پیسبوونی POPs.

## ٤- لە خاپوورەوە بۆ ئاوەدانکردنەوە

ڕێکخراوی نێودەوڵتی کۆچ و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە هاوکارن لە دامەزراندنی سەنتەرێکی دووبارە بەکارهێنانەوەی پاشماوەی (خۆڵ وخاشاکی) (ڕیسایکلین) لە موسڵ بە هەماهەنگییەکی پتەو لەگەڵ شارەوانی موسڵ و وەزارەتی ژینگە، کە لەدوای هێرشی تێرۆریستانی داعش بۆ سەر موڵ و داگیرکردن و وێرانکردنی ئەو شارە نزیکەیا ١٠-١١ ملیۆن تۆن پاشماوەی زبڵ و خاشاك لە موسڵ کۆبۆتەوە.

ئەمەش بە سوپاسەوە بەهۆی پاڵپشتی دارایی حکومەتی ژاپۆنەوە ئەنجام دەدرێت. چاوەڕوان دەکرێت ئەم سەنتەرەی ڕیسایکلین کە هاوشێوەی نیە لە عێراقدا لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٢٢ دا بخرێتە بەردەست و کاری پێبکرێت و رادەستی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکرێت. چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوودا ئەم سەنتەرەی ڕیسایکلینە ببێتە ڕێگاچارەیەکی باش بۆ کەمکردنەوەی زبڵ و خاشاکی کەڵەکەبوو بهۆی وێرانکاری یاخود دووپارە بنیاتنانەوەی شارەکە. بەم شێوەیەش بە کەمکردنەوەی فشاری سەر ڕووبارەکان بەهۆی دەرهێنانی بەرد و خیزی نێو ڕووبارەکان کەم ببێتەوە کە لە ئێستادا لە باکووری عێراقدا بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم کارە ئەنجام دەدرێت و دەبێتە هۆی تێکچوونی ڕووبارەکان هەروەها پاراستنی زەوییە شارستانییە کەمەکان لە بەکارهێنانی وەك زبڵ.

## پێشینەی کاری UNEP لە ساڵی ٢٠٢٢

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگەبەردەوام دەبێت لە پشتگیریکردنی حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشە گرنگەکانی ژینگە. ئەمەش لەکاتی ڕەچاوکردنی ئەولەویەتە نەتەوەییەکاندا ئەنجام دەدرێت کەئامانجی کەمکردنەوەی کەمبوونەوەی پیسبوونی ژینگەیی و باشترکردنی چۆنیەتی ژیانی خەڵکی عێراقە و بەپێی پابەندییەکانی لەژێرچەند ڕێککەوتنێك وستانداردەکانی ژینگەیی نێودەوڵەتی. بەپێی پلان و نەخشەی کاری UNEP ٢٠٢٢-٢٠٢٣ (POW) و ستارتیژی ماوەی-مامناوەند ٢٠٢٢-٢٠٢٥ پێشینەی کاری ٢٠٢٢ ئەمانە دەگرێتەوە:

- بەرەوپێشبردنی بەرنامەی گۆڕانی کەش و هەوا لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی ڕێگاکانی گونجاندن و خۆگونجاندنەوە کە سەرنج دەداتە سەر پلانی ئاستی نەتەوەیی بۆ گونجاندن و گونجاندن لەسەر بنەمای ئیکۆسیستەم (EbA) و گونجاندن لەسەر بنەمای کەرت.
- ڕاهێنان و گەشەپێدانی دامەزراوەیی لەسەر شەفافیەت، ڕاپۆرتی شەفافییەتی دووساڵیی (BRTs).
- پشتگیری دەساڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گێڕانەوەی ئیکۆسیستەم و بەڕێوەبردنی بەردەوامی خاك
- دامەزراندنی تۆڕەکانی MPA و بەهێزکردنی کاریگەری و چالاکیی بەڕێوەبردن
- پشتیوانی لەجێبەجێکردنی کاریگەر و هاوتەریبی MEAs(ستۆکهۆڵم و ڕۆتەردام و بازل و میناماتا) لەئاستی نەتەوەییدا
- بەهێزکردنی بەردەستبوونی داتای ژینگەیی.
- بە ئەنجام گەیاندنی ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی پیسبوون و پشتیوانیکردن لەجێبەجێکردنی.




# بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێکردنی مرۆیی

پەیامی

## بەرێــز وائــل ئەشــهەب

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پرۆگرامی نیشتەجێبوونی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕاسپاردراوە بۆ پەرەپێدان و گرنگیدان بەبەردەوامیی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی شار و شارۆچکەکان. خاڵی بنەڕەتی لە نێو هەموو سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان دا بابەت و کێشەکانی شارستانییەت و نیشتەجێکردنی مرۆڤەکانە. نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٧٥ەوە کار لەسەر نیشتەجێکردنی مرۆڤ دەکات لە هەموو جیهاندا و تیشك دەخاتە سەر بنیاتنانی داهاتوویەکی گەشتر بۆ ئەو کەسانەی لە گوند و شارۆچکە و شارەکاندا دەژین. ڕێکخراوی هابیتات بریتی یە لە خاڵی سەرەکی لە بەرنامە و سیستەمی نەتەوەیەکگرتووەکان کە گرنگی بە شارستانییەت و نیشتەجێکردنی مۆرڤ دەدات، لەهەمان کاتدا بەپارێزەری ئامانجی ١١ دادنرێت کە هەوڵ دەدات شارەکان و شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤ و شارستانییەت بەشێوەیەکی بەردەوام باشتر بکات و سەلامەتیان بپارێزێت و بیانپارێزێت.

لەگەڵ سەرنجدانە سەر گەیشتن بە چوار ئامانجی پێکەوەبەستراو و هاوبەشەکانی یان بواری گۆڕان - نایەکسانی بۆشایی و هەژاری، سەرفرازی هاوبەش؛ چالاکی لەسەر بواری ئاووهەوا و ژینگەی شارستانی؛ وە ڕێگریکردن لە قەیران و وەڵامدانەوە – ڕێکخراوی هابیتات زۆر باشە بۆ یارمەتیدانی شارەکان و وڵاتان بۆ بەرەنگاربوونەوەی قورسترین بەرەنگارییەکانی شارنشینی وچارەسەرکردنی کێشەکانی بەردەم شارستانییەت، وە سوود وەرگرتن لەو دەرفەتانەی کە شارنشینی پێشکەشی دەکات بۆ گەورەکردنی بەشداریە ئەرێنیەکان بۆ گەشەسەندنێکی بەردەوام.

نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٦ەوە لە عێراق چالاکە لە ژێر بەرنامەی نەوت بۆ خۆراك لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، نەتەوە یەکگرتووەکان بە زۆری خەریکی هەوڵی چاکبوونەوە و بنیاتنانەوەی بوو، بە تایبەتی پشتگیری ئاوارە ناوەخۆییەکان (IDPs) وە گەڕاوەکان لە ڕێگەی دابین کردنی شوێنی حەوانەوە و چارەسەری پلانی بنیاتنانەوە.

ڕێکخراوی هابیتات لە عێراق پشتگیری لە حکومەتی عێراق دەکات لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نیشتمانیدا بۆ بەرزکردنەوەی گۆڕانکاری شارەکان و نیشتەجێبوونە مرۆییەکان لە ڕێگەی لینسی کەمبوونەوەی نایەکسانی بۆشایی و خۆشگوزەرانی هاوبەش و باشترکردنی ژینگەی شار وە کاریگەری ڕێگریکردن لە قەیرانی شارستانی و وەڵامدانەوە کێشەکان وچارەسەرکردنیان. لە ڕێگەی هاوبەشیکردنی لەگەڵ حکومەت و لایەنە گەشەسەندووەکان، ڕێکخراوی هابیتات کاردەکات بۆ ئاسانکاری گەیشتنی خەڵك بەشێوەیەکی یەکسان بۆ دەزگا و خزمەتگوزارییەکان بۆ دەستەبەرکردنی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی و پاراستن و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

ڕێکخراوی هابیتات کاردەکات بۆ دەستەبەرکردنی ئاسانکاری بەردەوام و شکۆمەندانە و خۆبەخشانە بەهۆی ئاوەدانکردنەوەی شارەکان و نۆژەنکردنەوەی خانووەکان و ژێرخانی ئابووری لەو ناوچانەی کە خەڵکی بۆی دەگەڕێنەوە و پشتگیریکردنی بژێوی ژیانیان. ڕێکخراوی هابیتات هەروەها پشتگیری تەکنیکی پێشکەش بە حکومەت دەکات لەڕێگەی پێشنیارکردنی میتۆدۆلۆگی کرداری بۆ گواستنەوەی کەمپەکان بۆ ناو ناوچە نیشتەجێ بوونی شارەکان و پاراستنی مافی خانووبەرە و زەوی و موڵکی هەموو زیانلێکەوتوان و پەنابەرەکان.

ڕێکخراوی هابیتات هەروەها هاوکاربوو لە ماوەی پەتای کۆڕۆنا ئەمەش لەڕێگەی سەرنجدانێکی تایبەتی بە کۆمەڵگە هەستیارو زیانلێکەوتووەکان لە ناوچە نافەرمییەکان، و ناوچە زیانلێکەوتووەکان. نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام دەبێت لە پشتگیری کردنی خەڵك و کۆمەڵگا زیانلێکەوتووەکان و هەروەها دەسەڵاتدارانی ناوخۆ لەم قەیرانە سەختەدا.

**وائــل ئەشــهەب**

بەرپرسی هابیتات لە عیراق



## بەرنامەی سەرەکی ڕێکخراوی هابیتات لە عێراقدا

ڕێکخراوی هابیتات ئامانجی ئەوەیە کە پشتگیری لە گەڕەکە زیانلێکەوتووەکانی ناکۆکیەکان و ناوچە نافەرمیەکان بکات و توانای ناوخۆیی پەرە پێبدات بۆ پلانی باشتری شارستانی و بەدیهاتنی ئامانجەکانی SDGs. ڕێکخراوی هابیتات شەش بەرنامەی سەرەکی جێبەجێ کرد بۆ گەیشتن بەم ئامانجە:

١- چاککردنەوەی شارستانی ناوچەیی لە شارە ناکۆکەکان لە ڕێگەی نۆژەنکردنەوەی خانووبەرە زیانلێکەوتووەکانی جەنگ و شوێنە گشتیەکان و ژێرخانی بنچینەیی وەك قوتابخانە و ئاسانکاری لە ئێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستی یەکان،

٢- دروستکردنی یەکەی خانووبەرە بە تێچوویەکی کەم بۆ نیشتەجێکردنی ئەو گەڕاوانەی کە خانووەکانیان لە دوای چاککردنەوە ڕووخێنراوە،

٣- پشتیوانیکردن لە بژێوی ژیانی هاوڵاتیان و هەلی ئابووری ناوخۆیی لە ڕێگەی دابینکردنی هەلی کار و ڕاهێنانی پیشەیی،

٤- پاراستنی مافی هاوڵاتیان لە ڕووی خانووبەرە و زەوی و موڵکەکانی پەنابەرانی نێوخۆیی و پەنابەری گەڕاوا بۆ ناوچەکانیان و کەمینەکان؛

٥- دابینکردنی پەناگەی فریاگوزاری و پشتگیری NFI بۆ پەنابەرە نێوخۆییەکان ئەوانەی کە لە دەرەوەی کامپەکان دەژین؛

٦- بەدەموەچوونی خۆپارێزی لە کۆڤید١٩ و پلانی کاریگەر بۆ خۆپارێزی لەم ڤایرۆسە.

## کاریگەری لە ٢٠٢١

- باشترکردنی بارودۆخی ژیان بۆ نزیکەی ٥٠،٠٠٠ پەنابەر و ئەوانەی کە گەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان لەڕێگەی نۆژەنکردنەوەی زیاتر لە ٥٨٠٠ خانووی زیانلێکەوتوو بەهۆی جەنگەوە لەگەڵ و دروستکردنی زیاتر لە ٤٠٠٠ یەکەی نیشتەجێبوونی نوێ بۆ مەبەستی نیشتەجێکردنی پەنابەرە گەڕاوەکان.
- چاککردنەوە و زیادکردنی شوێنە گشتیەکان و ژێرخانەکان کە بریتین لە ئاسانکاریەکانی ئاو و تەندروستی و کلینیکی تەندروستی و قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکان.
- پاراستنی مافی خاوەندارێتی خانووبەرە و زەوی و موڵکی نزیکەی ٤٠،٠٠٠ پەنابەر و گەڕاوەکان و کەمینەکان لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی پشتگیری یاسایی و ناسینەوەی مافی خاوەندارێتی.
- ڕاهێنانی گەنجانی بێکار و ڕەخساندنی هەلی کار، زیاتر لە ٣٥٠٠ کەس مەشقیان پێکراوە و زیاتر لە ٢٠ هەزار هەلی کار دابین کراوە
- توانا تەکنیکییە بەرزکراوەکانی حکومەتی عێراق بۆ کۆکردنەوە و بەڕێوەبردن و شیکردنەوەی داتاکان بۆ پلاندانانێکی شارستانی باشتر و دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی ئامانجە بەردەوامەکانی گەشەسەندن (SDGs)
- پشتگیری ٩٠٠٠ خێزانی ئێزدییان کردووە بۆ دابینکردنی بڕوانامەی سەلماندنی ئەوەی کە ماڵ و زەوی و موڵکیان داگیرکراوە.

## دایکێکی تێکۆشەرەکەی عێراقی شارەزایی و لێهاتووی نوێی باخچەوانی لەپرۆژەی یەکێتی ئەوروپادا فێر دەبێت

(یوئێن-هبیتات - خاتوو شیلا ئەلهیالی)

موسڵ، عێراق ئازاری ٢٠٢١ دوای ئەوەی لە شەش ساڵی ڕابردوودا بۆ پشتگیری خێزانەکەی تێدەکۆشێت، نەفلە محەمەد عەلی ئێستا باخچەوانێکە لە پارکی ئەل یارموك لە ئێستادا وەك بەشێك لە پرۆگرامی چاککردنەوەی شارستانی کە لە یەکێتی ئەوروپاوە دامەزراوە. نەفلە و خێزانەکەی لە شارۆچکەی بەتنیەی باکوری موسڵ لەسەر مەزرەعەیەکی نۆك دەژیان بەڵام لە کاتی شەڕی قورسدا لە ساڵی ٢٠١٤ ڕوویان لە موسڵ کرد و لە نزیك پارکی ئەل یارموك نیشتەجێ بوون. کاتێك مێردەکەی بەهۆی کێشەی بڕبڕەی پشتەوە ئیشەکەی لەدەست دا، نەفلە ناچار بوو بەرپرسیارەتی ژیانی خۆیان و پێنج منداڵەکانیان بگرێتە ئەستۆ.

ئەو دەڵێت: "ئەگەر ڕۆژێك کارم نەکردایە، ئەوا خێزانەکەم هیچ شتێکیان نەدەبوو بۆ خواردن لە ژەمی نانی نیوەڕۆدا". من شڵەژابووم و بە تەواوی نائومێد و هیچ دەرفەتێکم نەبوو.

ئەو چاوی کەوت بە بەرنامەی باخەوانیی UN-Habitat کە لەچوارچێوەیی نۆژەنکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی شار وەکو دەستپێشخەرییەکی ڕێکخراوەکە کە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە پاڵپشتی دارایی دەکرێت و پێویستیان بە ئافرەتی باخەوان بوو توانی ئەم هەلە بقۆزێتەوە و بەشداربێت لە پرۆگرامەکە. ئەو دەڵێت ئێستا باری دارایی باش بووە.

نافلە یەکێکە لەو ٣٠ ئافرەتە زیانلێکەوتووەی جەنگ کە لە نێوان ٤١٠ ئافرەت کە داواکارییان پێشکەش کردبوو بۆ بەشداریکردن لە "بەرنامەی باخەوانی بۆ ئافرەتان" کە ڕێکخرابوو لەلایەن UN-Habitat هەڵبژێردراو و دەستبەکاربوو. بەشێکی زۆری بەربژێرەکانی ئەم بەرنامەیە بێوەژنی زیانلیکەوتووی جەنگ بوون کە خێزانەکانیان لە ڕێگەی یارمەتییە خێرخوازییەکانی مزگەوتەکانەوە بژێوی ژیانیان دابین دەکرد.

دەستپێشخەرییەکە هەستا بە داین کردنی ڕاهێنانێکی چڕی ١٠ ڕۆژی پیشەیی بە نەفلە و هاوکارەکانی، لە ڕاهێنانەکەدا وانە سەرەکییەکانی باخداری لەخۆ دەگرت،کە پێکهاتبوو لە زانیاری لەبارەی پێکهاتەی خاك، جۆری ڕووەك، چاندن و چاودێری گشتی. خولەکە بەڕاوێژێکاری لەگەڵ لەگەڵ بەشی کشتوکاڵ لەزانکۆی موسڵ و بەشی کشتوکاڵی نەینەواو شارەوانی موسڵ بەڕێوەچوو.

## پارکی موسڵ - ئەل یارموك: خاتوو نەفلەی باخەوان

(UN_Habitat /خاتوو شیلا ئەلحیالی)

لەوانەیە ئێستا بە خەندە بمبینیت، بەڵام من لە ژیاندا تووشی ناخۆشییەکی زۆر بووم. من پێنج منداڵم هەیە، وە تەنها خەونم لە ئێستادا بۆ ئەوان ئەوەیە کە پەروەردەیەکی باش و ژیانێکی باشتریان هەبێت لەوەی کە من هەمبووە. نافلە گوتی من نامەوێت ئەوان وەك من ئازار بکێشن.

نافلە و ئافرەتە باخەوانەکانی تر لە دەستەکەی چاوەڕوان دەکرێت کە بەردەوام بن لە کارکردن لەسەر ئەم بەرنامەیە بۆ ساڵی داهاتوو UN_Habitat لەگەڵ شارەوانیی کەرتی ئەل ڕەبیع دانوستان دەکات بۆ دامەزراندنی پێنج لە باشترین مەشقپێکراوەکان لە بەرنامەکەیان وەك کارمەندی تەواو بۆ یارمەتیدانی پاراستنی پارکی ئەل یارموك. مەشقکەرەکانی تر لە خولێکی ڕاهێنانی کارپێکردن تۆمار دەکرێن کە بە هاوتەریب لەگەڵ ئەم دەستپێشخەرییە بەڕێوە دەچێت.

کاتێك پرۆژەکە تەواو بوو، پارکەکە کراوەیە بۆ ڕای گشتی، نافلە بەنیازە منداڵەکانی بباتە ئەوێ.

ئەو دەڵێت: "هەست بە شانازی دەکەم بەو دارانەی کە بە خۆشەویستییەکی زۆرەوە چاندوومن و گرنگیم پێیان داوە. ئەو شێوازەی من کە لەگەڵ دارەکان دەجوڵێمەوە و گرنگییان پێدەدەم گرنگی پیدانی دایکانەیە . من هەست بە زیندوویی دەکەم کاتێك لەوێ کار لەگەڵ ڕووەك دەکەم"

لەسەر ئاستی گشتی ئەم جۆرە دەستپێشخەرییانە بۆ دووبارە بنیاتنانەو و نۆژەنکردنەوەی شوێنە گشتی یەکان یارمەتی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی دەدەت لەو کۆمەڵگایانەی کە توشی جەنگ بوون. دەستگەیشتنی بەخۆرایی بۆ شوێنە گشتی یەکان و سوود بینین لێی ڕۆڵێکی گرنگ



دەگێڕێت لە گشتگیری و یەکبوونەوەی کۆمەڵگاو باشتر بوونی بارودۆخی فیزیایی و کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگا. بە تایبەت لەبارەی کەیسی موسڵ، کە تێیدا چەند ناوچەیەکی زۆر دووبارە نۆژەنکراونەوە و بنیاتنراون. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠کان زۆرێك لە پارکە گشتی یەکانی شار بە کرێ دراون بە کۆمپانیاکانی گەشت و گوزار. لە ڕێگەی ئەم دەستپێشخەرییەوە UN-Habitat هەلی دەستگەیشتن بە شوێنە گشتی یەکان و پارکەکان بۆ زیاتر لە نیو ملیۆن کەس دابین دەکات کە لە ڕۆژئاوای شاری موسڵدا دەژین. ئەو هاوڵاتیانە دەتوانن بێن بۆ پارکەکان تاوەکو لە ڕۆژانی گەرمای هاویندا لەژێر سێبەری ئەو دارانە بحەسێنەوە کە نەفلە خان و هاوڕێکانی چاندوویانە.

## یو ئێن-هابیتات هەوڵی بەرزکردنەوەی هەلی هاوبەشی بۆ پرۆژەکانی چاککردنەوەی شارستانی ناوچەیی لە هیت دەدات

هێیت، عێراق، ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١- گەڕەکی ئەلبەکەر کە ڕووبەرەکەی دوو کیلۆمەتر دووجایە، لە کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فوراتدا دەپەڕێتەوە، گەورەترین و قەرەباڵغترین ناوچەیە لە کۆی ئەو ١٤ ناوچەیە کە شاری هەیت لە پارێزگای ئەنبار پێکدێنێت. دوای ساڵی ٢٠٠٣ و بەهۆی تێکچوونی باری ئەمنی ناوچە گوندنشینەکانی دەوروبەرەوە چەندین خێزانی کەمدەرامەت گواستراونەتەوە بۆ ئەم گەڕەکە و هەمەش بووە هۆی دروست بوونی فشارێکی زیاتر بۆ سەر سەرچاوە سنوردارەکانی شارەکە.

لە ٢٠١٤-٢٠١٧ لە کاتی ناکۆکی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٧، زیاتر لە شەش ملیۆن ئیراقی لە ماڵەکانیان ئاوارە بوون، لە دوای دارمانی داعش زۆر کەس بەهۆی زیانی زۆر یان وێرانکردنی ماڵەکانیان نەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان و ناچاربوون لە کامپی ئاوارەکاندا بمێننەوە یان چارەسەری کاتی بدۆزنەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونی بەکرێ یان بە ناچاری لە شوێنێکی بچوکی قەرەباڵغ لەگەڵ خزمان ژیان بەرنەسەر، یان پەنا بۆ بینا تەواونەکراوەکان ببەن و وەکو شوێنی حەوانەی خۆیان و خێزانیان بەکاریان بهێنن.

موهەنەد زوبێر قائیمقامی هیت وتی: دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤دا ڕێکخراوی تێرۆریستی دعش ناوچەی هیت-ی داگیرکرد بۆ ماوەی دوو ساڵ ژێرخانی ئابووری و خانوو و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی ناوچەکە تێکشکێنرا، بۆیە لەگەڵ حکومەتی ناوەند و پارێزگای ئەنبار و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارمان دا بە نۆژەنکردنەوەی ئەو شوێنانەی کە داعش لەناوی بردن و وێرانی کردن. گەورەترین کاولکاری لە خانووی نێشتەجێبوونی هاوڵاتیان دا کرابوو ئەمە کێشەی هەرە گەورەی ئێمەبوو.

وتیشی: "لەگەڵ ئەمانەش پێویستمان بە نۆژەنکردنەوەی تۆڕەکانی ئاو و زیادکردنی ئاسانکارییە پیویستەکانی ژیان هەبوو وەکو؛ ناوەندە پزیشکییەکان و دروستکردنی پارك و یاریگای وەرزشی لە گەڕەکی ئەلبەکر، کە



بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری زۆرەوە دەناڵێنن و شایەنی پشتیوانین"

بۆ هاندانی گەڕانەوەی بەردەوامی ئاوارەکانی ناوخۆ و باشترکردنی باری ژیان و گوزەرانی پارێزگا ناکۆکەکان، نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠١٩ لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا و بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (**UNDP**) هاوبەش بوو بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی چاککردنەوەی ناوخۆیی لە پێنج کۆمەڵگەی ئامانجدار، لەوانە ئەلبەکر لە شارۆچکەی هیت.

بەجێبەجێکردنی کۆمەڵێك پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی کاریگەر لەڕۆژئاوای ئەلبەکر بەهماهەنگییەکی نزیك لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوخۆ، نەتەوە یەکگرتووەکان توانی هاوبەشی بکات لە پڕۆژەی دەزگای خێرخوازانی ئەلوەلید لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٠ بۆ کەمکردنەوەی گواستنەوە و تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆڤید-١٩.

لەنێوان ئەو کۆمەڵە پرۆژانەدا کە ئەنجامدراون، نەتەوە یەکگرتووەکان ١٨٠ خانووی زیانلێکەوتووی جەنگی نۆژەن کردەوە، قوتابخانەیەکی سەرەتایی نوێی کردەوە، پارکێکی نوێ و دوو شوێنی وەرزشی دروستکرد، لەگەڵ زیادکردن و فراوانکردنی تۆڕە خزمەتگوزارییەکان کە خزمەتی زیاتر لە ٦٠٠ خانوو دەکەن، کە پشتگیری دابینکردنی ئاو دەکەن بۆ ٤،١٢٥ کەس، وە حەوت ئاسانکاری تەندروستی زیادکرد، لەوانە نەخۆشخانەی گشتی هیت، بۆ پاراستنی نزیکەی ١٣٠،٠٠٠ کەس لە نێوان کارمەندانی تەندروستی و ئەندامانی کۆمەڵگا لە قەیرانیپەتای کۆڕۆنا.

مەعن سامی بەرپرسی پڕۆگرامی **UN_Habitat** لە عێراق وتی؛ جگە لە بەرزکردنەوەی ڕێگایەکی باشتری بنیاتنان کە پشت بە تەکنەلۆجیای سەوزتر دەبەستێت، ئەم پرۆژانە بەشداریان کردووە لە پشتگیریکردنی ئابووری هیت بە دامەزراندنی کاری هەلی ناوخۆیی و دابینکردنی ئامێر و کەرەستەی بیناسازی بۆ دووۆارە بنیاتنانەوەی شارەکە.

بە گشتی، پرۆژەکانی **UN_Habitat** زیاتر لە ٦٥٠٠ رۆژ هەلی کارکردنیان بۆ دانیشتوانی هیت دروست کردووە لە بواری بیناسازی و کاری مەدەنی و زەوی و هەروەها ڕاهێنانی پیشەیی بۆ ١٢٠ گەنجی بێکار. بەڵێندەرانی عێراقی و گرووپەکانی کۆمەڵگا و ڕێکخراوە ناحکومییەکانیش لەنێو ئەم پڕۆژەیەدابوون و بەم شێوەیە دەرفەتی بۆ هاودەمی و تواناسازیی و "چالاکی نەرمی" وەك چالاکی وەرزشی وەك چالاکی منداڵان و کەمپینەکانی چاندن ڕێکخران.

ڕێچکەی ٣٦٠-پلەیی **UN_Habitat** لە هیت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا لە ڕێگەی پڕۆژەکانی فراوانکردنی نێوخۆیی لە بە هاوکاری پەیوەندی متمانەیی بە لایەنە بەرپرسیارەکانی شارەکە بە تایبەت لەگەڵ ئۆفیسی شارەوانی هیت بۆ جارەسەرکردنی کێشەکانی شارەکە و ڕەخساندنی هەڵومەرجی گونجاو بۆ ژیانێکی ئاسایی بۆ هاولاتیانی شارەکە.

کارەکانی **UN_Habitat** لە ئەلبەکر نمونەیەکە بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕێبازێکی گشتگیری فرە ڕەهەندی لە دیزاینکردن و جێبەجێکردنی زنجیرەیەك لە پرۆژەکانی ناوچەیی کاریگەری بەرز کە ئامانجیان چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا و زیادکردنی هەڵومەرجی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی هەروەها بەرزکردنەوەی هاوبەشییە هەمەجۆرەکان لە نێوان بەخشەرەکان، دەسەڵاتدارانی ناوخۆ، کەرتی تایبەت و کۆمەڵگای مەدەنی بۆ بەرزکردنەوەی کاریگەریی و دەرئەنجامەکانی مداخەلەکردنەکانی (**SDG** ١٧).

لە ئەنجامدا، پرۆژەکان نەك تەنها باری ژیان و توانای دەستگەیشتن بە ژێرخانی بنچینەییان باشتر کردووە، بەڵکو هەستی شکۆی، سەلامەتی، ئاسایش و ئاسایشی دانیشتوانیشی زیاتر کردووە. هەووەها پشتگیری بەهێز و هەستی پارێزراوییان بۆ ئافرەتان و مندڵەکانیان دروستکردووە.

هەرەوها خانووە پارێزراوەکان و شوێنە پارێزراوەکانی تایبەت کە منداڵان بتوانن تییاندا بە ئارامی و بە پارێزراوەی یاری تێدابکەن لە سەردەمی کەرەنتینی بەهۆی ڤایرۆسی کۆڤید١٩ لە سالی ٢٠٢٠ کە قوتابخانەکان داخرابوون گرنگییەکی زیاتریان بۆ دروست بوو ، لەو سەردەمەدا منداڵان ناچار دەکران تا هەموو رۆژەکە لە ماڵەوە بمێننەوە. لەگەڵ تەواوبوونی پارکی نەجوم و یاریگاکەی، منداڵەکان ئێستا شوێنێکی سەلامەتیان هەیە بۆ ڕۆیشتن و یاریکردن، لە ئێستا دا دەتوانن چێژ وەربگرن لە یاریکردن لەو شوێنانە و زیاتر هەست بە مندڵ بوونی خۆیان بکەن.



# کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران

## پێشەکی لەلایەن

### نوێنەری کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران لە عێراق

## جۆن نیکۆلاس بەز

سەرەڕای ئەو ئاڵنگارییانەی کەوا هاتنە پێش لە ساڵی ٢٠٢٠ و ٢٠٢١دا، تیمی کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران لە عێراق بەردەوام بوو لە پێشکەش کردنی پشتگیری بۆ لاوازترین ئاستەکان لەگەڵ چەندین خزمەتگوزاری جۆراوجۆر

سڵی ٢٠٢١ ساڵێکی تری سەخت بوو بۆ ئاوارە بوونی ٢٩٠،٠٠٠ پەنابەر و هەروەها ١،٢ ملیۆن پەنابەری نێوخۆیی لە ناوچەکانی خۆیان. سەرەڕای مەترسییە تەندروستییەکان کە بەهۆی بارودۆخی ژیانیانەوە بەرز بوونەوە، نەخۆشی کۆڤید-١٩ و کاریگەری ئابووری و کۆمەڵایەتی کاریگەری زۆری لەسەر هەلی بژێوی ژیانیان هەبوو. بووە هۆی پاڵنان بە خێزانە ئاوارەکان بۆ هەژاری زیاتر و مەترسی زیانی گەروەتر چونکە ناچاربوون میکانیزمی گونجاندنی زیانبەخش بگرنە بەر، وەك کەمکردنەوەی ژەمە خۆراکییەکان، کەمکردنەوەی خەرجیەکانی تەندروستی و پەروەردەیی، و کارکردنی منداڵان.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢١دا هێشتا زۆرێك لە ٤،٩ ملیۆن ئاوارەی نیوخۆیی لە عێراق گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان کە پێویست بوو خانووەکانیان دروست بکەنەوە و کارێکی شایستە بدۆزنەوە یان خزمەتگوزاری جۆرییان هەبێت، وەك کارەبا، ئاو، پەروەردە یان تەندروستی.

لە ماوەی  کارکردنم  لە عێراق تا ئێستا لەگەڵ زۆرێك لە خێزانە ئاوارەکانی عێراقی، سوری، ئێرانی یان تورك،  کە لە ئافرەت و پیاو و منداڵ پێکهاتبوون کۆبوومەوە ئەوان بەردەوامن لە نیشاندانی خۆڕاگری بۆ مانەوە لە ژیان. هیوای ژیان دەخوازن بۆ ئەوەی ڕۆژێك بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان بەڵام ئاماژە بەوە دەدەن کە هەست بە ئارامی و باری ژیان ناکەن لە وڵاتی بنچینەییەکانیاندا کە ڕێگەیان بۆ خۆش بکات و هیوایان پێ بدات بە زوویی بگەڕێنەوە ئەوێ.



لەلایەن هاوبەشەکانمانەوە هاوکارییەکی باشمان کراوە و سوپاس بۆ ئەو پێشوازییە و سیاسەتە گشتگیرانە بەتایبەتی ئەوانەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە پێشکەشکران. پێویستە ئێستا پاڵپشتییەکان زیاتر بکرێن بۆ ئەوەی ئاوارەکان کەمتر پشت بە هاوکارییە مرۆییەکان ببەستن و لە ڕووی ئابوورییەوە پشت بە خۆیان ببەستن، وەك ئەو ژنە پەنابەرانەی کە بوون بە شێفی شیرینی لە کامپی پەنابەرانی دۆمیز لە دهۆك و ئێستا لە دەرەوەی کامپەکە شیرینەکانیان دەفرۆشن.

خێزانە ئێزدیەکان لە بنەڕەتدا خەڵکی شەنگالن و هێشتاش لە کامپەکانی دهۆکدان، لەگەڵ چەندین خێزانی دیکەی عێراقی کە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، بە هەمان شێوە بۆ گەڕانەوە و لە هەمان کاتدا لە بارودۆخێکی سەختدا دەژین. بۆ لاوازترین خێزانە ئاوارەکان و ئەوانەی کە لە کۆمەڵگەی خانەخوێ کە بەشێوەیەکی زۆر بەخشندەیی پێشوازیان لێکردوون، هێشتنەوەی ئەو هێڵە ژیانەی کە لەلایەن کۆمەڵگەی مرۆڤدۆستەوە دابین کراوە و چڕ کردنەوەی هەوڵەکانیان بۆ زیادکردنی خۆڕاگرییان زۆر گرنگە. هەروەها بەهێزکردنی توانای دامەزراوە گشتیە پەیوەندیدارەکان بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری جۆری بۆ دانیشتوان و ئاوارەکان زۆر گرنگە.

سەرەڕای ئەو ئاڵنگارییانەی کەوا هاتنە پێش لە ساڵی ٢٠٢٠ و ٢٠٢١دا، تیمی **UNHCR** لە عێراق بەردەوام بوو لە پێشکەش کردنی پشتگیری بۆ لاوازترین ئاستەکان لەگەڵ چەندین خزمەتگوزاری جۆراوجۆر، وەکو؛ یارمەتی نەختینەیی ئامانجدار، خزمەتگوزاری پاراستنی منداڵان، خزمەتگوزاری پاراستن و ڕێگریکردن لە تاواناکانی جێندەری، پێشکەشکردنی پاڵپشتی دەروونی و خزمەتگوزاریی سەرەتایی تەندروستی و خزمەتگوزاریی یاسایی و ڕاوێژی یاسایی ویاسایی ڕێکخستنی خێزان و مافی زەوی و موڵك (**HLP**). بەرەو کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ سیاسەتی یەکخستنی پەروەردەی پەنابەران لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پەسەند کرا. لە ژێر سیاسەتی نوێدا منداڵانی کۆمەڵگەی پەنابەری و خانەخوێ شانبەشانی یەلتر لە پۆلەکان دادەنیشن و هەمان پەروەردە و سیستەم پەیڕەو دەکرێت لە پڕۆسەی خوێندن و فێرکردنیان. یەکگرتنەکە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێکەوەیی کۆمەڵایەتی و بەرەوپێشبردنی وەبەرهێنان لە هەردوو ناوچەی پەنابەری و خانەخوێی کۆمەڵگا بۆ ڕەخساندنی هەلی باشتر بۆ منداڵان.

لە کۆتاییدا، پێویستە دەبێ ئاهەنگ بگێڕدرێت بۆ دەستکەوتە مەزنەکان. بەڵام هێشتا چەندین دەستێوەردان لەلایەن دەزگا گشتیە پەیوەندیدارەکان و هەروەها هاوکارانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە داواکراون ئەگەر کەسێك بیەوێت یارمەتی خێزانە ئاوارەکان بدات و خانەخوێەکانیشیان شکۆی خۆیان بگەڕێننەوە و نەك تەنها خەونەکانیان بەدی بهێنن بەڵکو مافەکانیان بۆ دەستەبەر بکەن.

**خێزانە ئێزدیەکان لە بنەڕەتدا خەڵکی شەنگالن و هێشتاش لە کامپەکانی دهۆکدان، لەگەڵ چەندین خێزانی دیکەی عێراقی کە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، بە هەمان شێوە بۆ گەڕانەوە و لە هەمان کاتدا لە بارودۆخێکی سەختدا دەژین**




## پشتگیری دۆکیومێنتی مەدەنی بۆ ئاوارە نێوخۆییەکان: کلیلی گەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان

نەبوونی دۆکیومێنتی مەدەنی یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی ئەمنی کە ڕووبەڕووی ئاوارە نێوخۆییەکان و گەڕاوەکان بۆتەوە نەبوونی دۆکیومێنتی ناسنامە مەترسی پێشێلکردنی مافەکان زیاد دەکات عێراقییەکان کە ناسنامەی گونجاویان نییە، مەترسی دەستگیرکردنیان هەیە بە تایبەتی لە بازگەکان، بواری گەشتکردنیان لە ناو پارێزگا و بەناو پارێزگادا سنووردار و سەخت دەکات. بەهۆی نەبوونی ناسنامەی باری کەسی منداڵەکان بێبەش دەکرێن لە خزمەتگوزاری سەرەتای ی و پیویستی وەکو؛ قوتابخانە، دەرمان و تەندروستی بەتایبەتی ئەگەر نەتوانن ناسنامەی منداڵەکانیان بسەلمێن. بۆ دەستکەوتن یان نوێکردنەوەی ناسنامەکانیان، گەڕاوەکان ڕووبەڕووی بەربەستی زۆر دەبنەوە. بۆ نمونە لە عێراق دەبێت کەسێك گەشت بکات بۆ پارێزگای خۆی بۆ پرۆسەی داواکاری بەڵگەنامەی مەدەنی، ئەو داواکاریەی کە زۆرجار بە هۆی نەبوون و ونبوونی بەڵگەنامە پرۆسەی گەڕانەوە بۆ ماڵی پێش ئاوارەبوونیان قورس یان مەحاڵە. سەرەڕای ئەوەش، ئەو کەسانەی کە پەیوەندی خێزانییان لەگەڵ توندڕەوەکان هەیە پێویستیان بە بەدەستهێنانی ئەستۆپاکی هەیە لەلای ئاسایشەوە وەك پێشەکی بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەنامە مەدەنییەکان. لە زۆر حاڵەتدا خێزانەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی مەدەنی و ئاسایش *و/* یان سەرکردەکانی کۆمەڵگا و هۆزەکانەوە ناچار دەکرێن کە دەست لە پەیوەندییە هەڵبگرن لەگەڵ ئەندامانی خێزان گومانیان لەسەرە یان تۆمەتباران بە پەیوەندی بوون بە گروپە توندڕەوەکانەوە وەك پێشمەرجێك بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئەستۆپاکییە. هەڵسەنگاندنەکان ئەوە نیشان دەدەن کە نزیکەی لەسەدا ٢٨ی ئاوارەکانی ناو کامپ، لە سەدا ٢٥ی ناسنامەی دەرەوەی کامپ، و لە سەدا ١٦ی خێزانە گەڕاوەکان بەلایەنی کەمەوە یج جۆرە دۆکیومێنتێکی سەرەکییان نییە.

وەك بەشێك لە هەوڵەکانی بۆ ئاسانکاری بۆ گەیشتن بە بەڵگەنامە مەدەنییەکان، **UNHCR** پشتگیری لە بەڕێوبەرایەتییەکانی وەزارەتی ناوخۆ و کاروباری مەدەنی کرد بۆ ئاسانکردنی ئەرکەکانیان بۆ کامپەکانی ئاوارە نێوخۆییەکان و ناوچە شارستانییەکان کە ژمارەی دانیشتوانی ئای دی پی زۆرن بۆ پرۆسەی داواکاری بۆ بەڵگەنامە مەدەنیەکان و دەرکردنی ئەم بەڵگەنامانە. لەساڵی ٢٠٢١دا ٢٢ ئەرك تەواوبوو کە پێنجیان بۆ پارێزگای دهۆك و شەشیان بۆ پارێزگای هەولێر و حەوتیان بۆ پارێزگای نەینەواو چواریش بۆ پارێزگای ئەنبار. گەیشتن بە دۆکیومێنتی مەدەنی مەرجێکی سەرەکییە بۆ عێراقییەکان کە بتوانن ژیانێکی ئاسایی لە وڵاتەکەیاندا بەڕێوەببەن. هەروەها توانای دامەزراندنی ناسنامەی یاسایی خۆی پێشمەرجێکە بۆ گەیشتن بە بەخشینەکانی گەڕانەوەیان و پلانی قەرەبووکردنەوە لەژێر پلانی پاراستنی کۆمەڵایەتی لەلایەن وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران. بۆیە **UNHCR** بەردەوام دەبێت لە پێشینەکردنی پشتگیری بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ گەیاندنی ناسنامەکان بە ئاوارە نێوخۆییەکان و دانیشتوانە گشتیەکان بۆ گەیشتن بە بەڵگەنامەکانیان. لە ساڵی ٢٠٢١دا، **UNHCR** بەڕێوەبەرایەتییەکانی کاروباری مەدەنی لە پارێزگای موسڵ و سەلاحەدینی نۆژەنکردەوە وەك بەشێك لە هاوکاریەکانی بۆ چارەسەری درێژخایەن.

## پاڵپشتی دارایی بۆ یارمەتیدانی خێزانە لاوازەکان بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان

زۆربەی خێزانە ئاوارەکان، گەڕاوەکان و پەنابەران ە عێراق دا بەهۆی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەهۆی بارودۆخە سەخت و خراپەکانیان هەوڵیاندا بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکەن. کۆڤید-١٩ و ئەو سەختی و سنوردارییانەی کە بەهۆی ڤایرۆسەکەوە جیهانی پەرێشان کردبوو بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئاوارەکانیشی سەختتر کرد و ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری کۆمەڵایەتی و ئابووری کردنەوە.

کاش ئامرازێکە کە دەتوانێت فۆرمی جۆراوجۆر وەربگرێت بۆ پشتگیریکردنی پەنابەران و گەڕاوەکان بۆ ئەوەی بتوانن ڕووبەڕووی ئەو ئاڵنگارییانە ببنەوە کە لە ژیانیاندا دوچاریان دەبن. بۆ نمونە، پاڵپشتی ماددی (پارەی فرە مەبەست) (**MPCA**) یارمەتی خێزانەکان دەدات بۆ ئەوەی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان بە شێوەیەکی مانگانە دابین بکەن متمانەکردن بە خێزانە ئاوارەکان بۆ ئەولەویەتی خەرجکردنیان بەپێی بارودۆخی دیاریکراویان ڕێکبخەن. ئەم شێوازە یارمەتییە نەك هەر شکۆیان بەرز دەکاتەوە، بەڵکو ئەگەری پەنابردنە بەر ستراتیژی زیان بەخش بۆ ڕزگاربوون مانەوەی لە ژیان کەمدەکاتەوە و بەشداری کردن لە




ئابووری ناوخۆ و کۆمەڵگە خانەخوێیەکان زیاتر دەکات، بەم شێوەیە هەلومەرجی گونجاوی پێکەوەبەستن و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی دروست دەکات. **UNHCR**، لە ڕێگەی بریکارەکانی پارە، ڕاستەوخۆ یارمەتی پارە دابەش دەکات بۆ عێراقییە ئاوارە بووەکان لە ڕێگەی مۆبایلەکانیانەوە و بە دوای پرۆسەی خێرای سەلماندنی بایۆمەتری بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای پشکنینی ئایریس. ئەمە ڕێگە بە ئەوان دەدات کە بچنە نزیکترین خاڵی خزمەتگوزاری و یارمەتییە ماددییەلان وەربگرن کە دواتر دەتوانن بەکاری بهێنن بۆ ئەوەی زۆرترین پێویستییەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن.

خێزانەکان بەپێی ئەولەوییەت دیاریی دەکرێن بۆ دابەشکردنی یارمەتی ماددی بەسەریاندا، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێك گۆڕاوەوە کە بەکار دەهێنرێن وەك پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی هەژاری و زیان بینینیان. ئەو گۆڕاوانەی کە بەکاردەهێنرێن بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی هەژاریی و پێویستی خێزانەکان بریتین لە؛ قەبارەی خێزان ، چۆنیەتی پەناگە، بەکارهێنانی ستراتیجییە زیانبەخشەکان، وەك کارپێکردنی منداڵ، و ڕێژەی خەرجی ماڵەکان لەسەر خواردن، لە نێوان خەرجییەکانی تردا.

لە ساڵی ٢٠٢١دا، **UNHCR** عێراق پشتگیری زیاتر لە ٣٢٠٠٠ پەنابەر و ٦٧٠٠٠ ناسنامە و گەڕاوەی کرد لەگەڵ **MPCA**.

چاودێری پاش دابەشکردنی یارمەتییە ماددیەکان، کەوا بەدواداچوون دەکات بۆ ئەوەی بزانرێت کە خێزانە سوودمەندەکان چۆن ئەو پارەیە بەکار دەهێنن. لە ئەنجام چاودێری کردنی دۆخی دوای دابەشکردنی پارەی یارمەتی ئەوە دووپات کراوەتەوە کە پەنابەران، ناسنامەکان و گەڕاوەکان بە شێوەیەکی سەرەکی پارە بەکاردێنن بۆ پێدانی کرێ، قەرزەکان، گەڕان بەدوای چاودێری تەندروستی و کڕینی خۆراك سەرەڕای ئەوەش، وەرگرە کاشەکان ڕاپۆرتیان داوە کە هەستکردن پەستان و شلەژاویی کەم دەبێتەوە لە ٣٠ ڕۆژ دوای وەرگرتنی ئەم یارمەتیە. بۆ یارمەتیدانی پەنابەران و ناسنامەکان و گەڕاوەکان بۆ ئەوەی بەرگەی زستان و سەرما بگرن، **UNHCR** یارمەتی پارەی زستانەی دابەشکرد، کە ئامرازێکی پارەی وەرزی یە، بۆ زیاتر لە ٢٥٠،٠٠٠ پەنابەر و پەناخواز و زیاتر لە ٩٩،٦٢٠ ناسنامە و گەڕاوە. ئەم یارمەتیە پشتگیری خێزانەکان دەکات بۆ چاککردنەوەی خانووی زۆر پێویست، کڕینی جل و پێڵاوی گونجاوی زستانە، وە کەلوپەلی تر وەك بەتانی.

هەروەها زیاتر لە ١٤٩،٠٠٠ پەنابەر و ٤٥،٠٠٠ ناسنامە و گەڕاوەکان لە ساڵی ٢٠٢١دا سوودیان لە هاوکاری نەختینەیی کۆڤید-١٩ وەرگرتووە یارمەتیەکە بە مەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی کۆڤید-١٩ و داپۆشینی تێچووی پێداویستییە سەرەتاییەکان بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩.

هەروەها، **UNHCR** یارمەتی نەختینەیی پاراستنی فریاگوزاری (**EPCA**) دەدات لەسەر بنەمای حاڵەتێك بۆ پشتگیریکردنی پەنابەران و ئاوارە نێوخۆییەکان کە ڕووبەڕووی مەترسییە نزیکەکان دەبن وەك دەرکردن یان کاردانەوەی زیانبەخش لە شکستهێنان لە پدانەوەی قەرزەکان، وەك دەستبەسەرکردن. بە وتەی پەنابەرێکی سوری کە سودی لە **EPCA** وەرگرتوە دەڵێت: "من لە کاتی کەرەنتینە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا موە وازم لە کارەکەم هێنا و نەمتوانی کارێکی تر بدۆزمەوە. هەموو ڕۆژێك قەرز کۆکەرەوەکان دەهاتن بۆ ماڵەکەم. هاوسەرەکەم پێشنیاری کرد کە بە ٤٠٠٠ دیناری عێراقی (٢،٧ دۆلار) کە لە گیرفانمدا بوو بڕۆین بۆ **UNHCR** و خۆشحاڵم کە کردمان! لەگەڵ ئەو بەخشینەی کە بە دەستمان گەیشت، توانیم هەندێك لە قەرزەکانم پاك بکەمەوە و پارەی پاسی قوتابخانەی کچەکەم بدەم. ئەو خوێندکارێکی درەوشاوەیە.




# چاوپێکەوتن لەگەڵ

## سەرۆکی بەرنامە، بەهێزکردنی زنجیرەی بەهای کشتوکاڵ و خۆراك و پێشخستنی سیاسەتی بازرگانی لە عێراق (SAAVI)، ناوەندی بازرگانی نێودەوڵەتی

# ئێــــریك بوچــــۆت



**وەکو دەستپێك، ئایا دەتوانیت پرۆژەی ITC و ئامانجە سەرەکیەکانی لە پشتیوانیکردن لە پەرەسەندنی عێراق ڕوون بکەیتەوە؟**

بەهێزکردنی بەهای کشتوکاڵی و بەهای خۆراکی و پێشخستنی سیاسەتی بازرگانی لە پرۆژەی عێراق - یان SAAVI بۆ ماوەیەکی کورت ساڵی ڕابردوو دەستی پێکرد و تا ساڵی ٢٠٢٥ بەردەوام دەبێت. لە لایەن ناوەندی بازرگانی نێودەوڵەتی بە پارەدان لە یەکێتی ئەوروپاوە جێبەجێ دەکرێت بە ئامانجی بەشداری کردن لە گەشەی ئابووری گشتگیر و دروستکردنی کار، بەتایبەتی بۆ گەنجان، بە بەرزکردنەوەی پێشبڕکێکاری بازرگانی لە زنجیرەی بەهای گرانبەها لە عێراق لە کاتی پێشخستنی سیاسەتەکانی بازرگانی.

کارەکانمان لەسەر زنجیرەکانی بەهای خۆراك فراوانە، بەڵام سەرنجێکی تایبەت دەخاتە سەر کەرتەکانی پەلەوەر و تەماتە. ئێمە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناوخۆ کاردەکەین بۆ نەخشەکێشانی ستراتیژی بۆ پێشخستن و سەرخستنی ئەم کەرتانە لە بازاڕە ناوخۆییەکاندا، هاوکات پشتگیری لە بەهاکانی زنجیرەی هاوپەیمانی و توانای MSME و پەرەپێدانی زانیاری و شارەزایی دەکەین. سەبارەت بە کەرتەکانی تریش پشتگیری زیاتر دەکرێن لە ساڵانی داهاتوو. هەروەها سەبارەت بە سیاسەتی بازرگانی، ئێمە لەنزیکەوە کار لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و هاوکارەکانی تر دەکەین بۆ یارمەتیدانی عێراق و پشتگیری کردنیی لە ئامادەکارییەکان بەمەستی گەیشتنی بە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی.

**سودەکانی تیشك خستنە سەر کەرتی کشتوکاڵی**

**چین؟**

کەرتی کشتوکاڵ گرنگییەکی زۆر گەورەی هەیە لە بەشداریکردن بۆ دروستکردنی هەلی کار و گەشەسەندنی بەردەوام و گەشەسەندنی کەرتی تایبەت و هەمەچەشنەکردنی ئابووری لە عێراق. پێش هەموو شتێك، ئەگەر ئێمە سەیری داواکاری بکەین، توانای بەکارنەهاتوو لە بازاڕە ناوخۆییەکاندا بەرچاوە و بەردەوام لە گەشەکردنیشدایە. خەمڵاندنەکانی ICT پێشنیاری ئەوە دەکات کە داواکاری ساڵانە بۆ بەرهەمەکان لە کەرتی کشتوکاڵ و خۆراکە کشتوکاڵیەکان دەگاتە نزیکەی ٥,٦ ملیار دۆلار تا ساڵی ٢٠٢٥. لەسەرووی ئەمانەشەوە، لە لایەنی بەرهەمهێنانەوە، هەلومەرجی ژینگەیی گونجاو هەیە، زنجیری بەهای دامەزراو، و کارامەیی بەدەستهاتوو کە دەتوانرێت گەشەی داهاتووی لەسەر بنیات بنرێت. وە بە دڵنیاییەوە، پێشکەوتن لەم کەرتانەدا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی زنجیرەکانی تری بەهای خۆراك و ڕەخساندنی هەلیکار لە سێکتەری کشتوکاڵی و زەمینەخۆشکردن بۆ ڕەخسانی بواری کار وەکو پێچانەوە و پرۆسەکردن و دابینکردن و دابینکردن و لۆجستی و بازاڕکردن و بوارەکانی تر کە هەموویان هەلیکاری باش دابین دەکەن. هەروەها بە پێی خەمڵاندنێکی تری ITC دەکرێت زیاتر لە ١٧٠,٠٠٠ کاری زیاتر دروست بکرێت لە ساڵی ٢٠٣٠ دا کە بە ڕێژەی گەشەی ٣٪ لە سێکتەری کشتوکاڵی دەبێت (سیناریۆیی گەشەی مامناوەند).

**گەیشتن و داخڵ بوونی عێراق بە WTO چی پێشکەش بە عێراق دەکات و چ سوودێکی دەبێت بۆ ئەو وڵاتە؟**

داخل بوونی عێراق لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی کاری پێشینەییە بۆ عێراق بۆ پشتگیریکردنی گەشەسەندنی ئابوورییەکەی و یەکخستن و گونجاندنی لەگەڵ سیستەمی بازرگانی جیهانی. بوونی سیستەمێکی بازرگانی یاسایی و سیستماتیك وەکو ETO دەبێتە هۆی باشترکردنی بارودۆخی بازرگانی وڵات و ئاسانکاری و سوودی زیاتر تەخاندەکات ب هەریەکە لە هەناردەکەر و وەبەرهێنەر. بەجێگەیاندنی پابەندبوونەکان و مەرجەکانی ئەندامێتی لە WTO دەبێتە یارمەتیدەرێکی باش بۆ بەهێزکردنی دامەزراوە بازرگانیەکانی وڵات و کارئاسانی دەکات لە دروستکردنی سیاسەتی پەیوەندی بازرگانی ناوخۆیی کە دەتوانێت ببێتە هۆی چاکسازی یاسایی و ڕێکخستنی ناوخۆیی گرنگ و پەیوەندیدار بە هاوردەوە هەناردەوە. هەموو ئەم پابەندبوونانە یارمەتیدەرن بۆ باشترکردنی ژینگەی بازرگانی نەتەوەیی، لە کۆتاییدا، وا لە وڵات دەکات کە زیاتر سەرنجڕاکێش بێت بۆ وەبەرهێنانی بیانی. هەروەها بەژداری کردن لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی پاراستنی زیاتر دەستەبەردەکات بۆ کەرتی تایبەت لە دژی کرداری بازرگانی زیانبەخش لەلایەن وڵاتانی ترەوە. پرۆسەی چوونەژوورەوە هەرچۆنێك بێت پرۆسەیەکی دوورودرێژ و ئاڵۆزە و پێویستی بە دانوستانی زۆر هەیە و یاسادانانی فراوان و کرداری جێبەجێکار بە هاوکاری حکومەت لەخۆ دەگرێت ، کە پێویستی بە ئیرادەیی سیاسی بەردەوام، هاوئاهەنگیی فراوان لە نێوان دامەزراوەکانی حکومەتدا هەبێت وەکو لە نێوان ژمارەیەك وەزارەت و دەزگای ڕێکخستن، سەرچاوە مرۆییەکان وە توانای دامەزراوەیی یەکان.

SAAVI لەنزیکەوە کار لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی دەکات کە سەرکردایەتی پرۆسەی چوونەژوورەوەی بۆ WTO دەکات ئەم پرۆژەیە ئاواتی ئەوەی هەیە کە پشتگیری تەکنیکی بۆ هەموو دەزگا حکومییەکانی عێراق دابین بکات بە درێژایی داواکارییەکەی بۆ ئەندامێتیی لە WTO و لە پەیوەندی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی دانوستانەکان و چاکسازیە ناوخۆییە پەیوەندیدارەکان هەروەها ئامانج لێی ئاگادارکردنەوە ی کەرتی تایبەتی عێراقە لە سە ر تێچونە بازرگانییە کان.

**تۆ نزیکەی یەك ساڵ و نیوە لە ناو پرۆژەکەدایت، SAAVI تا ئێستا چی بەدەست هێناوە؟**

پرۆژەکە بەقۆناغێکی سەرەتایی دەستی پێکرد کە تشرینی دووەمی ڕابردوو ئەم قۆناغە بەکۆتا هات. لەم قۆناغەدا سەرنجی ئێمە زۆرتر لەسەر شیکارییە بڕیی و جۆرییەکان و جێبەجێکردنی چالاکیەکان و سەردانی مەیدانی ITC بوو. بۆ ئەنجامدانی ئەمەش، ئێمە هەزاران ئەنکێتمانی پرسینەوەمان ئاڕاستەی بەکاربەران، کۆمپانیاکان، کێڵگەکانی سەرتاسەری وڵات کرد تاکو ئاگاداریان بکەینەوە لەسەر کاروچالاکیەکانمان. ئەمەش لەگەڵ ئەنجامدانی بیست ڕاوێژکاری لەسەرئاستەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکان و پارێزگاکان و ئاستی نەتەوەیی. ئەمانە بە پشکنینی ڕاستەوخۆ و چاوپێکەوتن لەگەڵ فرۆشیارەکان، بازرگانەکان، جوتیارەکان و دابینکەرەکان تەواو کراون. لەماوەیەکی کەمدا، ساڤی توانی داتای پێشتر بەردەست نەبوو کۆبکاتەوە، بڵاوبکاتەوە و تیشکی خستەسەر، کلیلی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت لەکەرتی کشتوکاڵ و خۆراك. ئەم قۆناغەی یەکەم خزمەتی کرد بۆ بەرەوپێشبردنی ڕێبازێکی زۆر ناوخۆیی بۆ چالاکیەکانی ساڤی و خەیالکردنی بۆ ڕاستیە جیاوازەکانی وڵات.

لەسەر سیاسەتی بازرگانی، ITC ڕاستەوخۆ بەشداری کرد بۆ دووبارە بوژاندنەوەی پرۆسەی چوونەژوورەوەی عێراقرێکخراوی بازرگانی جیهانی لە ڕێگەی ساڤیەوە ITC هەوڵی داوە لە ڕێگەی پشتگیری ڕاوێژکاری و تەکنیکی و تواناسازی و بە دروستکردنی پلاتفۆڕمێك بۆ گفتوگۆ لە نێوان لایەنە سەرەکیەکاندا سات دروست بکات بۆ ئەم مەبەستە.

**ITC چۆن کاردەکات لەگەڵ ئاژانسەکانی تر و هاوبەشە ناوخۆییەکانی تر کە لە بواری کشتوکاڵ و سیاسەتی بازرگانیدا چالاکن؟**

ئێمە لە نزیکەوە کار لەگەڵ هاوبەشەکان لە حکومەت و هاوبەشەکانی گەشەپێدان دەکەین بۆ ئەوەی دڵنیابینەوە کە ساڤی لەگەڵ ئەولەویەتە نەتەوەییەکان ڕێك دەکەوێت و ئامانجە هاوبەشەکان بە شێوەیەکی کارا لەبەرجاو دەگرێت هەروەها کارەکانی ITC بەتەواوی یەکخراوە لە UN_SDCF ی عێراق.

بە تایبەتی SAAVI یەکیگرتووە و تێکەڵ بووە لەگەڵ پرۆژەکانی تر کە لە ژێر پێوەری تایبەتی یەکێتی ئەوروپا دان کە لەلایەن FAO, IOM, ILO,GIZ و UNESCO سەرپەرشتی و ئاڕاستە دەکرێن. وەك تاکە ئاژانسی گەشەپێدان کە بە تەواوی تەرخان کراوە بۆ پشتگیریکردنی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت و ITC ،SMEs لە ڕێگەی ساڤیەوە تەواوکەری کارەکانی دەزگاکانی ترە و بۆشاییەك لە هاریکاریی پەرەپێدان لە عێراق پڕ دەکاتەوە. ئێمە هەروەها لەگەڵ هاوبەشە ناوخۆییەکان کارمان کردووە لەسەر جێبەجێکردنی ڕاپرسی و کاری شیکاری و چالاکی تر، کە لەسەر بنەمای توانا و ئەزموونەکانیان دەستنیشان کراون.

**پرۆژەکە چۆن خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ ئەو ئاڵنگارییانەی کە بەهۆی بارودۆخی ئەمنی و ڤایرۆسی کۆڕۆنا هاتوونەتە پێش؟**

ساڤی دیزاین کراوە بۆ یارمەتیدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو دۆخەی کە لە بەهۆی ڤایرۆسی کۆڕۆناوە هاتۆتە ئاراوە. توێژینەی پانێڵیی لەسەر کاریگەرییەکانی ڤایرۆسی کۆڕۆنا لەسەر کۆمپانیا بچووك و مامناوەندەکانی (SMEs) لە عێراق کە بە هاوکاری IOM و FAO ئەنجامدراوە، لە چوار خولدا لە مانگی حوزەیران و ئەیلول و کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ و حوزەیرانی ٢٠٢١. دوایینیان جەختی لە توانای خۆڕاگریی و چاکبوونەوە دەکردەوە. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە تیشك دەخاتە سەر ئەو ئاڵنگارییانەی کە ڕووبەڕووی کۆمپانیاکان بۆتەوە بە درێژایی پەتاکە و چۆن ئەوان بە شێوەیەکی باش خۆیان لەگەڵ خۆیان گونجاندووە بە گرتنە بەر ستراتیژی بازرگانی نوێ، وەك شێوازی نوێ بۆ بازاڕگەری.

کاردەکەین بۆ دڵنیابوون لەوەی کە مەترسییەکانی سەر پرۆژەکە و گرفتەکانی پەیوەندیدار بەناکۆکی بەتەواوەتی چاودێری دەکرێن و لەژێر کۆنترۆڵ دان، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە ساڤی زۆرترین چالاکی تێدا هەیە. خۆدورکردن لە مەترسی و کەمکردنەوەی مەترسییە جۆراوجۆرەکان لە سەرەتاوە لەبەرجاوگیراوە لەکاتی دیزاین کردنی کارەکانمان و پلانی کارمان. لەگەڵ بەرەوپێشچونی ئێمە، ئێمە بەردەوام پێداچوونەوە و بۆ هەڵسەنگاندنەکانی مەترسییەکان دەکەین ئامرازەکانی خۆپارێزی نوێ دەکەینەوە. دۆخی تەندروستی گشتی کە هەمیشە گەشە دەکات، بۆ نمونە، پێویستی بە پلان دانان هەیە بۆ تێکەڵکردنی دواکەوتنە شاراوەکان یان دۆخی جێگرەوەی گەیاندن.

**هەنگاوەکانی داهاتوو ساڤی چین لە داهاتوویەکی نزیکدا ؟**

ساڵی داهاتوو ساڵێکی پڕ لە چالاکی دەبێت. ئێمە ئێستا خەریکی کۆکردنەوەی کارەکانمانین لەسەر ستراتیجەکانی سێکتەرەکان، ئامادەکردنی وۆرکشۆپێك لە بازاڕ و هۆشیاری پێداویستی بەرهەمەکان، پلاندانانی ڕاهێنانەکان بە ئامانجگرتنی بازرگانە گەنجەکان و ئەوانی تر و کارکردن لەسەر بنیاتنانی توانا لەسەر بازرگانی. هەروەها دەستمان کردووە بە کارەکانمان بۆ پشتگیریکردن لە پێکهێنانی هاوپەیمانی بەرهەمدار و بازرگانی و بە تواناکردنی ئەکتەرەکان بەدرێژایی زنجیرە بەهاکان بۆ ئەوەی بتوانن پێشبڕکێیەکی باشتر لە بازاڕەکاندا بکەن.



# ڕێکخراوی یونیسێف




## دیمانە لەگەڵ

### نوێنەری یونیسێف لە عێراق

# شـــیما سـان گـۆپتا

**بەڕێزت ٧ مانگە لە عێراقیت، تێڕوانینیە سەرەتاییەکانی تۆ لەسەر دۆخی منداڵان لە عێڕاق چیە و چی شتێك زیاتر سەرسامی کردوویت؟**

بارودۆخی دژیەك لە عێراقدا ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر بارودۆخی منداڵان بە ڕوونی هەستی پیدەکرێت. عێراق وڵاتێکە کەوا داهاتەکەی لە سەرووی ئاستی مامناوەند دایە، بەڵام بەهۆی هەستیاری دۆخی وڵاتەکە و ساڵانی جەنگ و ناسەقامگیریی نێوخۆیی، هەست بە جیاوازی چینایەتی و نادادپەروەرییەکی زۆر دەکرێت لە بارودۆخی منداڵان لە گوندەکان و شارەکان و لەنێوان چینەکانی گۆمەڵگا. بۆ نمونە، لە کاتێکدا زیاتر لە ٩٠٪ منداڵەکان لە قوتابخانەی سەرەتایی ناونوس کراون، تەنها لە ٣٢٪یان گەشتۆنەتە قۆناغی دوای ناوەندی و لێی دەرچوون. کە ئەمە دەرفەتێکی گەورەی لەدەستچووە بۆ نەوەی داهاتوو.

ئەوەی کە زۆر سەرنجمی ڕاکێشاوە و ناخم دەهەژێنێت ئەو وزە، هیوا و سووربوونەیە کە گەنجەکان بە بەردەوامی نمایشی دەکەن. ئەوان سوورن لەسەر سەرکەوتنی ژیانیان، تەنانەت ئەوانەی کە لە کەمپەکانی ئاوارە ناوخۆییەکاندا دەژین. بەم دواییانە سەردانی یەکێك لە قوتابخانەکانی کچانی دهۆکم کرد، کە کچەکان داوایان لێکردم ئامۆژگاریم بکەم بۆ چۆنیەتی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە خەونەکانیان! ئەمە زۆر کاری تێکردم. ئەمە سەرسوڕهێنەرە، زەرورەتی و سووربوون، بۆ دروست کردن، بۆ باشترکردنی ژیانیان و درککردن بە خەونەکانیان. ئەمەش خۆی لەخۆیدا من و تیپەکەم زیاتر هاندەدات بۆ ئەوەی پاڵپشتی منداڵان بکەین لە عێراق بۆ ئەوەی بتوانن بگەن بە مافەکانیان و خەونەکانیان.

**ئێمە لە دووەم سڵی پەتاکە داین و دوو ساڵە لەگەڵ ئەم پەتایە دەژین، ئایا تێڕوانینی یونیسێف چیە لەسەر بارودۆخی گشتی عێڕاق لە ساڵی ٢٠٢١ دا؟**

> **“ لە ماوەی ساڵی ٢٠٢١دا بەردەوام بووین لە گەواهی ئەو نائومێدییەی کە لە نێوان گەنجاندا هەیە لەبەر نەبوونی هەلی کار ”**




لە عێراقدا، ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ بەردەوام بوو لە دروستکردنی کاریگەری نەرێنی لەسەر بەرنامەکانی یونیسێف و بارودۆخی منداڵان. حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە ٢ ملیۆنی تێپەڕاند لەگەڵ ٢٤٠٠٠ کەیسی مردن لە عێراقدا بیرخەرەوەیەکی خەمبارە بۆ ئەو بارودۆخە خراپەی کە ئێمە تێیدا دەژین. یونیسێف بەردەوامە لە کارکردن لەگەڵ حکومەت بۆ خێراتر کردن و باشتر کردنی کرداری ڤاکسین کردن وەك خێراترین ڕێگا بۆ باشترکردنی بارودۆخەکە. یونیسێف پشتیوانی لەحکومەتی عێراق دەکات بۆ هاندانی خەڵك بۆ کوتانی ڤایرۆسی کۆڕۆنا و دانانی ستراتیژیی پێویست و جەختکردنەوە لەسەر دروستکردنی متمانە و ڕێگەگرتن لەهەر کاریگەریەکی خراپ. لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمدا، نزیکەی ٣٠ لە سەدا ئەوانەی کە تەمەنیان لە سەرووی ١٢ ساڵ بوو، یەکەمین ژەمە ڤاکسینی ڤایرۆسی کۆڕۆنایان وەرگرتووە و تەنها لە سەدا ٢٠یان ژەمی دووەمی ڤاکسینەکەیان لێدا. ئێمە بەردەوام دەبین لە کارکردن لەگەڵ حکومەت بۆ زیادکردنی ڕێژەی ڤاکسین لێدان، لەوانە " بەهێزکەر" یان ژەمی سێیەم.

بە گشتی، بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە وڵات چاك نەبۆتەوە لە کاریگەرییە خراپەکانی کۆڤید-١٩ منداڵان و گەنجان بەتایبەتی ئەوانەی کە لە ناوچە لادێییەکان دەژین، لە بازنەیەکی خراپ لە هەژاری و نایەکسایەتی و بێبەشبووندا گیریان خواردووە. خەملاندنەکان[1] ئاماژە بەوە دەکەن کە هەژاری نزیکەی دوو ئەوەندە بووە و دەگاتە نزیکەی ٢ کەس لە ٥ کەس لە عێراق، لەگەڵ دوورخستنەوەی زۆر لە منداڵە هەژارەکان و گەنجان، کە بە شێوەیەکی سەرەکی بە هۆی پارچەپارچەبوونی پلانی پاراستنی کۆمەڵایەتی یەوەیە. یونیسێف لە گرنگی و هەستیاری دۆخەکە و پێویستی بە ڕێوشوێنی بەپەلەی پاراستنی کۆمەڵایەتی تێدەگات بۆیە دروستکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان گرنگە بۆ چارەسەرکردنی پێویستیەکانی خەڵکی زیانلێکەوتوو بەشێوەیەکی گشتگیر، لەگەڵ خۆ بەدوورگرتن لە دووبارەکردنەوەی هەڵەکان. وەکو نمونە؛ ئەوەی کە لە پرۆگرامی هاوبەش کە لەگەڵ **ILO** و **WFP** بۆ بەڕێوەبردنی چاکسازی سیستەمی پاراستنی کۆمەڵایەتی دابین کراوە.

لە ماوەی ساڵی ٢٠٢١دا بەردەوام بووین لە گەواهی ئەو نائومێدییەی کە لە نێوان گەنجاندا هەیە لەبەر نەبوونی هەلی کار. چونکە سنووردارکراوە بۆ گەنجێك کە چالاکانە بەشداری بکات لە ئاستی کۆمەڵگا، ناوخۆیی و نەتەوەیی. لە یونیسێف چالاکانە کاردەکەین بۆ کردنەوەی ئەم بۆشاییانە. لەناوخۆدا لیژنەی ڕاوێژکاریی گەنجانمان پێکهێناوە کە گەنجانی سەرانسەری عێراق دەگرێتەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە گەنجان بەشێکن لە هەموو پرۆسەکانی بڕیاردان لەناو یونسێف و کاریگەری لەسەر چۆنیەتی پەرەپێدانی بەرنامەکەمان بۆ منداڵان و گەنجان. لە ئاستی نەتەوەییدا، نمونەیەکی پەیوەندیدار ئەو پشتگیرییەیە کە پێشکەشی وەزارەتی لاوان و وەرزش کراوە، بە هاوکاری خۆبەخشانی نەتەوە یەکگرتووەکان (**UNV**)، بۆ دروستکردنی یەکەمین پلاتفۆرمی خۆبەخشی گەنجانی نەتەوەیی عێراق.

لەڕوانگەی مرۆییەوە یونیسێف خۆشحاڵە کە دەبینێت ژمارەی ئەو کەسانەی کەپێویستیان بەیارمەتی مرۆیی هەیە لە کەمبوونەوەدان. بە پێی داتاکانی تایبەت بە پێداویستییە مرۆیی یەکان، لە کۆی گشتی ئەو ٥٫٦ ملیۆن کەس کە ٢٫٦ ملیۆنیان منداڵ بوون کە پێویستییان بە یارمەتی مرۆیی هەبوو لە ساڵی ٢٠٢٠، ئەم ڕێژەیە کەمبووەوە لە ساڵی ٢٠٢١ بۆ ٢٫٥ ملیۆن کەس کە ١٫١ ملیۆنیان منداڵ بوون. لەگەڵ ئەوەشدا جێگای ئاماژەیە، کە داخستنی بەردەوامی کەمپەکان بەتایبەتی لە کەرکوك و نەینەوا بووە هۆی ئاوارەبوونی دووەمیی و زیادبوونی زیانەکان و کاریگەرییە خراپەکانی سەر ئافرەت و منداڵان. بەپێی هەڵسەنگاندنی پێویستی فرە کۆمەڵ (**MNCA**)ی ساڵی ٢٠٢١، نزیکەی ١٨٢٫٠٠٠ کەس لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان ئاوارە بوون، لە کاتێکدا نزیکەی ٤٥٠ هەزار کەس لە ڕێکخستنەکانی دەرەوەی کامپدا ئاوارە بوون. زیاتر لە ١٫٢ ملیۆن گەڕاوە هێشتا پێویستی بە یارمەتی مرۆیی هەیە سەرەڕای ئەوەش نزیکەی

[1] لەلایەن وەزارەتی پلاندانان و یونیسێف و بانکی جیهانییەوە بە هاوبەشی ئەنجام دراوە




٢٥٠ هەزار پەنابەری سوری لە عێراق ماونەتەوە کە زۆربەیان لە هەرێمی کوردستانن.

لە نێوان گرینگییە مرۆییە هەستیارە و گرنگەکان، بە تایبەتی کاریگەری لەسەر منداڵان، پێویستی بە پەناگە باشەکان هەیە. بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو منداڵێك بەڵگەنامەی مەدەنی هەیە، دەستگەیشتنی سنووردار بۆ خزمەتگوزارییە گونجاوەکانی WASH، و بەربەستەکان بۆ گەیشتن بە پەروەردە.

**وە ئەگەر چاوێك بە كێشە جیهانییەكان بخشێنین كە كاریگەری لەسەر منداڵان هەیە لە عێراقدا، كامیان دیاری دەكەن؟**

من پێشتر ئاماژەم دا بە کاریگەرییەکانی ڤایرۆسی کۆڤی١٩ و قەیرانی ئابووری. جگە لە ئەمانەش بارودۆخی تەندروستی و خۆراك و خۆشگوزەرانی منداڵان و گەنجان لە عێراق بەهۆی مەترسییە ئەمنییەکان و وشکە ساڵی هەموویان پێکەوە کاریگەری نەرێنیان هەیە لەسەر بارودۆخی گەنج و منداڵان.

لە ڕووی تەندروستییەوە، ئێمە زۆر گەشبینین بە ئامارەکانی مردنی کۆرپەکان و منداڵانی خوار تەمەن ٥ ساڵ بەڵام نا یەکسانی و نا دادپەروەری و خراپی خواردن لە تەواوی پارێزگاکاندا زاڵە. داپۆشینی بەرگریی (کوتان) لە ساڵی ٢٠٢١ دا بەرزوونزمی بەخۆیەوە بینیوە بە جۆرێك کە ڕێژەی مانگانەی سۆریکە لە ٦١٪ تاکو ٨٦٪ بووە. سەرەڕای کاریگەری پەتاکە لە سیستەمی تەندروستیدا، یونیسێف بەردەوامە لە پشتگیریکردنی وەزارەتی تەندروستی بۆ بەهێزکردنی توانا لە دیجیتاڵیکردنی سیستەمی زانیاری و لە داراییە لاوەکییەکانی نەتەوەیی و بەڕێوەبردنی بودجەدا.

**سەبارەت بەپەروەردە، عێراق بەم دواییانە بڕیاری گەڕانەوەی منداڵانی دا بۆ خوێندنگەکان، یونیسێف چۆن دەڕوانێتە بارودۆخی ئێستای کەرتی پەروەردەوە فێرکردن لە عێراقدا؟**

باشترین هەواڵ بۆ منداڵان لە چارەکی کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ گەیشت ئەویش هەواڵی دووبارە کردنەوەی قوتابخانەکان و دووبارە گەیشتنەوە بە هاوڕێکانیان بوو ئێمە ناتوانین ئەوەمان لەبیر بچێت کە قوتابخانەکان تەنها ئەرکیان ئەوە نیە منداڵان فێر بکەن کە چۆن بخوێننەوە و بنووسن و بژمێرن. بەڵکو قوتابخانە ئەو شوێنەیە کە منداڵان تێیدا فێری لێهاتووی و شارەزایی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیش دەبن. لە زۆر حاڵەتیشدا، قوتاخانەکان خزمەتگوزاری خۆراك و تەندروستی دەروونی و تەندروستی جەستەییش دابین دەکەن، وە بە شێوەیەکی دراماتیکی مەترسی توندوتیژی، دووگیانی زوو کەمتر دەکەنەوە. منداڵە بێ کەس یاخود لاواز و زیانلێکەوتووەکان قورسترین زیانیان بەردەکەوێت لە کاتی داخستنی قوتابخانە و لە ئاستی جیهانیشدا ئەمە فێربووین کە بە درێژایی مێژوو؛ کە هەرچەند ماوەیەکی درێژتر منداڵەکان لە دەرەوەی قوتابخانە بن ئەگەری گەڕانەوەیان ئەوەندە کەمتر دەکات. یونیسێف پشتگیری لە حکومەتی عێراق کردووە بە درێژایی ماوەیی مانەوە لە ماڵەوە بەهۆی ئەو نەخۆشییە بۆ باشترکردنی سیستەمی خوێندن لە دوورەوە هەروەها ئێمە بەردەوامین لە پشتگیریکردن بۆ دڵنیابوون لە چۆنیەتی و شێوازی بەڕێوەبردنی سیستەمی خوێندنی تێکەڵ و گشتگیر. ئەگەر هەنگاوێك بۆ دواوە بنێین و سەیری کۆی ژمارەکان بکەین دەبینی کە توانای دەستگەیشتن بە خوێندنی سەرەتایی لە عێراق بەرزە، بە ڕێژەی ٩١٫٦ لە سەدایە. هەرچۆنێك بێت، دەستگەیشتن بە خوێندن لە ئاستەکانی تردا دووچاری ئاڵنگاری دەبێتەوە - بۆ نمونە، تەنها لە سەدا ١٠ی منداڵانی عێراق سوود لە پەروەردەیی تەمەنی بچوکی منداڵی (ECE) وەردەگرن و منداڵانی کەمئەندامیش بەردەوام پشتگوێ دەخرێن. یەکێکی تر کە نیشانە نەرێنییەکان کە جێگای نیگەرانییە خوێندنە لە قۆناغی ناوەندی کە تانها ٥٧٫٥٪ی منداڵانی عێراق ناوی خۆیان بۆ خوێندنی قۆناغی ناوەندی تۆمار دەکەن کە بە تێکرایی ١ منداڵە لە هەر ٣ منداڵ دا. ئێمە بەردەوامین لە کارکردن لەسەر ئاسانکردنی چوون کچان بۆ قوتابخانە وەك جیاوازی ڕەگەزی لەم ئاستانەدا گرنگن و ڕێژەی کەمتری گواستنەوەی کچان بۆ ئاستی دووەم. لە ڕووی کاریگەری پەتاکە، هەندێك لە خەملاندنە سەرەتاییەکان لە بەڕێوبەرایەتییەکانی پەروەردەوە ئاماژەیان بە زیادبوونی ژمارەی منداڵانی دەرەوەی قوتابخانە کردووە لە تەمەنی قوتابخانەیی سەرەتاییدا واتە ژمارەی ئەو منداڵانەی کە ناچنە خوێندن و لە تەمەنی خوێندنی سەرەتایی دان ڕوو لە زیادبووندایە.

**بە ڕای تۆ چ کێشەیەکی تری گرنگ ئەگەری هەیە کەوا ڕووبەڕووی منداڵان بێتەوە لە ساڵی ٢٠٢٢ دا؟**

بە ڕای من دوو فاکتەری مەترسیدار هەن کەوا کاریگەری نەرێنی دەخەنە سەر منداڵان ئەوانیش گۆڕانکاری کەش و هەوا لەگەڵ توندوتیژی دژ بە منداڵانە.

لە ١ی کانوونی یەکەم، عێراق بە فەرمی چووە پاڵ ڕێککەوتننامەی پاریس، کە ئەمە هەنگاوێکی سەرەکیە بۆ ئەو وڵاتە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرییە خراپەکانی گۆڕانی کەش و هەوا لەسەر ژیانی منداڵاندا. لە ڕووی کێشەی کەمی ئاوەوە عێراق ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکی گەورە دەبێتەوە و لە ڕیزبەندی ٤٢هەم وڵاتانی جیهاندایە لەرووی ڕووبەڕوو بوونەوەی فشاری کەم ئاوی. جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان گوند و شارەکان لە ڕووی توانای دەستگەیشتن بە ئاوی خواردنەوە و خزمەتگوزارییە تەندروستی یەکان. لە هەر ٣ عێراقییەك ٢ کەسیان (واتە ٦٦٪) توانای بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییە تەندروستییە




باش ستانداردەکانی (پەیوەندیدار بە تۆڕەکانی ئاوەڕۆی گشتی و پاڵاوگەکانی ئاو) نیە. کە ئەمەش نیشانەیەکی خراپە بۆ بەرزبوونەوەی مەترسییەکان بەهۆی کەمی ئاوەوە. لە یونیسێف، ئێمە لە نزیکەوە کار لەگەڵ حکومەت دەکەین بۆ بەرزکردنەوەی توانای ناوخۆیی بۆ بەڕێوەبردنی بەردەوامی سەرچاوەکانی ئاو.

هەروەها ڕێکخراوی یونیسێف داوای گرتنەبەری ڕێوشوێنی بەرجەستە و کاریگەر دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو هەڕەشە هەمەجۆرەی کە بەهۆی گۆڕانی کەش و هەواوە لە عێراقدا دروست بوون، نمونەی ڕێوشوێنی داواکراو وەکو: زیادکردنی وەبەرهێنان لە خۆگونجاندن لە خزمەتگوزارییە گرنگەکانی منداڵان و لاوان بەرزکردنەوەی بەشداریە شارستانیە مانادارەکانی گەنجان لەسەر گۆڕانی کەش و هەوا و بەشداریی کچان و کوڕانی گەنج، بەتایبەتی ئەوانەی کە زیانیان بەرکەوتووە بەهۆی گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا، وە دڵنیابوون لە چاکبوونەوە لە کۆوید-١٩ پەتای سەوز، کەم کاربۆن، بۆ ئەوەی بەشداریی نەوەکانی داهاتوو و تواناکانیان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەکانی ئاو و هەوا نەکەوێتە مەترسییەوە.

لە کۆتاییدا، ئێمە هەموو ڕۆژێك ڕووداوە ترسناکەکانی توندوتیژی کە ڕووبەڕووی منداڵان دەکرێتەوە دەبینین. ئێمە بەردەوامین لە کارکردن لە نزیکەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی نەتەوەیی بۆ کۆتایی هێنانی بە توندوتیژی دژ بە منداڵان، تاوانێکی نەتەوەیی و کاریگەری دەخاتە سەر ٨ لە ١٠ی منداڵان.

سەرەڕای پابەندبوونێکی یاسایی و سیاسی ڕوون، لە عێراق ڕێگایەکی دوورودرێژ هەیە بۆ کۆتایی هێنان بە توندوتیژی و دەستدرێژی و چەوسانەوەی ژنان و منداڵان. لە ساڵی ٢٠٢١ دا نزیکەی ١٫٧ کەس پێویستی بە یارمەتی و پاڵپشتی مرۆڤانەی پاراستنی منداڵان بووە لەگەڵ ١٫٣٢ ملیۆن کەس ڕووبەڕووی مەترسییەکانی توندووتیژی جێندەری بوونەتەوە. بەڵام ئەمە کێشەیەکی فراوانی نەتەوەییە، چونکە پێشێلکارییە سەنگینەکانی مافەکانی منداڵان بەردەوامن لە عێراق بەبێ بە سزاگەیاندنی تاوانباران. لەساڵی ٢٠٢١دا کۆی گشتی ٢٢٧ ڕووداوی پێشێلکارییەکانی مافەکانی منداڵان ڕاگەیاندراوە. لەم ٢٢٧ حاڵەتەدا ١٣٥تەنها حاڵەتیان (کە ٣١ کچ بوون) لەلایەن هێزی کاری وڵاتەوە بۆ چاودێری و ڕاپۆرتکردن، بە هاوبەشی لە لایەن یونیسێفەوە دووپات کراوەتەوە.

بە داخەوە کوشتن و کەمئەندام کردن باوترین جۆرەکانی توندوتیژی دژی منداڵان بووە لە عێراق کە دژی ١٢٣ منداڵ (٢٢ کچ) ئەنجامدراوە. لە کۆتاییدا، نکۆڵی کردن لەتۆمارکردنی لەدایکبوون و بەڵگەنامەی مەدەنی بۆ ئەو منداڵانەی کە لەکاتی ململانێدا یان لەو شوێنانەی پێشتر لەژێر دەسەڵاتی داعش دابوون لەدایك بوون، بۆتە هۆی بێبەش کردنی نزیکەی ٥٠٠٫٠٠٠ منداڵ لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ژیان.

**وەك یەکێك لە سەرچاوەکانی ئیلهامبەخش بۆ ئێوە، ئاماژەتان بە "وزە و سووربوون و هیواکان کردووە کە گەنجان و هەرزەکاران بەردەوام پێ لە نمایشکردنی" چۆن یونیسێف لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٢دا پشتگیری لە بەشداری گەنجانی عێراق دەکات؟**

لە ساڵی ٢٠٢٢دا یونیسێف بەردەوام دەبێت لە دانانی گەنجان لە ناوەندی کارەکانمان، یونیسێف هەڵدەستێت بە وەبەرهێنان کردن لە گەنجان و هاوبەشی کردن لە ڕەخساندنی دەرفەتی باش و بەسوود بۆ ٢٠٠٫٠٠٠ گەنجی زیانلێکەوتووئەمەش لەڕێگەی بەشداریی خۆبەخشی و مەدەنیانە لە کۆمەڵگەی خۆیاندا. ئەمەش مانای ئەوەیە کە گەنجان خۆیان چارەسەری ئەو ئاڵنگارییانە دەدۆزنەوە و پێشکەشی دەکەن کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بۆ نموونە کاتێك دێتە سەر گۆڕانی کەش و هەوا، یەکسانی جێندەری یان کێشەی دامەزراندن. ئێمە بەردەوام دەبین لە گوێگرتن لە دەنگی گەنجان و خستنە ناو داکۆکی و بەرنامەسازیی خۆمانەوە، بۆ نموونە کارەکانمان لەگەڵ ئەندامانی گروپی ڕاوێژکاری گەنجان بەهێز دەبێت، بۆ ئەوەی لە ئۆفیسەکەماندا کورسییەکیان بۆ دابین بکەین بۆ بەشداریکردنیان لە کارەکان و دەربڕینی ڕاو بۆچونیان لەسەر کێشە باوەکانی نێو کۆمەڵگا.

لە ساڵی ٢٠٢٢، یونیسێف زیاتر پشتگیری لە سیستەماتیزەکردنی بەشداری کردنی گەنجان دەکات – ئەمە کلیلی بەردەوامی و درێژەدانە بە پرۆگرامەکانی یونیسێف. بۆ نمونە، ئێمە پشتگیری ٥٠ هەزار گەنج دەکەین بۆ بەشداری چالاکانە لە پرۆسەی بڕیاردانی ناوخۆیی و نیشتیمانیدا، لەوانە گەڕان بەدوای بەشداریە گرنگەکانیان لە دارایی گشتی بۆ بەرنامەی منداڵان.

یونیسێف بەردەوام دەبێت لە پشتگیری کردنی بەرنامەی فێرکردنی بەردەوام بۆ دەستکەتنی کار و دامەزراندنی کار کە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ گەنجانی عێراقی. لە ساڵی ٢٠٢٢دا، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە کە پشتگیری زیاتر لە ٥٠٫٠٠٠ گەنج بکەین کە دەستگەیشتنیان هەبێت بە پرۆگرامەکانی پەرەپێدانی کارامەیی لە شێوەی کارامەیی ژیان، کارامەیی دیجیتاڵی و کارامەیی کارسازی – کە ئەمانە هەموویان گرنگن بۆ سەرکەوتنی ئەو گەنجانە لە قۆناغەکانی داهاتووی ژیانیان. لە هەمان کاتدا، ئێمە هاوبەشی وهەماهەنگییەکانمان لەگەڵ **ILO** و **IFC** و بانکی جیهانی زیاتر دەکەین بۆ دروستکردنی هەلی دامەزراندن بۆ کچان و کوڕانی عێراقی. کاری کۆمەڵایەتی و داهێنانیی ئامانج و مەبەستی کارەکانمانە لە یونیسێف و پلانمان هەیە کە پشتگیری زیاتر لە ٢٠٠٠ کچ و کوڕە زیانلێکەوتووەکان بکەین لە ڕێگەی پێشکەشکردنی پاڵپشتی دارایی بۆ نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی دەستپێشخەرییەکانی کاری کۆمەڵایەتی یان بازرگانی لە سەرانسەری عێراقدا.

با قسەکانم کۆتایی پێ بێنم بە باسکردنی گرنگی بەردەوام بوون لە کارکردن لەسەر کەمکردنەوەی هەژاری منداڵانی عێراق. لەساڵی ٢٠٢٢ دا ئێمە بەردەوام دەبین لە پاڵپشتی کردنی حکومەت لەسەر هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ستراتیژییەکی نەتەوەیی بۆ پاراستنی کۆمەڵایەتی کە ئەولەویەت و میکانیزمەکانی چاکسازی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەگرێتەخۆی لەگەڵ ئامادەکردنی بیمەیەکی کۆمەڵایەتی کە هەریەکە لە خزمەتگوزارییە پەروەردەیی و تەندروستییەکان دەگرێتە خۆی بۆ خێزانە زیانلێکەوتووەکان.

لە کۆتاییدا ئێمە پشتگیری حکومەت دەکەین بۆ گۆڕینی تۆڕی سەلامەتی کۆمەڵایەتی بۆ سیستەمێکی هاوکاری نەختینەیی کە پەیوەندی بە خزمەتگوزاری تەندروستی و پەروەردەوە هەیە، بۆیە خێزانە هەژارەکان پارەیان پێدەدرێت و منداڵان پشتگیری دەکرێن بۆ دەستگەیشتن بە خوێندن و هاندانیان بۆ بەردەوام بوون لەسەر خوێندن. هەروەها یارمەتی دانی ئافرەتە دووگیانەکان و پاڵپشتی کردنیان تاکو سەلامەتی خۆیان و منداڵەکانیان پارێزراو بێت لە ماوەیی دووگیانی و دوای منداڵ بوونیش. هەروەها بەخشینی دڵنیایی تەواو بە درێژایی بازنەی ژیانی منداڵەکە، یارمەتی دارایی بە خزمەتگوزاریەوە دەبەسترێتەوە و بەردەوام دەبێت.

# ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانستەکان و ڕۆشنبیری




### نوێنەری یونیسکۆ لە عێراق

## پاولـــۆ فۆنتـــــــانی

> یونسکۆ ماوەی سێ ساڵە بە دەستپێشخەرییەوە لە موسڵ کاردەکات بۆ زیندووکردنەوەی ڕۆحی موسڵ و کارەکانمان بایەخێکی بەهێزی هەیە لەسەر کەلەپوور و پەروەردە، لەوانە ڕاهێنان و دروستکردنی کار و بوژاندنەوەی شارەکە. تەرکیزی یونسکۆ بریتی یە لە خەڵك، بەهێزکردنی ئاشتەوایی و ناسنامەی کلتوری هاوبەش. دەستپێشخەرییەکە بەهێزێکی زۆر و بە پەیامی برایەتیی مرۆڤ کە پاپا فرانسیس بەرز کراوەتەوە، دەنگ دەداتەوە: بۆ ئەوەی چوارگۆشە شارستانی و کەلتوور و ئاینانەی کە بۆماوەی سەدان ساڵ بەشێك بوون لە ناسنامەی عێراق و موسڵ بگەڕێندرێنەوە.

## تیشکخستنە سەر چالاکییەکانی یونسکۆ لەعێراق لەساڵی ٢٠٢١

### پەروەردە و فێرکردن

**ستراتیژی خوێندن:** یونسکۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ یونیسێف و بانکی جیهانی بۆ پەرەپێدان بە ستراتیژی خوێندن لە موەی ٢٠٢٠-٢٠٣٠ داهەستاوە بە دابینکردنی پاڵپشتی تەکنیکی بۆ وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن.

**ڕێگریکردن لەتوندوتیژیی:** ڕێکخراوی یونیسکۆ و هاوبەشەکانی لەئێستادا توانای زیاتر لە ٣،٧٥٠ (کە ٢٣٠٠ یان ئافرەت بوون) ی بەشداربووانی پەروەردەیی لە ١٣٠ خوێندنگەی سەرەتایی پارێزگاکانی ئەنبار و نەینەوا بەهێزکردووە. سەرەڕای ئەوەش، یونیسکۆ ٧٠ دانیشتنی ڕاهێنانی پاڵپشتی دەروونی- کۆمەڵایەتی بۆ ٤٥٠ مامۆستا (کە ١٢٦یان ئافرەت بوون) بەڕێوەبرد بۆ قوتابخانە ناوەندییەکان و خوێندنی باڵا. یونیسکۆ پرۆگرامێکی نوێی ڕاهێنانی پەرەپێدا کە هەستا بە مەشق پێکردن بە٥٣ ڕاهێنەری ماستەر (کە ١٨یان ئافرەت بوون) ئەمەش بۆ ئەوەی سەرکردایەتی چالاکیەکانی تواناسازی بۆ سوودمەندان داین بکات.

**دەستگەیشتن بە پەروەردە و خوێندنی کوالیتی بەرز:** یونیسکۆ بواری یەکسانی بۆ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی بۆ ١٣٠،٣٤١ کەس دابین کردووە (ڕەگەزی مێ٦٨،٦٤٩/٦١،٨٧٢ ڕەگەزی نێر) ئاوەرا نێوخۆییەکان، پەنابەر، گەڕاوەکان و بەجێ ماوەکان. ٤٤،٩٨٣ منداڵی لە قوتابخانە تۆمارکرد وڕاهێنانی دایە ٣،٤٣٥ مامۆستای سەرەتایی و ناوەندییان بۆ بەرزکردنەوەی توانا پەروەردەیی و فێرکردنی خوێندن حاڵەتەکانی فریاکەوتن، PSS ، خۆڕاگری کارامەیی ژیان و



میتۆدۆلۆگی و ئەلیکترۆنی و فێربوونی هاوتەریب. یونیسکۆ پشتیوانی لەگەیشتنی خوێندن دەکات لەناوچە ئازادکراوەکانی نەینەواو سەلاحەدین و زیقار لەڕێگەی نۆژەنکردنەوەی زیاتر لە ٤٠ قوتابخانە و ٤٠ ناوەندی WASH و لکاندنی ٢٠ پۆلی زیادە بۆ زیادکردنی توانای پۆلەکان. گەیشتن بە کۆی ٢٠٠ قوتابخانە ئاوەدان کراوە و ١٠٠ ناوەندی WASH و ١٠٠ پۆلی زیادکراو و لکێنراو.

**فێرکردن (خوێندن) لە دوورەوە:** یونیسکۆ پشتیوانی لە کەناڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی هی وەزارەتی پەروەردە کرد لە بەرهەمهێنان و پەخشکردنی وانەکان بۆ ئەو خوێندکارانەی کە بەهۆی سنووردارێتی و ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا ناتوانن بچنە قوتابخانە هەروەها بۆئەو منداڵانەی کە لە پلەی یەکەمدا قوتابخانەیان لێوە نزیك نیە. لە ماوەی ساڵی ٢٠٢١دا، ٦٠٠ وانە زیادە بەرهەمهێنران کە هەموو وانەکانی پۆلەکانی ١تاکو١٢ تێدا روونکرایەوە. لە ماوەی ساڵەکانی ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ کۆی گشتی وانە تۆمارکراوەکان گەیشتە ١٥٠٠ وانە. لەم ماوەیەدا یونیسکۆ دوو ستۆدیۆ (بۆ بەرهەمهێنان و پەخشکردن) و یەك هۆڵی مەشق و کۆبوونەوە نۆژەن کردەوە و کەلوپەلی مۆدێرنی بۆ دابین کردن بۆ ئەوەی کوالیتی بەرهەمهێنانی وانەکان و پەخشکردنیان بەرزبکێنەوە.

**فێربوونی دوور بۆ مامۆستایان:** یونیسکۆ پشتیوانی زیاتری بۆ وەزارەتی پەروەردە پێشکەش کرد ئەویش بە پێشکەشکردنی ڕاهێنان بەشێوەیەکی ئۆنلاین لەلایەن ڕاهێنەرانی تایبەتمەند لە بواری فێرکردنی دوور و فێربونی ئەلیکترۆنی. یونیسکۆهەستا بە مەشق پێکردن و ڕاهێنانی ٧٥ ڕاهێنەری ماستەری (٢٠ ئافرەت) لە وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە و فێرکردن لە سنوری پارێزگاکانی بەغدا / ڕەسافە ٣ و بەسرە و قادسیە و زیقار. ئەم مامۆستا ڕاهێنراوانە هەڵدەستن بە پێشکەش لکردنی خولی ڕاهێنانی ٤٠٠٠ مامۆستا لە پارێزگاکانی عێراق.

**سیستەمی بەڕێوەبردنی پەروەردەیی و بەرزکردنەوەی توانای کەرتی پەروەردەیی:** یونیسکۆ بە هاوبەشی لەگەڵ یونیسێف، هەستاوە بە پەرەدان بە ئامانج سازیی EMIS بۆ عێراق. یونیسکۆ ٣٠٠٠ لاپتۆپی گەیاندە ئەو قوتابخانانەی کە لە ماوەی ساڵی ٢٠٢١دا بەشداربوون لە پرۆژەکانی ئەم ڕێکخراوەدا. ٩٢ سێتی کەرەستەی ڕاهێنانی پۆل، ٥٠ فێرکاری ئۆنلاین و ٣٢ وتاری بنکەی زانیاری بۆ EMIS پەرەپێدراوە و بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بڵاوکراونەتەوە. جگە لەمانە چوار پەرتووکی ڕێنمایی بەکارهێنەران و بەڕێوەبردن ئامادەکراوە. یونسکۆ مەشقی بە ٣٤ ڕاهێنەری ماستەری EMIS کرد کە دواتر ئەم ڕاهێنەرانە سەرپەرشتی ڕاهێنانەکانی EMIS دەکەن لە قوتابخانەکان. هەروەها، سەنتەری پەیوەندی یەکانی EMIS لە MoE دامەزرێنرا بۆ پاڵپشتی کردنی بەکارهێنەرە کۆتایی یەکان (قوتابخانەکان). هاوتەریب لەگەڵ ئەمەشدا یونسکۆ؛ توانایەکی گشتگیر بۆ سێکتەری پەروەردە و فێرکردن بەڕێوەدەبات بۆ ئەم مەبەستەش لە سەنتەری MoEو لەسەر ئاستی DOEI ی پەروەردەی پارێزگاکان هەریەکە لە بەڕێوەبەرەکان و مامۆستاکان و قوتابییەکان و دایك و باوکیان ژمارەی هاوبەشەکان گەیشتە ١٠٠٠٠ کەس.

**دەستگەیشتن بە خوێندنی باڵا:** یونسکۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ UNHCR و NOKUT و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی عێراق بە سەرکەوتوویی سیستەمی پاسەپۆرتی شیاوبوونی یونیسکۆیان لە عێراق کاراکرد و دەستپێکرد. سیستەمی پاسەپۆرتی شیاوبوونی یونسکۆ بۆ پاڵپشتی کردن و دابین کردنی بەڵگەپێویستەکانە بە ئەو پەنابەرانەی کە لە کاتی گەشتەکەیاندا بەڵگە و اسنامەکایان وونکردووە. بیست و چوار پەنابەری سوریی بەشداریان کرد لە پرۆژەی تێستیکردن و هەڵسەنگێندران لەلایەن هەڵسەنگێنەرانی متمانیی عێراقی کەوا لەگەڵ هەڵسەنگێنەری ئەزموندار و شارەزا کار دەکەن. بیست و یەك کەس لەو پەنابەرانە مەرج و پێداویستییەکانی سیستەمەکەیاب تێدابوو بۆیە لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/٢٧ لەلایەن وەزیری خوێندنی باڵاوە بروانامەی UQP یان پێبەخشرا.

**TVET/گەشەسەندنی کارامەیی و دروستکردنی کار:** لە ساڵی ٢٠٢١دا ١٢١٦ ڕاهێنەری (١٦٩ ئافرەت)ی لە ناوەندی ڕاهێنانی پیشەیی دەرچوون و ٥٩٠ لە دەرچووان لە پرۆژەی بەردەوامی ئاوەدانکردنەوە لە شاری موسڵی کۆندا کاریان بەدەست هێناوە. ئەمە جگە لە ڕەخسانی هەلی کار بۆ ٨٥٦ (٣٣ ئافرەت) کرێکارێکی نیمچە شارەزا کە لە موسڵ مەشقیان پێکرابوو.

## ئاوەدانکردنەوەی شوێنەوارە مێژوویی و کۆنەکان

یونیسکۆ سەرنجی خستە سەر ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان بە تایبەتی پارێزگای موسڵ ئەمەش لە چوارچێوەی دەستپێشخەریی "زیندووکردنەوەی ڕۆحی موسڵ". نۆژەنکردنەوەی ١١٢ خانوو لە موسڵی کۆن لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢٠٢٠ دەستی پێکرد و کارکردن تێیدا بەردەوامە تاکو کاتی کۆتایی هاتنی کە بەشێوەیەکی خەملێنراو کۆتایی یەکانی ساڵی ٢٠٢٢ یە. هاوتەریب یونسکۆ تەرکیز دەکاتە سەر شوێنەوارە مێژووییەکانی شاری موسڵی کۆن وشوێنە مێژووییەکانی وەکو؛ مزگەوتی ئەلنوری و منارەی حەدبا و کڵێسای التطاهرة و کڵێسای الساعة و مزگەوتی ئەغوات وەك مەبەستی ئاشتبوونەوە و پێکەوە گونجانی کۆمەڵایەتی. قۆناغی یەکەم لە هەموو سایتەکان تەواو بوون و قۆناغی دووەم لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ دەست پێ دەکات بە بەرواری تەواوکردنی خەملێنراو تا کۆتایی ٢٠٢٣.






# ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین

## پێشەکی لەلایەن

### سەرۆکی بەرنامەی کاری مین لە عێراق

## پیەر لۆد هامەر

کاتێك  کە لە ساڵی ٢٠١٧ کارەکەم قبوڵ کرد وەکو بەڕێوەبردنی پرۆگرامی **UNMAS**  لە عێراق، زانیم کە ئەمە دەبێتە ئەو ئاڵنگارییە گەورەیەی کە لە پێشمدایە. زیاتر لە دوو دەیە لە کاری مرۆیی میندا کار دەکەم، ئەمە شتێکی نائاسایی نەبوو بۆ من واتە شتێك نەبوو کە من لەگەڵی ڕانەهاتبم، کە لە نێوەڕاستی شەڕ و پێکداداندا ڕابسپێردرێم بۆ کارکردن لە ناوچەیەکی وادا لە ڕاستیدا، پێشبینی ئەوەم دەکرد و من چاوەڕێی ئەم جۆرە ئاڵنگارییە بووم. لەو کاتەدا وڵات لە لوتکەی شەڕی داعشدا بوو، و بەڵێنی ڕزگاری نەیتوانی تێچووی قورسی ئەو ململانێ و شەڕە بسڕێتەوە کە لە قۆناغەکانی کۆتایی ڕزگارییدا قورستر و خراپتریش ببوو. لە ئەنجام ئەم شەرە قورسەدا هەزاران کەس گیانیان لەدەستدا و ملیۆنەها هاووڵاتی ئاوارە بوون و شارێکیش کە سەردەمانێك یەکێك لە گەشەپێدراوترین ناوچەکانی عێراق بوو، لە ناو چوو.

هەرچەندە خۆشم بۆی ئامادەکرد بوو، بەڵام دیمەنی شاری موسڵ، کە پڕ بوو وێرانکاری، پاشماوە، بۆنێکی تێکەڵ بە مردن و تەقەمەنی و شەڕ، لەگەڵ ئەو ئۆکسجینە ڕوونەی کە لە سەوزاییە تێکچووە و شێوێندراوەکانەوەم هەڵمژی، توانی ئیفلیجم بکات لەوانەیە، ئەوە لەبەر ئەوە بوو کە شارەکە بەتەواوی جیاواز بوو لەوەی کە من یەکەم جار بینیم لە کۆتایی ساڵی نەوەدەکان.

پێنج ساڵ خێرا تێپەڕی، ئەو وێنە تۆقێنەر و نیگەرانکەری شارەکەم هێشتا لەبەچاوە کە بەر لە پێنج ساڵدا پێیدا تێپەڕیم، من زۆر جار لەوێ بووم و شاهێدی ئەو گۆڕانکارییانە بووم کە شارەکە بەخۆیەوە دەبینی. نەك تەنها لە موسڵ، بەڵکو لە هەموو ناوچە ئازادکراوەکاندا، ئەم شارانە گۆڕانکارییەکی زۆر گەورەیان بەسەردا هاتووە. لە کاتێکدا کە پێویستە کاری زیاتریان تێدا بکرێت، بەڵام دەبێت ئێمە زۆرجار بیر لەمەش بکەینەوە کە سەرەڕای ئەو هەمو سەختی و نەهامەتیانە شار چەند گۆڕاوە و بەرەوپێشچوونی دووبارەی بەخۆوە بینیوە.

٢٠٢١ ساڵێکی زۆر باش بوو **UNMAS** لە عێراق سەرەڕای بەرەنگاری و ئاڵنگارییە سەختەکان. هەرچەندە کاریگەرییە نەرێنییەکانی کۆڤید ١٩ هێشتاش هەر بەردەوامن بەڵام ئێمە خۆمان بەباشی ئامادەکردبوو بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ خراپترین سیناریۆ و حاڵەت و بتوانین خۆمان بگونجێنین لەگەڵیدا و بەردەوام پابەندی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی حکومەت و ڕێکخراویی تەندروستی جیهانی بین ئەمساڵ، لە کۆتایدا ئۆپەراسیۆنەکانمان لە بەسرە دەستپێکرد. یەکەم ئەرکمان لە باشوری عێراق، کە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە پشتیوانی دەکرێت. ئێمە ئامارێکی کاریگەری ئابووری و کۆمەڵایەتی تیمەکانمان تەواو کرد و ئەنجامەکانمان پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکانمان بە ڕای گشتی عێراقیش کرد.ئێمە چەند دەستپێشخەرییەکی پەیوەندیمان ئەنجام دا کە پاڵەوانی جێندەر بوون و بۆ بینەرانی عێراقیمان ئازاد کرد.

ئێمە چەند دەستپێشخەرییەکی پەیوەندیکردن و گفتوگۆییمان پێشکەش کردووە بۆ پاڵپشتی کردن لە بابەتی جێندەری وهاوبەشیمان پێکردووە لەگەڵ هاوڵاتیانی عێراق. هەروەها وەکو **UNMAS** زۆر دەستکەوتی تریشمان بەدەستهێنا لە عێراق لە ساڵی ٢٠٢١ دا بەڵام ئەمانە گرنگترین دەستکەوتەکانمان بوون بۆ ئەو ساڵە.



## لێکۆڵینەوەی کاریگەری کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەڵگەنامەی پەیوەندیدار

لە ساڵی ٢٠١٨دا، UNMAS لەگەڵ هاوبەشە جێبەجێکارەکانی کاری کردووە بۆ دەستکردن بە دامەزراندنی ئافرەتان و بڵاوکردنەوەی تیمەکانی گەڕان بە هەردوو ڕەگەزەوە بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی بەڕێوەبردنی مەترسی تەقەمەنی (EHM). ئەمەش دەرفەتی ڕەخساند بۆ زیاتر تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی شکاندنی بەربەستە ڕەگەزییەکان و بەهێزکردنی ئافرەتان لە کاری میندا. لە ساڵی ٢٠١٩دا، لەگەڵ دەستپێشخەرییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پشتگیریکردنی تواناسازی ئافرەتان، UNMAS عێراقیش تواناکانی تیمێکی فرەڕەگەزیمان بەکارهێنا بۆ پێوانەکردنی کاریگەرییە ئابووری و کۆمەڵایەتی یەکانی دامەزراندنی ئافرەتان و کە پێویستی بە توێژینەوەیەکی بنچینەیی هەبوو. بۆ ئەم ڕاپرسییە، تەرکیزەکە لەسەر تیمە تێکەڵەکانی UNMAS لە پارێزگای نەینەوا بوو.

لە نەینەوا ئامارەکان دەریخستووە کە ئافرەتانی چالاکی بواری مین، پێشکەوتنی بەرچاویان لە کارامەیی بەخۆوە بینیوە و زیاتر هەستیان بە تواناکانی خۆیان کرد لە ناو خێزان و کۆمەڵگەکانیاندا. لە شوێنی کارکردنیاندا توانای خۆیان بۆ زۆربەی هاوکاران و سەرپەرشتیارانی پیاو دەرخستووە. لە ئاستی تاکەکەسیدا، تێگەیشتنی خۆیان وێنای ژیان دەکەن لە گۆڕینی ئاستی توانای کۆمەڵایەتی- ئابووری- تاکەکەسی بۆ زۆرێك لەوان، و ئاواتی پیشە لەلایەن زۆربەیانەوە. گومانەکان لەسەر توانای ئافرەت لە کارکردن لە بواری میندا لە خێزان و کۆەملگا و شوێنی کار هەر بەردەوام دەبن. بەپێی ئەو توێژینەوەیە، ئافرەتان کە لە ژینگەیەکی خۆپارێزترەوە دێن، هەست بەوە دەکەن کە کارکردنیان لە بواری مین ڕووبەڕووی پاڵەپەستۆی کۆمەڵگایان دەکاتەوە. ئەوانیتر کە ئامادەیی کاریان تێدا بەدیدەکرێت ئامادەیی زیاتریان تێدایە بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوون و بیرۆکەکانی خۆیان. پەرەسەندنێکی ئەرێنی لەم دواییەدا هەستی پێدەکرێت ئەویش بریتییە لە زیادبوونی پرسیارەکانی لەبارەی هەلیکار و دامەزراندنی ئافرەتان لەلایەن ئافرەتان خۆیان و دایك و باوك و خێزانەکانیانەوە.

بۆ پاڵپشتیکردن لەم ڕاپرسییە، فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری تۆمارکراوە لەسەر دوو ئافرەتی بەشداربوویی ئەم ڕاپرسییە کە لە فلیمەکەدا چاوەڕوانییەکان و هەڵسوکەوتی خێزان و شوێنی کار و کۆمەڵگا لەسەر ئافرەتە کارکەرەکان پیشان دەدات.

## دەست پێکردنی "ماڵی سەلامەت"، درامای جێندەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین-عێراق، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا

تۆمارکردن و بەرهەمهێنانی ئەم درامایە شەش ئەڵقەیە دوو ساڵی خایاند، وە چەندین جاریش بەهۆی بارودۆخی کۆڤید-١٩ەوە تۆمارکردنی وەستا. دوای چیرۆکی ئەحلام دێت کە ژنێکی گەنجی عێراقی بەم دواییانە کە وەك لێکۆڵەرێك کاردەکات و سەرکردایەتی تیمەکەی دەکات بۆ پاککردنەوەی ناوچە مینرێژکراوەکانی عێراق. دراماکە زیاتر تیشك دەخاتە سەر ئەو ئاڵنگارییە کۆمەڵایەتیانەی کە ژنان لە کاری میندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەو وڵاتەدا و چیرۆکی ئەحلام دەگێڕێتەوە کە ئەو لە ڕێگەی تێڕوانین و چاوەڕوانییەکانی ژنانەوە لە ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا دەڕوات. چیرۆکەکە چیرۆکی ڕاستەقینەی زۆرێك لە ئافرەتانی عێراقە:خێزانێکی پڕ لە خۆشەویستی بەڵام خۆپارێزو داخراو، هاوپیشە یارمەتیدەر و یارمەتی نەدەرەکان، پێشبینییە کلتورییەکان، جگە لەمانەش سەختیە جۆراوجۆرەکان کە روو بەڕووی ئافرەتان دەبنەوە لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاریدا.

دراماکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکرایەوە و پەرەی پێدرا و پێشوازییەکی زۆر و شێتانەی لێکراو و چەندین عێراقی و ژن و پیاو و توانیان بە ئاسانی ئەحلام و خێزانەکەی بدۆزنەوە و پەیوەندی پێیانەوە بکەن. دراماکە گەیشتە زیاتر لە ٣١٠،٠٠٠ کەس لە فەیسبووك و ٣٦٠،٠٠٠ کەس لە ئینستاگرام و بە شێوەیەکی گشتی بە ئەرێنی پێشوازی لێکراو سەیرکرا. دەکرێت دراماکە لێرە ببینرێت. ئێمە هانتان دەدەین بۆ بینینی.

## ئامادەکردنی پەرتووکێك بە ناونیشانی "ڕەنگدانەوەکانم لە شنگال"

### کە خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵە چیرۆکێکی تاکەکەسی ئەندامانی تیمی پێشووتری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین لە شنگال

بیرۆکەی کتێبەکە لە مانگی تەموزی ٢٠١٩دا دروست بوو کاتێك وەك دەستپێشخەرییەکی UNMAS ی عێراق پێشنیارکرا بە ئامانجی تۆمارکردنی مێژووە شەخسییەکان و هەست و پاڵنەری ئەو ئەندامانەی کە بەشدارن لە پاککردنەوەی تەقەمەنی لە شەنگال. ئەو ستافەی کە بۆ هاوبەشێکی جێبەجێکاری عێراقی UNMAS کاریان دەکرد بانگهێشتکران بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونەکانیان لەسەر کاروچالاکیەکان ئەگەر بیانەوێت بۆ ئەم مەبەستە ٢٦ کەس لەسەر بنەمای خۆبەخشانە ئەو هاتنو بەشدار بوون لەم کارەدا. خاڵی پەرتووکەکەش ئەوە بوو کە بواریان پڕ ببەخشرێت و ئازادبن لە نووسینی بەشی داهاتووی پەرتووکەکە لە بارەی مێژووە دووروودرێژەکەی ئێزدی.

لەڕاستیدا هەموو بەشداربووانی کتێبەکە بەشێوەیەك لەشێوەکان قوربانیانی ترسی پاکتاوی ڕەگەزی بوون کە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شامەوە (داعش) بەسەر کۆمەڵگەی ئێزدیدا سەپێندراوە. چیرۆکی تاکەکان جیاوازن و ڕەنگدانەوەی ئەو ڕێنوێنییەیە کە لەلایەن یو ئێن ئێم ئەی ئێس عێراقەوە دراوە: بەشداربووان دەتوانن بە ئازادی و بە دڵی خۆیان بیروڕای خۆیان دەرببڕن. هەندێکیان وەسفیی، هەندێك مێژوویی، هەندێك ئیلهامبەخش، هەندێك زۆر ڕاستین، هەندێك لاساییین: وتار، یادگاری، شێعر، بەڵام هەموویان ڕەنگدانەوەی تایبەتین، بۆ هاندانێکی باش بۆ ئەنجامدانی کارەکان.

هەر نووسینێك وێنەیەکی نووسەرەکەی لەگەڵە زۆربەی بەشدار بووان لە پەرتووکی ڕەنگدانەوەی من لە شنگال ئافرەتن.




# سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان

**وەبەرهێنان لەژنان و کچان بۆ ئاوەدانکردنەوەی نەتەوە**

## چاوپێکەوتنێك لەگەڵ

**نوێنەری سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان لە عێراق**

# دکـــتۆرە ڕیتـــا کۆلۆمـــبیا

**کورتەیەکمان بۆ باسبکە سەبارەت بە UNFPA لە عێراق**

**UNFPA** سندوقی دانیشتوانی نەتەوە یەکگرتووەکانە. ئەمە ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ تەندروستی سێکسی و زاوزێ لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە بۆ عێراق کاردەکات، **UNFPA** لە سەرتاسەری وڵات کار دەکات بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە باشترکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی سێکسی و زاوزێ، بەرزکردنەوەی یەکسانی جێندەری و بەهێزبوونی ژنان، بەرزکردنەوەی بەرنامەکانی پەیوەست بە گەنجان و دەستکەوتنی داتای دانیشتوان.

لە هەماهەنگییەکی نزیکدا لەگەڵ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگای مەدەنی و بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان، **UNFPA** بەدوای ئەولەویەتی و ستراتیژیەکانی گەشەسەندنی وڵات دەگەڕێت.

لە ساڵی ٢٠٢٠دا، **UNFPA** بەرنامەی سێیەمی خۆی (٢٠٢٠-٢٠٢٤) لە چوارچێەوی سێ ئەنجامی گۆڕانکاری دروستکەر دەستپێکرد: کۆتایی هێنان بە مردنی دایك و باوکان ئەو مردنانەی کە دەکرێت ڕێگری ڕوودانیان لێ بکرێت ، کۆتایی پێهێنانی پێویستی و ئارەزووە بەدی نەهاتووەکانی خێزان و کۆتایی هێنان بە توندوتیژی.

ئێمە لە ڕێگەی بەرنامەکانمان پشتگیری لە چاکسازییە یاساییەکان دەکەین کە دەبنە هۆی باشتر کردنی مافی ئافرەت، بنبڕکردنی هەرجۆرە توندوتیژییەك دژی ئافرەت و ڕێگری کردن و نەهێشتنی هەموو کردەوە و چالاکیەك کە زیان بە ئافرەت و کچان دەگەینێت. هەروەها مەبەستمان ئەوەیە کە کاریگەری بخەینە سەر ئەو سیاسەتانە کە کاریگەرن لەسەر دەستگەیشتنی ژنان بە چاودێری تەندروستی و ڕاهێنانی پسپۆڕانی پزیشکی لەسەر تەندروستی سێکسی و زاوزێ و نەهێشتنی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری.

ڕێگەگرتن لە مردنی دایك و کۆرپەی لەدایکبوو و منداڵ و بەهێزکردنی ژنان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئاگادارانە و داواکردن و گەیشتن بە مافەکانیان کلیلی گەیشتن بە ئامانجە



بەردەوامەکانی گەشەسەندنە (SDG) تا ساڵی ٢٠٣٠. بەدەست هێنانی SDGs پێویستی بە ڕێبازی نوێی پشت بەستن بە بەڵگەی نوێ دەبێت کە لەلایەن میکانیزمی دارایی نوێ و بەردەوامەوە پشتگیری دەکرێت.

UNFPA لەگەڵ هاوبەشان لە عێراق کاردەکات لەسەر جێبەجێکردنی ئەولەویەتی و دەستێوەردانی بەڵگە و تێچوون بۆ باشترکردنی تەندروستی و خۆشگوزەرانی ژنان و کچان و بەدەستهێنانی پێشکەوتن لەسەر هەموو ئامانجەکانی گەشەپێدان.

## کۆڤید-١٩ چۆن کاریگەری هەیە لەسەر توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر و گەیشتن بە خزمەتگوزاری تەندروستی؟

لە ساڵی ٢٠٢١دا، پەتای کۆڤید-١٩ مەودای تەواوی نایەکسانی جێندەری ئاشکرا کرد لە کاتێکدا کۆمەڵێك بارودۆخ دروست کرد کە هەڕەشەیەکە بۆ پێچەوانەکردنەوەی پێشکەوتنەکان. کە نەك تەنها لە عێراق بەڵکو لە سەرتاسەری جیهاندا.

بە پێی ئەو داتایانەی کە کۆکراونەتەوە، پیشانی دەدەن کە توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر، بەتایبەتی توندوتیژی خێزانی لەگەڵ ژنان و کچانی سنوردارکراو لە ماڵەکانیان زیادیکردووە هەروەها گوشاری خێانیی و پیشەیی کاریگەرییان زیاتر بووە. هەروەها لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان پیشان داوە کە توانای گەیشتنی ئافرەتان بە خزمەتگوزاری تەندروستی زاوزێی کەمبۆتەوە واتە ژنان خۆیان دەخەنە مەترسیی ئاڵۆزییە تەندروستییە ڕێگری لێکراوەکانەوە.

## تۆ چی شتێك بە گەورەترین دەستکەوتی UNFPA لە ساڵی ٢٠٢١ دا دەزانی؟

من پێم وایە دەستکەوتە سەرەکیەکانی ئەم ئەمساڵمان داهێنانیان کردووە بۆ یارمەتیدانی پاراستنی ژنان و زیادکردنی پشتیوانیمان بۆ ژنان و گەنجانی کەمئەندام و دروستکردنی هاوبەشی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوخۆ.

ئێمە بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆبەرنامەی بەرنامەی (SafeYou App)مان هێنایە هەرێمی کوردستان کە بەرنامەیەکی مۆبایلە و یارمەتی پاراستنی ژنان و کچان دەدات لە مەترسی توندوتیژی جێندەری. بەرنامەکە ڕێگە بە کەسەکان دەدات کە لە حاڵەتی بوونی مەترسییەك لەسەریان پەنجە بخەنە سەر دوگمەی "یارمەتی" ڕاستەوخۆ ئاگاداری مەترسی بۆ حەوت کەس بە پۆلیسیشەوە دەڕوات.

هەروەها ئەمساڵیش هەستاین بە پاڵپشتی کردنی پێنج سەنتەری دۆستی خاوەن پێداویستی تایبەتەکان بە دابین کردنی ئاسانکاریی پێویستی تەندروستی هەروەها هاوبەشییەکمان پێکهێنا بۆ پاڵپشتی کردنی گەنجە کەمئەندامەکان بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕێگەی وەرزشەوە تواناکانی خۆیان بەرزبکەنەوە.

باس کردن لە گەنج و گرنگی دان بە گەنج، سەندوقی ڕێکخراوی UNFPA، ٢١سەنتەری گەنجانی نۆژەنکردۆتەوە کە سەر بە هەردوو وەزارەتی وەرزش ولاوان و وەزارەتی ڕۆشەنبیری و لاوان بوون و هەستا بە دابینکردنی خولی ڕاهێنانی تایبەت بە ژیان، بژێوی و بەشداری مەدەنی بۆ لاوان. UNFPA کار لەگەڵ گەنجە خۆبەخشەکان دەکات بۆ بنیادنانەوەی سەنتەری لاوانی ڕومادی کە پێشتر زیندانی داعش بووە ئەم سەنتەرە ئەمڕۆ چالاکە و پێشوازی لە گەنجان دەکات بۆچالاکی وەرزشی و بەدەستهێنانی ڕاهێنانی تایبەت بە شارەزایی ژیان و ڕاهێنانی سەرکردایەتی.

هەروەها یو ئێن ئێف پی ئەی پشتگیری هەشت ناوەندی پاراستنی ژنان دەکات کە پەناگەیان بۆ ژنان و کچانی ڕزگاربووی توندوتیژی دابین کردووە. تیمەکانمان چوار بەشی دایکایەتی کەرەنتین کردنی هەڵگرانی ڤایرۆسی کۆرۆنا دامەزراند و پێشوازیان لە زیاتر لە ٢٥٠٠٠ ژنی دووگیان کرد کە هەڵگری ڤایرۆسەکە بوون. هەروەها UN_FPA تەندروستی دەروونی و پشتگیری دەروونی کۆمەڵایەتی لە ٩ شوێنی تەندروستیدا دابین کردووە.

لە ساڵی ٢٠٢١دا، UNFPA پشتگیری پێنج ناوەندی نایابی کرد بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ ژنان و خێزانەکان لە ساڵی ٢٠٢٢دا پێنج ناوەندی تر دەکرێنەوە.

UNFPA هاوبەشی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەنبار و دیوانیە و هەروەها ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی وەزیران دروستکرد بەمەبەستی بەرزکردنەوەی وەڵامدانەوە بۆ توندوتیژی ڕەگەزی لەسەر ئاستی پارێزگاکان.

## پەیامی ئێوە بۆ گەنجانی عێراق چیە و چ ڕۆڵێکیان هەیە لە کۆتایی هێنان بە توندوتیژییە ڕەگەزیەکان؟

پەیامم بۆ عێراقییەکان و بەتایبەتی گەنجان ئەوەیە: دەمەوێت پێیان بڵێم ئێوە دروستکەرانی گۆڕانکارییەکانن ئێوە سەرکردەن و ئێوە ڕۆحی ئەم وڵاتەن ئێوە ئەو کەسانەن کە دەبێت بە شێوەیەکی چالاکانە مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنان بپارێزن و بەرز بنرخێنن. بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی کە تواناسازی ژنان دەبێتە هۆی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی باشتر و وڵاتێکی خۆشتر و تەندروستتر و بەهێزتر.

کەواتە گفتوگۆی ڕاستەقینە و سەرەکی پێویستە لەسەر ئەوە بێت کە ئافرەتان مافی بژاردەی زاوزێی خۆیان هەبێت و خۆیان بڕیاردەری سەرەکی بن لەمبارەیەوە لەگەڵ دەستەبەرکردنی تەواوی مافەکانی تری ئافرەتان و باشتر کردنی بارودۆخیان لە ژیاندا. ئێوەی گەنج دەبێت لەو کەسانە بن کە کۆتایی بەو نەریتە زیانبەخشانە بهێنن کە کچان بێبەش دەکەن لە ژیانی خۆیان بە تەواوی . ئێمە لە پشت ئێوەین و پشتگیریتان دەکەین، ڕێگای گۆڕانکاری ئەرێنی دەگرینە بەر لە کۆمەڵگەکەتاندا.



# نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاری پرۆژەکان

## چاوپێکەتن لەگەڵ

### بەڕێوەبەری ناوەندی چالاکیەکانی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاری پرۆژەکان لە عەممان

## بەڕێز محەممەد عوسمان ئەکرەم



بەڕێز محەممەد عوسمان ئەکرەم زیاتر لە ٢٠ ساڵ شارەزایی هەیە لە سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان کە لە سێکتەری مرۆڤیەتی و پەرەپێدان کار دەکەن و ئەزموونی کارکردنی هەیە لە لە پاکستان و ئاسیای ناوەڕاست و میسر و کۆماری سلۆڤاکیا و ئوردن و نیو یۆرك. لە ساڵی ٢٠١٦-٢٠١٨ بەڕێز ئەکرەم وەك سەرۆکی بەرنامە لە بارەگای نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاری پرۆژەکان لە عەممان کاری کردووە بۆ چاودێری جێبەجێکردنی بەرنامەی UNOPS لە هەموو وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی عێراق و ئوردن و سوریا و لوبنان و یەمەن و ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو.

لە کانوونی دووەمی ٢٠١٩ەوە، بەڕێز ئەکرەم بە بەڕێوبەری هۆبی ئۆ ئێن ئۆ پی ئێس لە عەممان دەستنیشان کرا بەڕێز ئەکرەم خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە ئابووری لە زانکۆی ماککواری، نیو ساوت وێڵز و زمانەکانی ئوردو و ئینگلیزی دەزانێت.

**نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاری پرۆژەکان لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە لەعێراق کاردەکات، بە بەرنامەیەکی تۆکمە و بەرچاو و بەشداریکردووە لە چەندین سێکتەری جیاواز لە چەند ناوچەیەکی عێراق دا. بەگەیشتنی ساڵی ٢٠٢١، بە ڕای ئێوە گەورەترین دەستکەوتی ڕێکخراوەکە لە عێراق لە ساڵی ڕابردوو چی شتێك بووە؟**

لەساڵی ٢٠٢١ دا ئەرکەکانی ڕێکخراوەکەمان تیشکی خستە سەر سێ تەوەر ئەوانیش (ڕاسپاردە-دابینکردن، بەڕێوەبردنی پرۆژەکان و ژێرخان) بوون کە ١٨ پرۆژەی گرتەخۆی. کۆی گشتی بودجەکە نزیکەی ٤٨ ملیۆن دۆلار بوو، ئەمەش بۆ گەیاندن و دەستەبەرکردنی ئەو پرۆژانەی کە لە ئەولەویەتی عێراقدان.

دەمەوێت بە تازەترین بەشداریمان دەست پێ بکەم،



حەزدەکەم تیشك بخەمە سەر ئەو پشتگیرییەی UNOPS بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠٢١ لە مانگی ئۆکتۆبەر دابینی کرد. ئێمە پاڵپشتی نەتەوە یەکگرتووەکانمان کرد لە ئەرکەکەیان دا لە عێراقدا بە دابین کردنی ١٥٠ شارەزای هەڵبژاردنی نێودەوڵەتی نەتەوەیەکگرتووەکان هەروەها دابین کردنی ٤٥٠ کارمەندی پشتیوانی نیشتمانی لە تەواوی پارێزگاکانی عێراق. وەك بەشێك لە گەورەترین پرۆژەکانی یارمەتی هەڵبژاردن کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەسەر ئاستی جیهان جێبەجێ کرا.

لە چوارچێوەی کاری گرنگیدان بە ژێرخانی وڵات، پشتگیری گەیاندنی خزمەتگوزارییە گرنگەکانی شارەوانییەکان و باشترکردنی سەلامەتی و ئاسایشی کۆمەڵگە خانەخوێیەکانمان کرد لە ڕێگەی نۆژەنکردنەوەی ١٢ ڕێگای ناوخۆیی، دانانی ٢٠٠ چرای شەقامی کە بە وەزی خۆر کاردەکەن. هەروەها هەستاین بە دابینکردنی ٥٨٢ دەفری خۆڵ و خاشاك هەروەها هەستاین بە پشتیوانی شارەوانییەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و بەڕێوەبردنی پاشەڕۆکان لەئەل مەنسوریە لەقەزای ئەلخالس لە پارێزگای دیالە.

لەبەر ئەوەی ساڵی ٢٠٢١یش کەوتە بەر کاریگەرییەکانی ڤایرۆسی کۆڤید١٩، ئێمە هەستاین بە پاڵپشتی کردنی وەزارەتی تەندروستی و ژینگە بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانیان لە خۆپارێزی لە ڤایرۆسەکە و باشتر کردنی سیستەمی خۆپارێزی و تەندوسرتی لە عێراق دا.

تەنیا لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا کەلوپەل و پێداویستی پزیشکیی بنەڕەتیمان گەیاندە نەخۆشخانەکانی جەلەولا و دیجلە و ٦ بنکەی تەندروستی سەرەتایی لە پارێزگاکانی دیالە و سەلاحەدین کە پێکهاتبوو لە کەلوپەلی وەك هەواکەر و ئۆکسجین. UNOPS هەروەها ٧ بنکەی تەندروستی سەرەتایی لە پارێزگای ئەنبار نۆژەنکردەوەو و کەلوپەلی پێویستی بۆ دابین کرد لەگەڵ دابین کردنی چارەسەری وزەی خۆریان بۆیان. بەدرێژایی ساڵ، یو ئێن ئۆ پی ئێس بەردەوام بوو لە پشتگیری کردنی ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی سەرچاوەمرۆییەکان HR و هەروەها لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی سەنتەری زانیاری عێراق (IIC) لە جیاتی تیمی وڵاتی مرۆڤدۆست. لە ساڵی ٢٠٢١ دا ٢٧ کارپێکەر ٢٠٠٠٠٠ پەیوەندییان وەرگرت و ٢٣٧٢ حاڵەتیان ئاڕاستەی ٥٦ ڕێکخراوکرد بە درێژایی ساڵ. بەلەبەرچاوگرتنی پێگەی تایبەتی خۆی و پەیوەندییە نزیکەکەی لەگەڵ کۆمەڵگا، هاوبەشەکان داوایان لە IIC کرد کە پشتگیری بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا بکەن. وەك بەشێك لەم هەوڵانە IIC ٣٨٠،٠٠٠ پەیامی کورتەنامەی بڵاوکردەوە لەسەر هۆشیاری کۆمەڵگا بۆ ڤاکسین لێدان- خۆکوتان، هەروەها بەڕێوەبردنی هەڵمەتێکی ڕادیۆیی لەسەر کۆڤید-١٩ دەستپێکرد کە زیاتر لە ٥٠٠ جار لەسەر هەشت وێستگە لە عێراق بڵاوکرایەوە، سێ ئەنیمەیشنی بەرهەم هێنا بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری کۆڤید-١٩ وە هەروەها بروشوور و پۆستەرەکانی تایبەت بە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگای چاپکرد لە کلینیکەکانی IOM لە سەرانسەری عێراقدا دابەشکرد. کارپێکەرەکان بە نوێترین نامەی ئاگادارکردنەوە و هۆشیارکردنەوە کە لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و یونیسێفەوە پێشکەش کرابوون، ئامادەکرابوون بۆ ئەوەی بتوانن وەڵامی پرسیارەکانی پەیوەندیکەران بدەنەوە سەبارەت بە نەخۆشی پەتاکە.

**پرۆژەکانی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاری پرۆژەکان چۆن بەشدارن لە دەستکەوتەکانی ئامانجە بەردەوامەکانی گەشەپێدان (SDG) لە عێراق؟**

بەشداریکردن و چالاکییەکانمان پشتگیری لە ئەولەویاتی مرۆیی و گەشەپێدانی عێراق دەکەن بەشێوەیەك کە سوود و دەستکەوتەکانی وڵات و خەڵکەکەی زیاتر بکەن. لە ڕێگەی ئاوەدانکردنەوەی ڕێگاکان و تۆڕەکانی ئاو و نەخۆشخانە و پەناگەی زیانلێکەوتووانی جەنگەوە بۆ گەڕاندنەوەی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و دابینکردنی چارەسەری وزەی نوێ و خزمەتگوزاری ئاشتی و ئاسایش ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی کاریگەری ئەرێنی لەسەر ژیانی عێراقییەکان دروست بکەین. پرۆژەکانمان پشتگیری دەستکەوتەکانی SDG١ دەکەن لەسەر کۆتایی هێنان بە هەژاری، SDG٧ لەسەر دڵنیابوون لە گەیشتن بە وزەی مۆدێرنی گونجاو، SDG٩ لەسەر بنیاتنانی ژێرخانی گونجاو، SDG١١ لەسەر ئاوادانکردنەوەی شارەکان و نیشتەجێکردنی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتگیر و سەلامەت و SDG ١٦ لەسەر بەرزکردنەوەی کۆمەڵگا ئاشتیخوازەکان و گشتگیرەکان بۆ گەیشتن بە گەشەسەندنی بەردەوام. لەوەش گرنگتر، ئەمساڵ پشتیوانیمان بۆSDG٣ لە دەستەبەرکردنی ژیانی تەندروستی و بەرزکردنەوەی تەندروستی بۆ هەمووان لە پشتیوانیکردنمان بۆ کەرتی تەندروستیی عێراق ڕەنگی دایەوە. هەمو لە ڕووی پشتگیریکردنی توانای گشتیانەوە هەروەها تیشك خستنە سەر پشتگیرییەکانمان لەسەر وەڵامدانەوەی کۆڤید-١٩. وەك ئەندامێکی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، UNOPS بەشداری دەکات لە چوارچێوەی هاریکاری گەشەپێدانی بەردەوام لە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNSDCF) لە ڕێگەی ئەو پرۆژانەی کە پەرە بە بەشداری کۆمەڵایەتی و پاراستنی، کاریگەر، گشتگیر،وە دامودەزگای کارا و خزمەتگوزاری، وە گەیشتن بە چارەسەرە باوەکان دەدەن.

**گەرسەیری ساڵی ٢٠٢٢ و ساڵانی دواتر بکەین، تۆ چی دەبینیت کە UNOPS بەردەوام دەبێت لە بەشداری بۆ داهاتووی عێراق؟**

یو ئێن ئۆ پی ئێس سەرچاوەیەکە بۆ شارەزایی تەکنیکی و پشتگیری جێبەجێکردن بە درێژایی هەوڵەکانی ئاشتی و ئاسایش و مرۆیی و گەشەپێدان. ئێمە پابەندین بە یارمەتیدانی خەڵك و وڵاتان بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی باشتر بۆ هەمووان لە ڕێگەی فراوانکردنی توانای جێبەجێکردن بۆ وڵاتان بۆ گەیشتن بە SDGs و وەڵامدانەوە و چاکبوونەوە لە قەیرانی ڤایرۆسی کۆڕۆنا و چارەسەرکردنی باری نائاسایی کەش و هەوا. ڕۆڵی ئێمە لەعێراقدا هیچ جیاوازیەکی نییە لەو کاتەوەی UNOPS لە عێراق دەستی بە کارکردن کردووە، هەوڵی بەردەوامی بریتی بووە لە دابین کردنی پێداویستییە گرنگەکان و پێداویستییە گەشەسەندووەکان بۆ وڵات.

لەڕێگەی پشتیوانی هاوبەشەکانمانەوە چارەسەری نوێ و گەشەپێدان پێشکەش دەکەین بۆ چەندین کێشە کەڕووبەڕووی وڵات بۆتەوە بەمەبەستی یارمەتیدانی کۆمەڵگەی خانەخوێ و هەروەها گەڕانەوەیان بۆ چێژوەرگرتن لەدۆخی باشتری ژیان و پێدانی دەستێکی یارمەتی بۆ حکومەتی عێراق بۆ گەیشتنن بە SDGs.

**دەتەوێت چی بە هاوبەشەکانی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاری پرۆژەکان بڵێیت؟**

بەناوی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاری پرۆژەکانەوە دەمەوێت سوپاسێکی قووڵی هەموو هاوبەشەکانمان لە عێراق بکەم و بەتایبەتی هاوبەشە نەتەوەییەکانمان و بەخشەرەکانمان و بریکارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. بە دڵنیاییەوە بەبێ هاوکاری و پاڵپشتی و هەماهەنگی هاوبەشەکانمان نەمان دەتوانی ئەو دەستکەوتە مەزنانە بەدەست بهێنین. بێگوومان هەماهەنگی و هاوکاری هاوبەشەکانمان دەبین بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە گشتی یەکانی عێراق و گەلانی عێراق.



نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاری پرۆژەکان (UNOPS) بەردەوام بوو لە بەڕێوەبردنی سەنتەری زانیاری عێراق (IIC) لە جیاتی تیمی دەوڵەتی مرۆڤدۆست بۆ بەهێزکردنی سوودمەندان بەو سەرچاوە و زانیاریانەی کە پێویستیانە بەشداری بکەن لە چاکبوونەوەیان. ئەم سەنتەرە میکانیزمی سەرەکی ژمێرياريیە بۆ وەڵامدانەوەی مرۆیی لە عێراق و دابینکردنی زانیاری گرنگ دەربارەی یارمەتیە مرۆییەکان و هەروەها ئیکانیزمێك بۆ ڕاپۆرتکردنی کێشەکانی پەیوەست بە یارمەتی مرۆیی یان خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لە ڕێگەی هێڵی گەرمی بەخۆڕاییەوە. لە ساڵی ٢٠٢١دا، سەنتەرەکە زیاتر لە ٢١٠,٠٠٠ پەیوەندی لە تاکەکانی وڵات وەرگرتووە. زۆربەی پەیوەندیەکان پەیوەست بوون بە یارمەتی یاسایی/تۆمارکردن، یارمەتی کاش، و پاراستن. ئەمساڵیش سەنتەرەکە گرنگی میکانیزمی سەنتەری پەیوەندی مرۆیی گەڕاندۆتەوەو بۆ هۆکاری گرنگی بوونی ئەم سەنتەرە بۆ دابینکردنی زانیاری ورد، بەردەست و کاتی پێویستن بۆ خەڵك لە کاتی قەیراندا. ئامانجی سەنتەرەکە بریتی یە لە دابین کردنی زانیاری پێویست و بەسوود بۆ خەڵکی بۆ ئەوەی بتوانن بهۆیانەوە سەرکەوتوو بن لە کرداری دانی بڕیاری هەستیار و گرنگ. بەم شێوەیەش سەنتەرەکە ئامانجەکەی دەپێکێت لە پارێزگاریکردن لە هاوڵاتیانو پاراستنی شکۆ و سەرو ماڵیان.






# چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کارپێکەری سەنتەری پەیوەندی کردن

سەنتەری پەیوەندییەکان کە بە دڵی سەنتەری IIC دادەنرێت ٢٧ کارپێکەر لەهەفتەیەکدا ٧ ڕۆژ کاردەکەن بۆ وەلامدانەوەی پەیوەندی مانگانە لەلایەن هاوڵاتیانی عێراقییەوە کە لەبواری جۆراوجۆردا داوای یارمەتی و پاڵپشتی دەکەن. وەرد (٣٠) و مستەفا (٣٦) هەردووکیان لە هەولێر لەدایك بوون و گەورە بوون ئەوان لە ساڵی ٢٠١٨ و ٢٠١٩ ەوە وەك کارپێکەری سەنتەری پەیوەندی کردن کاردەکەن بۆ ناوەندی زانیاری عێراقی. هەردووکیان پێشتر کاریان بۆ ڕێکخراوەکانی تری یارمەتی مۆریی کردووە.

**سەرنجراکێشترین شت لە کارەکانیان چیە؟**

وەرد دەڵێت: " من هەمیشە دەمویست بەشدار بم لە کاری مانادار و کارکردن بۆ IIC دەرفەتێکە بۆ خزمەتکردن بە کەسانی لاواز یاخود مافخوراوی وڵاتەکەم. ئەو کەسانەی کە پەیوەندیمان پێوە دەکەن هەمەجۆر و جیاوازن و من چێژ لە کارلێککردن و فێربوونی ژیانی ئەو کەسانە وەردەگرم کە کلتور و تێڕوانینی جیاوازیان هەیە.

**گەورەترین ئاڵنگاری و سەختییەکانی کارەکەتان کامانەن؟**

مستەفا دەڵێت: "خەڵك پەیوەندیمان پێوە دەکەن و دەیانەوێت زۆر خێرا وەڵامی داواکارییەکانیان بدەینەوە و بە خێرایی کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکەین کە لە ڕاستیدا ئەمە هەمیشە ناگونجێت و ناکرێت چونکە هەندێك لە حاڵەتەکان پێویست بە وەڵامی هاوبەشەکان و لایەنەکانی تر دەکەن و کاتیان پێویستە تاکو وەڵامی گونجاو و ڕاست وەردەگرین. بیستنی چیرۆکەکانی ڕۆژانە سەبارەت بەو سەختییەی کە خەڵك ڕووبەڕووی دەبێتەوە قورسە بەڵام هەست بە سۆزێکی زۆر دەکەم لە کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکە ئەمە هانی من دەدات کە کارەکە بە باشترین شێوە جێبەجێ بکەم بۆ ئەوەی یارمەتی خەڵکی زیاتر بدەم".

هەروەها وەرد دەڵێت: " زۆرێك لەو هاوڵاتییانەی کە پەیوەندیمان پێوە دەکەن لە بارودۆخێکی سەختدان و پێویستیان بە یارمەتییە و تووشی بێ هیوایی بوونەتەوە. من هەمیشە هەوڵ دەدەم وایان لێ بکەم کە هەست بەمە بکەن کە من لە بارودۆخیان تێدەگەم و گوێم لێگرتوون و لەخەمی ئەوان تێدەگەم. بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی پیشەیی کارکەین پێویستە بەردەوام هەمیشە ئارامگربین و پشوودرێژ بین".

" من وانە لە چیرۆکەکانیان وەردەگرم و فێر بووم کە هەر شتێك ڕوویدات ئێمە هەمیشە دەتوانین لەسەرەتادا دەست پێبکەینەوە و هەرگیز هیوا لە دەست نەدەین".

## چیرۆکی سوودمەندێك

"نەعام" دایکی یازدە منداڵە ساڵی ٢٠١٤ کاتێك داعش دەستی بەسەر گوندەکەی لە شەنگالدا گرت، لە باکوری عێراق، ئەو و خێزانەکەی بۆ ماوەی نۆ ڕۆژ بەناو بیاباندا ڕۆیشتن. لە ماوەی سێ ڕۆژی کۆتایی سەفەرەکەیان، ئەو نەیتوانی خواردن بە منداڵەکانی بدات. "کاتێك ڕزگارمان بوو و گەیشتینە کامپێك، بە زەحمەت دەمانتوانی قسە بکەین" هاتەوە بیری. کەمپی شەریعەی دهۆك کە٩٣ میل لە هەولێرەوە دوورە، میوانداری زیاتر لە ١٢ هەزار پەنابەر و زیان لێکەوتووی جەنگ دەکات. چیرۆکی "نەعەم" نمونەیەکە لە چیرۆکی دەسان هەزار خەڵك کە هێشتا لە ناو کامپەکاندا نیشتەجێن.

هەر زوو دوای گەیشتنی بەکەمپی شەریعە، نەعام زانی بڕی پارەی یارمەتی گونجاو و تەواوی بۆ خواردن وەرنەگرتووە و هەمان ڕۆژ پەیوەندی بەبنکەی زانیاری عێراقەوە کرد. دوای سێ هەفتە لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدواداچوونیان بۆ ئەم بابەتە کرد و دوای سێ هەفتە لە پەیوەندی "نەعام" هەستان بە ڕێکخستنەوەی شێواز و میکانیزمی دابەشکردنی یارمەتییەکان. "شتەکان ئەمڕۆ بەباشی نارۆن بەڕێوە نەعام دەڵێت: چادرەکەمان تێکچووە و مێردەکەم ئەوەندە بەدەست ناهێنێت بۆ ئەوەی بڕۆین بۆ ماڵێکی ڕاستەقینە بەڵام بۆ من، قسەکردن لەگەڵ ئەو کارپێکەرە لەسەر تەلەفۆن هەموو شتێك بوو. هەستم کرد گوێم لێبوو دووبارە هەستم بە مرۆڤ بوونم کرد".






# بەرنامەی خۆراکی جیهانی

لە ساڵی ٢٠٢١دا، بەرنامەی خۆراکی جیهانی بەردەوام بوو لە پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ ئاوارەکانی ناوخۆ و ئاوارە سورییەکان کە لە کامپەکانی سەرانسەری وڵات نیشتەجێ دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا ئاراستەی نوێی بەرنامەی خۆراکی جیهانی سەرنجی خستە سەر دروستکردنی خۆڕاگری و باشترکردنی بژێوی ژیانی دانیشتوانی باشووری عێراق لەگەڵ ئەو ناوچانەی بارگرانییەکی زۆری ئاوارەکانیان لەسەربوو. بارودۆخی عێراق لە ماوەی ساڵی ٢٠٢١دا بەرەو جێگیر بوون هەنگاوی ناوە ئەمەش بەهۆی داخستنی کامپی ئاوارەی زیاتر و گەڕانەوەی خێزانەکان بۆ نێو کۆمەڵگەی میوان یەکگرتنەوە لەگەڵیان. بەرنامەی خۆراکی جیهانی سەرنجی خستە سەر پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ ئەو خێزانانە لە ڕێگەی بنیاتنانی هێزی خۆڕاگری و چالاکی پشتگیری بژێوی ژیان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە خەڵك لە ئەگەری قەیرانی داهاتوودا دەتوانن خۆیان بژێنن و بەردەوام بن لە ژیان. بارودۆخی ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ لە عێڕاقدا هەر بە ئاڵۆزی مایەوە و ژمارەی توش بووان بەرز بوو لە ماوەی ساڵی ٢٠٢١. لەوساڵەدا بارودۆخی ئەمنی عێراق بەگشتی سەقامگیر بوو، لەگەڵ بوونی چەند چالاکییەکی خۆپیشاندانی گروپە چەکدارەکان لەدوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیی کە لە مانگی تشرینی یەکەم ئەنجامدران ئەمە تیمەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانی خستە مەترسییەوە بەهۆی ئەوەی کە هەستاون بە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکان. بەرنامەی خۆراکی جیهانی شێوازێکی دینامیکی جێبەجێ کرد کە لکێندراوە بە ڕاسپاردەی گەشەپێدانی مرۆیی، ئەمەش کرداری وەلامدانەوەی داواکاریی و پێویستییە هەمەجۆرەکانی دانیشتوانی عێراق و پەنابەرانی سوری ئاسان کردووە. سەرەڕای ئاڵنگارییەکان، لە نێویاندا بەردەست نەبوونی نەرمە پارەی بانکی (پارەی بەردەست لە بانکەکاندا) بەهۆی کەرەنتینەوە، بەرنامەی خۆراکی جیهانی بە سەرکەوتوویی پشتگیری لە ٦٥٢٨٠٠ ژن و پیاو و کچ و کوڕانی کرد لەڕێگەی چالاکیەکانی ژیانپارێزی و گۆڕانکاریی هەڵومەرجەکانی ژیان لە عێراق لە ساڵی ٢٠٢١، ساڵی دووەمی پلانی ستراتیژی وڵات (٢٠٢٠ - ٢٠٢٤).

عێراق زیانێکی زۆری پێکەوت بەهۆی ڤایرۆسی کۆڤید١٩ و کەرەنتینەوە کە کاریگەریی نەرێنی زۆر گەورەی خستە سەر ئاستی بژێوی ژیانی تاکەکانی عێراق بە گشتی و ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەر و خەڵکە زیانلێکەوتووەکانی دیکە بە تایبەتی. بەرنامەی خۆراکی جیهانی هەستا بە ناساندنی چالاکیەیکانی تایبەت بە ئامانجگرتنی ئەو گرووپە مەترسییانە کە رووبەڕووی بژێوی شارستانی و لادێیی دەبنەوە ئامانجی ئەم چالاکیانە ئەوەیە کە تواناو و تەکنیکی پێویست بۆ خەڵك دابین بکەن بۆ ئەوەی خەڵکەکە تونای ئەوەیان هەبێت بتوانن بژێوی خۆیان دروست بکەن. بەرنامەی خۆراکی جیهانی هەستا بە دابین کردنی یارمەتی خۆراکی بۆ دروستکردن و بنیاتنانەوەی کۆمەڵایەتی (**FFA**) هەروەها لە ڕێگەی دانیشتنەکانی ڕاهێنانی تەرخانکراو پشتگیری خەڵکی ناوچە لادێییەکانی کرد.

پرۆژەکان دەرفەتی ڕەخساندنی پڕۆژەی هەلی کاری بچووك و پێدانی بڕەپارە بۆ گەشەپێدان بە ئابووری ناوەخۆیی. بۆ گواستنەوەی عێراق لە قۆناغی سەقامگیری، دوای فریاکەوتن بۆ قۆناغی "چارەسەرە بەردەوامەکان" بەشێوەیەکی هاوتەریب. ئەمە بریتی بوو لە جێبەجێکردنی پرۆژەکان لە ناوچە زیانلێکەوتووە لاوازەکانی وڵات بە ڕاهێنانی پیشەیی و پشتگیریکردنی ١٠٤٣٠٠ خەڵك کە سەرچاوەی داهاتیان لە دەست داوە. خولەکانی (**EMAPCT**)ی بەرنامەی خۆراکی جیهانی بە ناونیشانی ('تواناسازی لە چالاکی!) کە براوەی خەڵاتن لە بواری کارامەیی دیجیتاڵی و ڕاهێنانی ئینگلیزی بەهۆی کەرەنتین و ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ەوە بەشێوەی شێوەیەکی نوێ بە ئۆنلاین بەڕێوەچوون، وەکو دەستپێشخەرییەك بۆ پشتگیری کردن لە سەدان هەزار گەنجی زیانلێکەوتوو و خێزانەکانیان.

پرۆگرامی بەرنامەی خۆراکی جیهانی ی تایبەت بە خواردنی قوتابخانە لە ساڵی ٢٠٢١دا زیانێکی زۆر گەورەی بەرکەوت، چونکە کەرەنتین و خوێندنی ئەلیکترۆنی و ئۆنلاین وایکرد کە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ هیچ منداڵێك نەتوانێت بچێتە قوتابخانەکان. بەرنامەی خۆراکی جیهانی هەستا بە ناساندنی ڕێبازێکی نوێ لە ڕێگەی پرۆژەیەکی پشکنین لە پارێزگای بەسرە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشیە. هەروەها لە چوارچێوەی بەرنامەکانی






پاڵپشتی بەخششێکی نەقدی بە خێزانە هەژارەکان و زیانلێکەوتووەکان و خوێندکارانی کچ درا بەمەبەستی دابینکردنی مۆبایل یان تابلێت وەهەروەها دابین کردنی ئەنتەرنێتی جێگیر گرێدانیان بۆ ئەوەی کچانی گەنج بتوانن بەردەوامبن لە خوێندن بە شێوەی ئەلیکترۆنی.

هەروەها پێشکەوتن لەسەر بەرزکردنەوەی توانا بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی عێراق بەدەستهات، چونکە بەرنامەی خۆراکی جیهانی هەوڵی دووبارەکردنەوە و لاسایی کردنەوەی گواستنەوەی بەشێك لە ئەزموونی حکومەتێکەوە بۆ حکومەتێکی تر دەکاتەوە لەکاتی پێشکەشکردنی ڕاوێژکاری تەکنیکی و پشتگیری دابینکردن کە بەدەستهاتوون لە ئەزموونی چەندین ساڵەیان لەسەر گەیاندن و جێبەجێکردنی بەرنامە هاوشێوەکان.

سەرەڕای ئەو سەختی و ئاڵۆزیانەی کە کۆرۆنا و دابەزاندنی بەهای دیناری عێراقی لەبەرامبەر دۆلاری ئەمریکی کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئەنجام درا، چاودێریی دەرەنجامی ئاسایشی خۆراکی بەرنامەی خۆراکی جیهانی ناسراو بە(FSOM) ئاماژەی بەوەدا کە لەسایەی ئەو هاوکارییانەی کە لە لایەن WFP ئاڕاستەی خێزانە ئاوارە ناوەخۆییەکان کراوە، ئەو گۆڕانکارییانە و ئەو دۆخە سەخت و ئاڵۆزەی کە دروست بوون کاریگەرییەکی قورسیان دروست نەکرد لەسەر ئەو خێزانانە و نەبووە هۆی زیان گەیشتن بە ئاسایشی خۆراکیان.

بەرنامەی خۆراکی جیهانی بەردەوام بووە لە کارکردن لە نزیکەوە لەگەڵ حکومەتە خانەخوێ و بەخشەرەکان، هاوبەشەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بانکی جیهانی و هاوبەشە ناحکومییەکان بۆ دڵنیابوون لە بەهێزکردنی توانای بەردەوام و تەواوکاری و کاریگەربوونی دەستێوەردانەکان و یارمەتییەکان. لە ڕێگەی کاری کۆمەڵەی ئاسایشی خۆراکی بە هاوکاری بەرنامەی خۆراکی جیهانی، بەرنامەی خۆراکی جیهانی بەردەوام بوو لە بەهێزتر کردن و زیاترکردنی ڕۆڵی خۆی وەك چالاککەر و هاوبەشێکی هەڵبژاردن بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی و گەشەپێدانی فراوانتری کۆمەڵایەتی.
لە ساڵی ٢٠٢١ لەژێر داواکاری وەزارەتی بازرگانی عێراقی ئەپڵیکەیشنی "Tamwini" (ڕێژەی خۆراکیی من) کە لەسەر مۆبای کاردەکات، خرایە بەردەست ژمارەیەکی زیاتری بەکاربەران. ئەم ئەپڵیکەیشنە خزمەتگوزاری گرنگ بۆ هاوڵاتیان دابین دەکات وەکو نمونە؛ خزمەتگوزاری نوێکردنەوەی داتاکانیان، کە دەتوانن لە مۆبایلەکانیانەوە ئەنجام بدەن لە جیاتی ئەوەی پێویست بکات سەردانی شوێنە دوورەکان بکەن.

لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢١دا، WFP عێراق خەڵاتی جێندەری سەرەکی وەرگرت بۆ هەوڵە دیارەکان بۆ یەکخستنی ڕەگەز، یەکسانی، بەهێزبوونی ژنان و هەستیاریی ململانێ لە هەموو بوارەکانی بەرنامەکەدا.

بەرنامەی خۆراکی جیهانی عێراق وەك پاڵپشتێکی بەهێز دەمێنێتەوە بۆ ڕاپەراندنی ڕەگەز و بەهێزبوونی ژنان و بەردەوام دەبێت لە هەنگاوان بەرەو CSPیەکی زیاتر جێندەری.

# ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی




## پێشەکی

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) لە ساڵی ١٩٤٨ دامەزراوە، کە ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە نەتەوەکان، هاوبەشەکان و خەڵک دەبەستێتەوە بە ئامانجی بەرزکردنەوەی تەندروستی و پاراستنی جیهان و خزمەتکردنی لاوازەکان - بۆیە هەموو کەسێك لە هەموو شوێنێك دەتوانێت بگات بەرزترین ئاستی تەندروستی. بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سەرکردایەتی هەوڵە جیهانییەکان دەکات بۆ فراوانکردنی ڕووماڵکردنی تەندروستی جیهانی، ئاراستەکردن و هاوئاهەنگکردنی وەڵامەکانی جیهان بۆ فریاکەوتنی تەندروستی، و باشترکردنی ژیانی تەندروستتر.

ساڵانێکی زۆرە کە ڕێکخراوە تەندروستییەکان پشتگیری وەزارەتی تەندروستی عێراقیان کردووە لە بەهێزکردنی سیستەمە تەندروستییەکان و هەوڵەکانی پاراستنی تەندروستی و بەرزکردنەوەی تەندروستی و وەڵامدانەوە بە فریاکەوتن و ئەولەویەتی تەندروستی گشتی و ڕێگریکردن و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییە گوازراوەکان و ناگوازراوەکان و باشترکردنی تەندروستی دایك و منداڵ.

### وەڵام بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆڤید-١٩

لە سەرەتای سەرهەڵدانی پەتای کۆڤید-١٩ ، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کاری لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیدا کردووە بۆ کۆنترۆڵکردنی پەتاکە بە دانانی میکانیزمی هەماهەنگی، تیشك خستنە سەر ئامادەباشی و وەڵامدانەوە، چاودێری چالاك و گەڕانی پەیوەندی، پەیوەندی مەترسی، ڕاهێنان، تاقیکردنەوە و سەلماندن، بەڕیوەبردنی کەیسەکان و دابینکردنی پێداویستییە پزیشکییەکان. لە ساڵی ٢٠٢١دا، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی تیمەکەی دووبارە کردەوە بۆ ڕێنوێنیکردن و پشتگیریکردنی ئامادەباشی و وەڵامدانەوەی حکومەت بۆ کۆڤید-١٩، لەوانەشە دەست پێکردنی خزمەتگوزاری کوتانی ڤاکسین شانبەشانی دەسەڵاتدارانی تەندروستی نەتەوەیی وە بە هاوکاری هاوبەشە سەرەکیەکانی وەك یونیسێف و بانکی جیهانی و ئەکتەرەکانی تری تەندروستی لە ماوەی ساڵدا. لەئەنجام هەوڵەکاندا لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢١دا زیاتر لە ٨،٥ ملیۆن کەس ڤاکسینیان وەرگرت کە لە ناویاندا گروپە لاوازەکان و ئەو کەسانەی کە لە ناوچە سەختەکاندا دەژین هەبوون.

هەروەها چالاکیەکانی هەڵگرتنی ڤاکسین لە ساڵی ٢٠٢١دا لەلایەن کەمپینێکی کوتان لە لایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و وەزارەتی تەندروستی لە سەرجەمی پارێزگاکانی عێراق دەستی پێکردبوو چڕترکرایەوە، کە تێیدا کۆمەڵگاکان بەشداربوون لە پرۆسەی کوتانی کۆڤید-١٩ پێشکەوتنێکی زۆر و بەرچاوی بەخۆوە بینی.

هەروەها ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بەدرێژایی ساڵ بە هاوکاری لەگەڵ هەموو هاوبەشەکان کاری کردووە بۆ دابینکردن و گەیاندنی ڤاکسینەکانی ڤایرۆسی کۆڕۆنا دەرمانی زیاتری ڤاکسینە پەسەندکراوەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کە زیاتر لە ٦ ملیۆن ژەمە ڤاکسینی بۆ عێراق دابین کردووە لە ڕێگەی دەزگای هاوکاری CO_VAX.

### بەهێزکردنی سیستمی تەندروستی:

پێشینەیی کار بۆ پەرەسەندنی سیستەمی تەندروستی لە عێراق لەسەر بنەمای کرداره بۆ بەرەوپێشبردنی داپۆشینی تەندروستی جیهانی (UHC).

ئامانجێکی گرنگی پشتگیری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ تەندروستی عێراق



دابین کردنی پشتگیری تەکنیکی و دارایی بووە بۆ پەرەپێدان و جێبەجێکردنی سیاسەتی تەندروستی لەسەر بنەمای بەڵگە کە توانای ئەوەی هەیە بەشدارییەکی بەرچاو بکات بۆ UHC.

لەساڵی ٢٠٢١دا ڕێکخراوی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی عێراق تواناسازی بۆ ٤٩٠ کارمەندی تەندروستی و پسپۆڕی تەندروستی دابینکردووە لەڕووی نەخشەی ڕێگای سەلامەتی کیمیایی و ڕێنماییەکانی پەستانی خوێن و شەکرە و پرۆتۆکۆڵەکانی دڵ HEARTS و پێوانەکردنی ژمارەی چاکبووەکان بەهۆی دەرمان و چارەسەرکردنەکان و تواناسازیی WASH و سیستەمی هەژمارەکانی تەندروستی ٢٠١١ (SHA ٢٠١١) وئامرازی بەرهەمهێنانی تەندروستی (HAPT) بۆ بەهێزکردنەوەی پاش دلنیایی دارایی تەندروست ژماردنی مردنی زیادە لە کاتی پەتاکە، و تێکەڵکردنی خزمەتگوزاریەکانی NCD بۆ خزمەتگوزاری تەندروستی سەرەتایی.

## نەخۆشییە پەیوەندی پێکراوەکان:

دەزگای تەندروستی جیهانی پشتگیری تەکنیکی و لۆجستی وەزارەتی تەندروستی کردووە لە ماوەی نەخۆشی کۆڤید-١٩ بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییە هاوبەشەکان، لەوانە توبرکلۆسیس (TB)، هەوکردنی، ئایدز و نەخۆشییە ناوچەییە پشتگوێخراوەکان.

لە ساڵی ٢٠٢١دا، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەستی کرد بە هاوبەشییەکی ستراتیژی بۆ چارەسەرکردنی بارە گەورەکەی دژە میکرۆبی بەرگری (AMR) لە عێراق و جیهانیدا. ستراتیجێك پەرەی سەند و جێبەجێ کردنی بە وەبەرهێنان لە کۆنترۆڵی هەوکردن و ڕێگری کردن لە نەخۆشخانە و سەنتەرە تەندروستیە دیاریکراوەکان لە سەرانسەری وڵات.

## زاوزێ، منداڵی تازە لەدایکبوو و تەندروستی هەرزەکار (RMNCAH):

لە ساڵی ٢٠٢١دا دەزگای تەندروستی پشتگیری وەزارەتی تەندروستی کرد لە دابینکردنی خزمەتگوزاری جۆری زاوزێ و تازە لەدایك بوونی دایك و منداڵ و هەرزەکار لە ڕێگەی بنیاتنانی توانای دابینکارانی تەندروستی و هەبوونی حەوزی ڕاهێنەران لەسەر ڕێنمایی نوێکراوەی منداڵێکی ساوا و مناڵی گەنج، بەڕێوەبردنی خراپخۆراکی توند لە منداڵانی U-٥ (SAM) و چاودێری گەشەی منداڵانی U_٥.

## پەیوەندیەکانی مەترسی و بەشداری کۆمەڵگا (RCCE):

لە وەڵامی قەیرانی کۆڤید-١٩دا، کە بە هاوکاری وەزارەتی تەندروستی، هەستان بە بڵاوکردنەوەی چەندین پەیامی جۆراوجۆری پەیوەندیدار بە تەندروستی و بەرزکردنەوەی کەرەستەی هۆشیارکردنەوە بە ١٢ ڤیدیۆ و ٢٠ ماددەی کارتۆنی هاندەرو بە سەرنج لەسەر پەنابەران و ناسنامە وە ئەوانەی پەیامی مەوعیدی کوتانی MoH پێ نەگەیشتووە.

وۆرکشۆپەکانی RCCE لەگەڵ ١٢٠ سەرکردەی باوەڕدار و سەرۆك هۆز و پەروەردەکارانی ١٢ پارێزگا بەڕێوەچوون و جەختیان لەسەر گرنگی پابەندبوون بە ڕێوشوێنەکانی ڕێگەگرتن و وەرگرتنی کوتەکان و گەیاندنی پەیامی تەندروستی لەگەڵ کۆمەڵگەکانیان کردەوە.

ئەم چالاکییە لە دروستکردنی هەنگاوی گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتی گەڕان بەدوای تەندروستیدا لە سەرتاسەری عێراقدا کاریگەر بوو و پێشکەوتنێکی بەرچاوی لە کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی پەتاکە لە وڵاتەکەدا بەخۆوە بینییەوە بە شێوازێکی بەهێز.

## بەشداری بەخشەرەکان:

لە ٢٠٢٠/ ٢١ دا، عێراق کۆی گشتی ٥٣ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە بەخشەرەکانی وەرگرت کە ٣١ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ وەڵامی کۆڤید-١٩ بوو، بەشەکەی تریشی بۆ بەردەوامبوون بوو لە دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی مرۆیی بۆ لاوازترین چینەکانی کۆمەڵگا.

یارمەتی و بەخشیەکان لەم بەخشەرانەوە وەرگیران؛

**BHA, Kuwait, ECHO, Germany, BPRM, Canada, UNOCHA, USAID, Norway, Italy and Saudi Arabia.**




# نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مادده هۆشبەرەکان و تاوانەکان

لە ساڵی ٢٠٢١دا نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مادده هۆشبەرەکان و تاوانەکان جەختی لەسەر پشتگیریکردنی عێراق کردەوە لە بەهێزکردنی هاوکاری نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان و تۆڕە تاوانبارەکان و تیرۆریزم و بازرگانیکردن بە مرۆڤ.

## هاوکاری نێودەوڵەتی بەمانای ئامرازێك دێت بۆ وەستاندنی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان و تۆڕە تاوانبارەکان

**UNODC** پشتیوانی لەحکومەتی عێراق کرد بەتایبەتی وەزارەتی ناوخۆو بەڕێوبەرایەتیی دژە مادده هۆشبەرەکانی عێراق بەبەڕێوەبەری گشتیەوە لەگەڵ دوو سەردانی خوێندن بۆ شارەکانی پاریس و مارسیلیای فەرەنسا بۆ بەرزکردنەوەی هەوڵەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرە نێو سنوورییەکان. **UNODC** ، لە ڕێگەی نوسینگەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە کاروباری نێودەوڵەتی مادده هۆشبەرەکان و جێبەجێ کردنی یاسا (**INL**) پرۆژەی "بەهێزکردنی تواناکانی جێبەجێکردنی یاسای عێراق و خزمەتگوزارییەکانی لێکۆڵینەوەی تاوانەکان"، یارمەتی تەکنیکی دەدات بۆ پشتگیریکردنی دەزگا یاسایەکانی عێراق لە خستنەڕووی تاوانی ڕێکخراوەیی و هەڕەشەی تیرۆر، لەگەڵ سەرنجێکی تایبەت بۆ بەرەنگاربونەوەی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان.

## UNODC و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق هەڕەشەکانی چەکدارانی تیرۆریستی بیانی (FTFs) پیشان دەدەن

**UNODC** و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پاڵپشتی ولایە یەلگرتووەکانی ئەمریکا یەکەمین ناوەندی مەشق و ڕاهێنان دەکاتەوە لەبارەی "پرۆتۆکۆڵەکانی هەڵسەنگاندنی مەترسی و پیداویستییەکان (**RNA**) لە زیندانەکان بۆ داڕشتنی بەرنامە و پلانەکانی سزادان، فراوانکردنی سیاسەتەکان و پرۆتۆکۆلەکانی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان و پێداویستییە دیاریکراوەکانی زیندانی تێرۆریستی بیانیی **FTF** بۆ هەریەکە لە بەڕێوەبەران و کارمەندانی بەندینخانەکان و سەنتەرەکانی چاکسازیی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم. ئەم وۆرکشۆپە لە چوارچێوەی پرۆگرامی گەڕاندنەوەی شەڕکەرە تیرۆریستییە بیانییەکان (**FTF**) کە لە لایەن نوسینگەی هەرێمی **UNO_ DC** بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا (ڕۆمنا) جێبەجێ کراوە.

ئەم بەرنامەیە ئامانجی بەرزکردنەوەی توانای وەزارەت و بەشەکانی هاوبەشی حکومەتە بۆ بەڕێوەبردنی هەڕەشەکانی چەکدارانی تیرۆریستی بیانی (**FTFs**) لە ڕێگەی پێشکەشکردنی یارمەتی تەکنیکی بۆ کەرتی نەهێشتنی تاوان و دادوەری تاوان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم بەرنامەیە ئامانجی پەرەپێدانی ستراتیژیەتی هەستیار و گونجاوی جێندەرانەیە بۆ ناونیشان و گێڕانەوەی دژەتیرۆریستی لە ناو سیستەمی زینداندا، کە بگونجێت لەگەڵ ئەولەویەتی نەتەوەیی و یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکان و یاسای مافی مرۆڤدا.

## بۆ جیاکردنەوە لە تراوما، قوربانیانی تیرۆر خۆیان وەك جەستەیەکی بێ ڕووخسار وێنا دەکەن - پرۆژەی نوێی UNODC یارمەتی چاکبوونەوەیان دەدات

نارین لە وۆرکشۆپێکدا کە پشتیوانی دەروونی بۆ قوربانیانی تیرۆریزم پێشکەش دەکات، نارین (نەك ناوی ڕاستەقینەی) بەڵکو خۆی وەك جەستەیەکی بێ ڕوخسار وێناکرد. لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا لەلایەن داعشەوە ڕفێنرام و فرۆشرام و ئەو دەڵێت کە لەلایەن کۆمەڵێك پیاوەوە دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر. ئەو ئەوەشی وت: "تا ئەمڕۆش من هێشتا نازانم چارەنووسی دایکە ڕفێندراوەکەم چییە، هێشتا نازانم مردووە یان زیندووە".

بۆ یارمەتیدانی قوربانیانی وەك نارین لە ڕێگەی پشتگیری یاسایی و دەروونییەوە، **UNO_ DC** لەگەڵ کۆمەڵەی لوبنانی بۆ قوربانیانی



تیرۆریزم (AVT_L) پرۆژەیەکی نوێ جێبەجێ دەکات کە لەلایەن حکومەتی هۆڵەنداوە کۆمەکی بۆ دەکرێت.

لە ڕێوڕەسمی دەستپێکردنی دەستپێشخەرییەکە کە ٢١ سیاسەتمەداری عێراقی و گەورەبەرپرسانی دادوەری تاوانی بەیەك لە یەك شوێن کۆکردبووەوە، ئەفسەرێك لەدەسەڵاتدارانی جێبەجێکردنی یاسا گوتی" عێراق ماڵی زیاتر لە ٧٠ هەزار قوربانی تیرۆریزمە ئەگەر بمانەوێت یارمەتی ئەو کۆمەڵگایانە بدەین کە لە لایەن داعشەوە زیانیان بەرکەوتوە، پێویستە یاسادانان و دادوەری تاوان بەشداری بکات بۆ پشتگیریکردنی ئەو کەس و خێزانانەی کە هەموو شتێکیان لە دەست داوە بەهۆی تێرۆریستانی داعشەوە.

نارین لە دوای وەرگرتنی یارمەتی و ڕاوێژیی دەروونی، توانی پەیوەندی بکاتەوە بە هەست و سۆزەکانی پێش ڕووداوی ڕفاندنەکە کە ئەمەش یەکەمین ەنگاوی یەرێنی و باشە بۆ چارەسەری دەروونی، نارین وتی: "من توانیم وێنەی دایکم وێنا بکەم کە لە تەنیشتمەوە دانیشتووە و زۆر بە نەرمی دەست بە قژمدا دەکێشێت".

لە ڕێگەی ئەم پرۆژە نوێیە، یو ئێن ئۆ دی سی و ئەی ڤی تی-ئێڵ کار لەسەر بەرزکردنەوەی توانای نەتەوەیی دەکەن بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی قوربانیان لە کاتی ئەنجامدانی تاواندا و بەرزکردنەوەی پرۆسەی چاکسازی و بەهێزکردنی قوربانیانی تیرۆریزم لەناو کۆمەڵگەکانیان لە ڕێگەی پاڵپشتی دەروونییەوە. قوربانیانی تیرۆر توانایان هەیە ببنە نێردراو بۆ ئاشتی، ئەگەر پاراستن و یارمەتی و ئامرازی پێویست دابین بکرێت، بۆ پشتیوانیکردن لە بەرەنگاربوونەوەی چیرۆکە تیرۆریستییەکان و ئەو پاساوانەی کە بەکاردێت بۆ هاندانی توندوتیژی. ئەم پرۆژەیە ڕێزگرتنە لە هێز و خۆڕاگریی ئەم قوربانیانە و خێزانەکانیان و پشتگیریکردنیان بۆ ئەوەی ئەو پارچە ژیانە تێکچووانە بەبیرخۆیان بێننەوە کە لە کاتی زامنکردنی پێداویستی و مافەکانیان لە سیستەمی دادوەریدا پارێزراون.

## دەست پێکردنی خەباتی هەرزەکاران-نەوجەوانان STRIVE Juvenile لە عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و توندڕەوی و ئیستغلالکردنی منداڵان

حکومەتی عێراق لەگەڵ یەکێتی ئەوروپاو UNODC پرۆژەی خەباتی هەرزەکارانی لەعێراق دەستپێکرد بەئامانجی پەرەپێدان و جێبەجێکردنی وەلامی گشتگیری نەتەوەیی بۆ ڕێگرتن و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو توندڕەوی توندوتیژ کەکاریگەری دەکاتە سەر نەوجەوانان و منداڵان.

دەوڵەتی بەناو ئیسلامی بە هەزاران منداڵ و هەرزەکاری لە عێراق دامەزراند و وەك شەڕکەرانی هێڵی پێشەوە و وەك خۆکوژ و دروستکردنی ئامێری تەقەمەنی و ئەنجامدانی ئێشکگری و پاسەوان و سیخوڕ و ڕۆڵی جۆراوجۆری پشتیوانی بەکاریان هێنا سەدان منداڵ و هەرزەکاری بیانیش پەیوەندیان بە داعشەوە کرد کە یان بە تەنیا سەفەریان بۆ عێراق دکرد یانیش لەلایەن ئەندامانی خێزانیانەوە دەهێنرانە عێراق.

لە ساڵی ٢٠١٩ەوە حکومەتی عێراق پرۆگرامەکانی جێگیرکردن و ئاشتەوایی و لێپرسینەوە جێبەجێ دەکات بۆ بەهێزکردنی توانای خەڵکی ناوچەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی تیرۆریستان و بەهێزکردن و کۆکردنەوەی هێزی سەربازییان. لەگەڵ ئەوەشدا، چەندین منداڵ و هەرزەکاری پەیوەندیدار بە داعش لەگەڵ چەکدارانی داعشی عێراقی لە ژێر چاودێری عێراقدا ماونەتەوە. بۆیە حکومەتی عێراق پێویستییەکی بەپەلەی دەربڕیوە بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی ئەو منداڵ و گەنجانەی کە ئێستا دەستبەسەرن بە تۆمەتی پەیوەندیکردن بە گروپە تیرۆریستییەکانەوە وە دانی بەوەدا نا کە بەرزکردنەوەی چاکسازی و یەکخستنیان و هەروەها دابینکردنی دادپەروەرییەکی دادپەروەرانە و یەکسان، گرینگە بۆ ڕێگەگرتن لە ڕادیکالیزەکردنی تیرۆریستان و توندوتیژیەکانی داهاتوو.




## UNODC پشتیوانی لە بەڕێوەبەرایەتیی سنووری عێراق لە ترێبیل دەکات

خاڵی پەڕینەوەی سنووری ترێبیل (BCP) کە خاڵێکی سنووری بێهاوتا و ستراتیژییە، تاکە خاڵی چوونەژوورەوەی فەرمییە بۆ ئوردن لە عێراق. جموجوڵی بازرگانی لە BCP لە ئەنجامی ناکۆکی لەگەڵ ڕێکخراوی تیرۆریستی " دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام" (ISIL) بە تەواوی وەستابوو بەڵام دووبارە لە ساڵی ٢٠١٧ دەستی پێکردەوە. خاڵێکی پەڕینەوەی سنووری ترێبیل بە هێزتر و بەهێزتر بەمانەی زیادکردنی بازرگانی شەرعی و ڕێگەگرتن لە جوڵەی بازرگانی نایاسایی سەر سنوور بە کاڵای نایاسایی و بەرەنگاربونەوەی تاوانی ڕێکخراو دێت. بنیاتنانەوەی (بی سی پی) کاری لەپێشینەی حکومەتی عێراقە کە بەدوای پێشکەوتنی بەردەوامدا دەگەڕێت.

بەپشتیوانی بەخشندەیی یەکێتی ئەوروپا، UNODC و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچبەران پرۆژەیەك بەناوی "بەرزکردنەوەی توانای حکومەتی عێراق لەخاڵی دەروازەی سنووری ترێبیل" جێبەجێدەکەن. وەك بەشێك لەو پرۆژەیە، گومرگ و ئەفسەرانی دیکەی جێبەجێکردنی یاسا کە لە ترێبیل BCP لە عێراق کار دەکەن و Karameh BCP لە ئوردن بەشدارییان لە ڕاهێنانی قووڵدا کردووە بۆ ئەم مەبەستە. چالاکییەکە لەلایەن UNODC, IOM Iraq و ڕێکخراوی گومرگی جیهانی (WCO) ڕێکخرابوو.

## فڕۆکەخانەکانی سەلامەت بۆ عێراقێکی سەلامەتتر: AIRCOP وێبینەرەکان لە پێش و هێڵی پێشەوە بۆ پشکنین ناسینەوە ناسنامەی گەشتیارە گوماناویەکان

ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و گروپە تاوانبارە ڕێکخراوەکان لەمێژە تیشکیان خستۆتە سەر بەکارهێنانی سنوورەکانی وەکو ڕێگەی فڕۆکە و کەشتی بۆ گواستنەوەی گەشتیارە گوماناویەکان و کەلوپەلە نایاساییەکان بەبێ ئەوەی بناسرێنەوە. ئەمە کلیلێکە بۆ گرتنە بەری شوێنکەوتنی کاریگەر و ناسینەوەی میکانیزمەکان و گرتنە بەری ڕێبازێکی کاریگەر بۆ ئاسایشی فڕۆکەوانی لە فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکان. بەم ڕێگایە UNODC و ئینتەرپۆل وەك بەشێك لە پرۆژەی AIRCOP بە سوپاسەوە بۆ پارەدان لە لایەن حکومەتی ژاپۆنەوە زنجیرەیەك ڕاهێنانی ڕاستەقینەیان لەبارەی ئامرازەکان وتەکنیکەکانی ناساندنەوە و دەستنیشانکردنی گەشتییارە گومانلێکراوەکان وکاڵا نایاساییەکان گەیاندە نزیکەی ٧٠ بەرپرسی جێبەجێکاری یاسا کە لە فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکانی عێراق.

## UNODC ئاڵوگۆڕی دادوەری ئاسان دەکات لەسەر داواکارییەکان بۆ پاراستنی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ

پاراستنی قوربانییانی بازرگانی بە مرۆڤەوە لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردندا بەردی بناغەی وەڵامێکی دادوەری تاوانکاری کاریگەرە. زۆر جار قوربانییەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە سەرەتاوە ناسێنراون و کاتێك دەستنیشان دەکرێن، لە کاتی چاوپێکەوتن و شایەتیدان و هەروەها دوای دادگاییکردن ڕێز لە مافەکانیان ناگیرێت پێویستە قوربانییەکان لە مافەکانیان ئاگادار بکرێنەوە، نابێت ڕووبەڕووی سزا بکرێنەوە لەوانە تاوانبارکردن، دەستبەسەرکردن، دیپۆرتکردنەوە، یان سزاکانی تر لەسەر حسابی ئەو تاوانانەی کە بەناچاری پییان ئەنجامدراوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئیستغلالکردنیانەوە هەیە.

چالاکی جیهانی UNODC دژی بازرگانیکردن بە کەسەکان و قاچاخچێتی کۆچبەران (.GLO ACT ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە پارەدارکرا، ٩ دادوەری لە سەرتاسەری عێراقەوە بردیە قاهیرەی میسر، بۆ ئاڵوگۆڕێکی ٣ ڕۆژەی لەگەڵ دادوەران و بەرپرسانی میسری لەسەر داواکارییە یاسایی و دادوەرییەکان بۆ پاراستنی قوربانیانی تاوانی بازرگانی بە مرۆڤەوە. دادوەرانی عێراق دادگاییکردنی ژنان و پیاوان و دادوەرانی دادگای تێهەڵچوونەوەیان لەخۆگرتبوو لە سەرتاسەری وڵات و ٢ دادوەری هەرێمی کوردستانیشی لەخۆگرتبوو.

## (GLO) ئاکت وۆرکشۆپێکی ڕێکخست لەسەر یاسادانان و چارەسەرە گونجاوەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی قاچاخی کۆچبەران.

مەسەلەی قاچاخچێتی کۆچبەران و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو تاوانە لە عێراقدا گرنگییەکی زۆری پەیدا کردووە.

بۆ پشتیوانیکردن لەهاوپەیمانانی عێراقی UNODC لەچوارچێوەی GLO بەرنامەی ACT، وۆرکشۆپێکی ڕێکخست کە کۆمەڵێکی جیاواز لە لایەنە حکومیەکان کۆ کردبووەوە بۆ دیاریکردنی ڕێگاکان کە لەوانەیە ئاسانکاری بکەن بۆ دارشتنی یاسادانانی نەتەوەیی لەسەر قاچاخچێتی کۆچبەران (SOM).

بە درێژایی ئەم وۆرکشۆپە، نوێنەرانی ئەنجومەنی دەوڵەت و ئەنجومەنی باڵای دادوەری و بەشە جیاجیاکانی وەزارەتی ناوخۆ لەوانە؛ یەکەی ڕووبەڕوو بوونەوەی قاچاخچێتی بە مرۆڤ (TIP) و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بەم یەکەیە، وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران کە هەڵگری SOMن، ئامادەبوون. وەك ڕاسپاردەکەی، باسی گرنگی بۆ ڕەشنووسی یاسادانان کرا کە بە پێی یاسادانان و پێویستیەکانی گەڕانەوەی کۆچبەرە لاواز و زیانلێکەوتووەکان دەخرێتە بەر باس.

هەروەها وۆرکشۆپەکە ڕێگەی بە بەشداربووان دا کە گوێ لە هەنگاوەکانی وڵاتانی تری ئەندام بگرن لە ژێر پرۆتۆکۆلی دژ بە قاچاخی کۆچبەران لە زەوی، دەریا و هەواوە، پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دژ بە تاوانی ڕێکخراوەیی.




## بەرپرسانی دژەتاوانی عێراقی هەماهەنگییەکانیان لەگەڵ UNODC و پۆلیسی نەمسا بەهێز دەکەن

ئەفسەرە پلەبەرزەکانی پۆلیسی عێراق گەیشتوونەتە نەمسا بۆ ئەوەی لەگەڵ شارەزایانی UNODC کۆببنەوە بۆ ئاڵوگۆڕی شارەزایی و گفتوگۆکردن لەسەر ڕێگاکانی هاوکاری نزیك بۆ چارەسەرکردنی تاوانەکانی قاچاخچێتی مرۆڤ و قاچاخچێتی کۆچبەران ئەمە لە ژێر ئاڵای UNODC's ی ئەوروپا کە پارەی GLO و بەرنامەی ACT دەدات.

لە سەردانێکی یەك هەفتەییدا، بەرپرسەکان کاتیان بەسەر برد لە ئۆفیسی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی (JOO) لە دەسەڵاتی پۆلیسی فیدراڵی نەمسا، لەو شوێنەی کە فێری تەکنیکی لێکۆڵینەوەی نوێ و نزیکبوونەوە لە هاوکاری پۆلیسی نێودەوڵەتییەکان.

JOO ناوەندی دژە قاچاخچیی مرۆڤ و بازرگانی کۆچبەران لە نەمسایە لەنزیکەوە کاردەکات لەگەڵ دەزگاکانی دیکەی سەپاندنی یاسا لەوڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی دەرەوەیەکێتی ئەوروپا، بەعێراقیشەوە.

## خزمەتگوزاری دادوەری بەهێزتر: عێراق و ئیمارات ئاڵوگۆڕی ئەزموونی دادوەری و زانیاری دەکەن

وەك بەشێك لەپرۆژەی "بەهێزکردنی تواناکانی جێبەجێکردنی یاسای عێراق و خزمەتگوزارییەکانی لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی (٢٠٢٠-٢٠٢٣)" کە لەلایەن نووسینگەی کاروباری نێودەوڵەتی مادده هۆشبەرەکان و یاسای ئەمریکا (INL)ەوە پارەدار و یارمەتی دەکرێت، UNODC گەشتێکی خوێندنی بۆ تیمێکی ٩ پسپۆڕی پزیشکی دادی عێراقی ڕێکخست. بە بەشداری و هەماهەنگی پزیشکانی دادی ئیماراتی. تیمە عێراقییەکە پێکهاتبوون لە: دیمەن و شوێنی تاوان و بەشی پسپۆڕانی دادوەریی مادده هۆشبەرەکان لە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی تەندروستی.

هەندێك لە دەستکەوتە کورتخایەن و درێژخایەنەکانی گەشتی خوێندن بریتین لە پەرەپێدانی ڕاسپاردەکانی شاندی عێراقی لەسەر بنەمای دەرئەنجامی سەردانەکە، دروستکردنی کەناڵی تۆڕی دادوەری تیشکی خستە سەر چارەسەرکردنی تۆڕە تاوانبارەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان. گەشتەکە لەلایەن بەشی گشتی زانستی دادوەری و تاوانناسی (GD- FRC) لە دوبەی میوانداری کرا.

شاندەکەی عێراق بەنوێنەرایەتی لیوا ڕەحیم هاشم محەمەد، ئاماژە بەوە دەکەن کە " ئیمارات و عێراق لێکچوونێکی هاوبەشیان هەیە و دیدێك و ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە بۆ داهاتوو. پەرەدان بە شارەزایی بەهێز لە بواری دادوەریدا زۆر گرنگە بۆ ئەوەی هێزە ئەمنییەکانمان بتوانن ڕووبەڕووی ئەو ئاڵنگارییانە ببنەوە کە گەلەکەمان دەکەنە ئامانج".

بەڕێز ڕەحیم جەختی کردەوە کە " تاوانەکان بەخێرایی بەرەو زیاددەبن و بەرەوپێش دەچن، پێویستە ئێمە ئامانجمان پەرەدان بە پزیشکی دادوەری بێت و تەکنیك و کەرەستەی نوێ بەکاربهێنین کە گرنگە بۆ شیکردنەوەی بەڵگەی دادوەری. پەرەپێدانی تواناکانمان بۆ هەموو وڵات بەسوود دەبێت. ئەم سەردانە بناغەی سەرەکییە بۆ بنیاتنانی ئایندەیەك بۆ خزمەتگوزارییە دادوەرییەکان لە عێراق، من دڵنیام کە ئەمە توانامان پێ دەدات کە بە شێوەیەکی کاریگەرتر ڕووبەڕووی بازرگانی نایاسایی و تاوانی ڕێکخراو ببینەوە".

## بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەرزکردنەوەی نزاهە لە کەرتی تایبەت لە میسر و عێراق و لیبیا

UNODC بەهاوکاری ئەکادیمیای دژە گەندەڵی میسری و ئەکادیمیای دژە گەندەڵی عێراق و وەزارەتی ئابووری و پیشەسازی لیبیا و سێ وۆرکشۆپی ڕاهێنانی میسر و عێراق و لیبیا UNODC بە هاوکاری ئەکادیمیای دژە گەندەڵی میسر و ئەکادیمیای دژە گەندەڵی عێراق و وەزارەتی ئابووری و پیشەسازی لیبیا و سێ وۆرکشۆپی ڕاهێنانی میسر و عێراق و لیبیا ڕێکخست لە ژێر ناونیشانی "بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەرزکردنەوەی نزاهە لە کەرتی تایبەت" بە بەشداری ٥٩ نوێنەری کۆمپانیای بچووك و مامناوەند و لەگەڵ هاوتا نەتەوەییەکان کە لە بواری چارەسەرکردنی گەندەڵیدا کار دەکەن. ئەم وۆرکشۆپانە لە چوارچێوەی پرۆژەی "بەهێزکردنی توانای کەرتی تایبەت بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و بەهێزکردنی نزاهە لە وڵاتانی عەرەبی" بەڕێوەچوو، کە لە لایەن دەستپێشخەری نزاهەی سیمێنسەوە دابینکرابوو و لە شەش وڵاتی عەرەبی میسر و عێراق و لیبیا و مەغریب و سودان و ئیمارات.




# ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

## چاوپێکەوتن لەگەڵ

### سەرۆکی نێردەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراق

# بەڕێز جۆرجی گیگاوری



ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ دامەزراوە و زیاتر لە ١٥٠٠ کارمەندی هەیە کە لە بەغدا و هەولێر و بەسرە و موسڵ و چەند فەرمانگەیەکی دیکەی لاوەکی لە شوێنە گرنگەکاندا کار دەکەن ئای ئۆ ئێم بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق کار دەکات بۆ پێشکەش کردنی پشتگیری لە سەرانسەری ١٨ پارێزگای عێراق.

**IOM** ئەندامە لە هەردوو تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاری مرۆڤدۆستی لە وڵات (**UNHCT**) و تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وڵات (**UNCT**). وەك ئەندامی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، ئای ئۆ ئێم سەرکردایەتی تیمی بەڕێوەبردنی بەرنامە (**PMT**) دەکات کە چاودێری گەشەسەندنی **UNSDCF** دەکرد بۆ ٢٠٢٠–٢٠٢٤، پێش ئەوەی ئەم پۆستە ڕادەستی **UN_HABITAT** بکات لە تەمووزی ٢٠٢١. **IOM** تاکو ئێستاش بەشدارە لە **PMT** لە ڕێگەی ئەندامێتی هەر پێنج گروپی کاری ئەولەویەتی (**PWGs**) و هاوسەرۆکی **PWGs**٢ (گەشەی ئابووری بۆ هەموو) هەروەها **PWGs** ٥ (بەدەستهێنانی چارەسەرە بەردەوامەکان). ڕۆڵی هەماهەنگی زیادە بۆ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بریتین لە: هاوکاری بۆ هەماهەنگی کامپ و دەستەی بەڕێوەبردنی کامپ (**CCCM**)؛ هاوسەرۆکایەتی ناوەندی نەتەوەیی/ باشوری پەناگەی- **NFI** کۆمەڵ؛ لە ساڵی ٢٠٢٠ەوە، بەڕێوبەری هێزی کاری چارەسەرە باوەکان (**DSTF**) وە بەڕێوبەردنی تۆڕی نەتەوەیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر کۆچکردن.

لە ساڵی ٢٠٢١دا گیۆرگی گیگاوری وەك سەرۆکی نوێی ئەرکەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە بەغدا چووە پاڵ عێراق. لەهەمان کاتدا ڕێکخەری تۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکانە لەسەر بابەتی کۆچ و کۆچکردن و هەروەها هاوسەرۆکی ئەرکی چارەسەرە بەردەوامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا.




**رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچبەران پابەندە بەو بنەمایەی کە کۆچبەران بە پێی بنەمای مرۆڤانە و رێکوپێك سوود لە کۆچبەران و کۆمەڵگا وەردەگرن. ٢٠٢١ ساڵێکی گرنگ بوو بۆ عێراق لەڕووی پێشکەوتنەوە بەرەو گونجاندنی جیهانی بۆ ئامانجەکانی کۆچکردن دەستکەوتە سەرەکیەکان چی بوون؟**

پەیماننامەی جیهانی بۆ کۆچی ئاسایی، رێك و پێك (GCM) یەکەم رێکەوتنی دانوستانی نێوان حکومەتە کە هەموو ڕەهەندەکانی کۆچی نێودەوڵەتی دەگرێتەوە. ئێمە لە IOM پێشوازیمان لە بڕیارەکەی عێراق کرد بۆ بەشداری کردن لە دەستپێشخەریی وڵاتانی پاڵەوان لە هاوکاری لەگەڵ GCM ئەم شوباتە

لە مانگی ئادار، تۆڕی کۆچبەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان - کە لە ڕێگەیەوە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و ئاژانسەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیری لە جێبەجێکردن و بەدواداچوون و پێداچوونەوەی GCM دەکەن، بە فەرمی لە عێراق دەستی پێکرد ئەوە چوارچێوەیەکی گرنگە بۆ بەڕێوەبردنی کۆچبەران و بەشداری عێراق پابەندییەکی بەردەوام نیشان دەدات بۆ بەهێزکردنی بەڕێوەبردنی کۆچبەران بۆ بەرژەوەندی هەمووان.

**لە ساڵی ٢٠٢١دا یەکێك لە دیارترین چیرۆکەکانی کۆچکردن پەیوەندی بە پیاو و ژن و منداڵەوە هەبوو کە لە سنووری نێوان بیلارووس و یەکێتی ئەوروپادا گیریانخواردبوو، ئای ئۆ ئێم هەڵوێستی چیبوو لەم بارەیەوە؟**

بارودۆخی سەختی ئەو کۆچبەرانەی کە لە سنووری نێوان بیلارووس و چەند وڵاتێکی یەکێتی ئەوروپادا گیریانخواردبوو، نەدەکرا پشتگوێ بخرێت. بێگومان لەو سەدەها پەنابەرە باوەڕمان وایە کەزۆربەیان عێراقی بوون. ئێمە نیگەرانی جدیمان هەبوو بۆ خۆشگوزەرانیان، بەتایبەتی بۆ کەسانی لاواز وزیانلێکەوتووی گروپەکە. هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی حکومەتی عێراق، ئای ئۆ ئێم لەگەڵ هاوبەشان کاری کردووە بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ کۆچبەرە گیرخواردووەکان و دابینکردنی هاوکاری مرۆیی لە سنوورەکە و فراوانکردنی دەرفەتەکان بۆ گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە بۆ عێراق.

بارودۆخی ئاشکرا ئەوە دەردەخات کە پابەندی و بەڵێنی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بۆ باشترکردنی بارودۆخی کۆچکردنێکی سەلامەت، رێك و پێك لە هەموو کاتێك گرنگترە. ڕێزگرتن لەماف و شکۆی و باشبوونی کۆچبەران دەبێت پێشینەی کارمان بێت.

**لە سنورەکانی عێراق زۆربەی ئەو شەش ملیۆن کەسەی بەهۆی قەیرانی شەڕی داعشەوە ئاوارە ببوون گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان بەڵام ژمارەیەکی زۆر هێشتا پێویستیان بە هاوکاری هەیە. IOM چ کارێکی کرد بۆ پشتگیریکردنی ئەوئاوارانەی کە پێویستیان بە یارمەتی بوو بۆ گەڕانەوە بۆ زێدو ناوچەی نیشتەجێبوونی خۆیان؟**

لە ساڵی ٢٠٢١دا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ئاسانکاری کرد بۆ گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەی ١١٤٢ خێزان بۆ شوێنەکانی خۆیان، ئەمەش بەرزبوونەوەیەکی بەرچاو بوو لەچاو ساڵی ٢٠٢٠ کە یارمەتی گەڕاوەوەی ٢٨٠ خێزانمان دابوو.

ئێمە مێزی یارمەتیمان دانا لەو ناوچانەی کە ئاوارە نێوخۆییەکان تێیدا دەژین، بۆ یارمەتیدانی خێزانە ئارەزوومەندەکان بۆ ئەوەی بە خۆبەخشانە تۆماری بکەن بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن، وە فۆرمی تری پشتگیریمان پێشکەش کرد— لەوانە ناردنەوە بۆ یارمەتیدان لەگەڵ بەڵگەنامە و سەرچاوە مەدەنییە ونبووەکان ئەمەش بۆ یارمەتیدانی ئەوانەی ڕووبەڕووی کێشەی ئەمنی دەبنەوە وەك جیاکاری و توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز. بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی کەرتی تەندروستییەکان، ئای ئۆ ئێم پشکنینی تەندروستی پێش ڕۆیشتن و یارمەتی پزیشکی تری ڕێکخست.

هەروەها تیمەکانی ئای ئۆ ئێم چاودێری گەڕاوەکان و ئەندامانی کۆمەڵگەی میوانداریان کرد بۆ ئەوەی باشتر تێبگەن کە چۆن دەڕواننە پشتگیرییەکان و سەرکەوتنەکانی ئەم ئۆپەراسیۆنە.

بە پاڵپشتی حکومەتی عێراق و بەخشەرو خێرخوازەکانی ئای ئۆ ئێم، ئەم خێزانانە ئێستا دەتوانن دووبارە بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان یاخود بچن بۆ شوێنی نوێ و گونجاوتر بۆ ژیان، بەرەو چارەسەرە بەردەوامەکان بۆ ئاوارەبوونیان بڕۆن و بەم شێوەیە زیاتر بەشداری بکەن لە دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق دوای ئەم هەموو ململانێیە و سەختییە.

**ئای ئۆ ئێم عێراق لە ساڵی ٢٠٢١دا چ یارمەتییەکی مرۆیی توانی دابین بکات و چ جۆرە پڕۆژەیەکی ترتان جێبەجێ کرد؟**

وەك ساڵانی ڕابردوو، ئای ئۆ ئێم بەردەوام بوو لە





پاڵپشتیکردنی هەموو مەودا یارمەتیە مرۆییەکان بۆ ئاوارە نێوخۆییەکان، گەڕاوەکان و کۆمەڵگە خانەخوێیەکان، کارکردن لە شوێنی فەرمی کامپەکان، شوێنەکانی ئاوارەبوونی نافەرمی، شوێنی دەرەوەی کامپ و گەڕانەوەی کۆمەڵگاکان. تیمەکان خزمەتگوزاریەکانی ڕێکخستنی کامپ و بەڕێوەبردنی کامپ (**CCCM**) و یارمەتیدانی پەناگە و کەلوپەلی نا خۆراکی و تەندروستی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی (**MHPSS**)، بەڕێوەبردنی دۆخی ئاسایش و خزمەتگوزاری چاودێری پاراستن دابین دەکەن. ئێمە هەروەها پشتگیری هەڵمەتی نەتەوەییمان کرد بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی کۆڤید-١٩ بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گرنگی تەندروستی.

بەدرێژایی ساڵی ٢٠٢١، ئای ئۆ ئێم بەردەوام دەبێت بۆ ئاسانکاری بۆ گەیشتن بە چارەسەرە بەردەوامەکان بۆ ئاوارەبوون - لەوانە گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان- و بەردەوام بوون لە پێشکەشکردنی یارمەتی مرۆیی بۆ ئاوارە نێوخۆییەکان لە کامپەکان و نیشتەجێکردنە نافەرمییەکان کە هێشتا نایانەوێ بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان. لە ڕێگەی بەشی ئاشتی دروستکردن و جێگیرکردن، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ هەستا بە دابینکردنی ئاسانکاری و یارمەتی پێویستبۆ گەڕاوەکان لەچەند ناوچەیەکی کاریگەر لەگەڵ خزمەتگوزاری **MHPSS**، هەروەها پاراستن و یارمەتی یاسایی - لەوانە پشتگیری بۆ دەستگەیشتن بە بەڵگەنامەی مەدەنی و مافە سەرەتاییەکانی تر. هەروەها ئای ئۆ ئێم کاری جدی کرد بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە دابەشکراوەکان لە ڕێگەی پشتگیری بۆ میکانیزمەکانی دروستکردنی ئاشتی ناوخۆیی و یارمەتیدانی ئاوارە نێوخۆییەکان کە ڕووبەڕووی کێشەی هۆزەکی نەبنەوە لە







ناوچە بنچینەییەکانیان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرە گونجاوەکان لە ڕێگەی چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ بەشداریی خێڵەکی.

بە سوپاس بۆ بەخشەرەکان و هاوبەشەکانمان، ئای ئۆ ئێم توانی پرۆگرامی مرۆیی خۆی بپارێزێت لە کاتی فراوانکردنی پرۆگرامی گەشەپێدان و چالاکیەکان بۆ دووبارە دامەزراندنی سەقامگیریی کۆمەڵگا.

**قەیرانی ئای ئیس ئێل و کۆڤید-١٩ هەر دووکیان کاریگەری گەورەیان لەسەر ئابووری عێراق هەبوو ئای ئۆ ئێم چۆن پشتگیری پلانی بەرەنگاربوونەوەی حکومەتی کرد لە ساڵی ٢٠٢١؟**

لە ڕاستیدا خاوبوونەوەی ئابووری ساڵی ٢٠٢١ ئەو پێشکەوتنە وردەیەی لە عێراق بەرەو چاکبوونەوەی ئابووری کەمکردەوە لە کۆتایی ململانێی داعش - کۆتایی دوو ساڵ گەشەی ئابووری بەردەوام. ئای ئۆ ئێم بەردەوام بوو لە پێشکەشکردنی کۆمەڵێك یارمەتی فراوان بۆ یارمەتیدانی داواکاریەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ، وەك هەلی ئابووری بۆ پشتگیری دووبارە یەك بوونەوەی بەردەوام. بە تایبەتی، هەلی دامەزراندنی مامناوەند و کورت خایەن لە ڕێگەی دابینکردنی یارمەتی بژێوی تاکەکانەوە پشتگیری کرا، کە ئامانجیان بەرزکردنەوەی کارامەیی بەکاربردن و دروستکردنی کار لە ڕێگەی کۆمپانیای قەبارە بچووکەکانەوە.

ئای ئۆ ئێم هەروەها سندوقی گەشەپێدانی کۆمپانیای (EDF) دابین کرد بۆ ئەو بزنسە بچوك بازرگانیانەی کە بەدوای فراوانکردنی ئۆپەراسیۆنەکانیانەوەن، بەم شێوەیە ١٦٧٤ کاری نوێ دروست دەکەن. کۆی گشتی ٣٦٤ کۆمپانیای بچووك و مامناوەندی (SMEs) بە زیاتر لە ٦ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی پشتگیری کراون، بە گشتی بەشداریان کرد لە چاکبوونەوەی ئابووری لەو ناوچانەی کە ئاوارەکان بۆیان گەڕانەوە واتە شوێنی بنچینەیی ژیانی ئاوارەکان، وە هەردوو کۆمەڵگەی گەڕاوەکان و خانەخوێەکان بۆ باشترکردنی بارودۆخەکانیان.




لەساڵی ٢٠٢١ دا ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ئاهەنگی گێڕا بەبۆنەی دەستکەوتی سەرەکی ١,٠٠٠ کۆمپانیان بچوك و مامناوەند لە کاتی دامەزراندنی ئەم سەندوقەوە لە ساڵی ٢٠١٨ بە یارمەتییە داراییەکانی **EDF** پاڵپشتی دەکرێن. بەڵگەیەك بۆ دەستکەوتەکانی پڕۆگرامەکە، یارمەتی دروستکردنی ٤,٩٧٥ کاری بۆ ژن و پیاو لە گەڕاوەکان و ئەندامانی کۆمەڵگەی خانەخوێ وەك یەك داوە، بەتایبەت لە کەرتە گرنگەکانی ئابووری لە سەرانسەری عێراقدا.

**ئای ئۆ ئێم چاوەڕێی چیە لە ساڵی ٢٠٢٢؟**

لە ساڵی ٢٠٢٢دا، عێراق ستراتیژی ئەرکی سێ ساڵەی خۆی کۆتایی پێ دەهێنێت (٢٠٢٢-٢٠٢٤) لە گەڵ دیدی ئەرکی جیهانیی **IOM**. لە ژێر ئەم ئاراستە ستراتیژیە نوێیەدا، ئێمە سێ کۆڵەکەی سەرەکی دەکەینە پێشینەی کارەکانمان: خۆڕاگری، جووڵەیی و فەرمانڕەوایی . ئەم کۆڵەکەیانە پەیوەندی بە توانای ئێمەوە هەیە بۆ ڕێگەگرتن و چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارەبوون و کۆچکردنی زۆرەملێ و ئامادەدان بە نیگەرانییە جوڵەکانی کۆچبەران و بەرزکردنەوەی توانای بەڕێوەبردنی کۆچبەرانی نەتەوەیی.

دوای ئەوەی لە مانگی ئازاری ٢٠٢١دا یاسای رزگاربووانی مێینەی ئێزدیی پەسەند کرا، کە پشتگیری لایەنە عێراقییەکانی کرد لە پرۆسەی داڕشتنی یاساکە و داڕشتنی چوارچێوەیەك بۆ قەرەبووکردنەوە بۆ ڕزگاربووانی قەیرانی داعش. هەروەها بەردەوام دەبێت لە کارکردن لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی نوێی کاروباری ڕزگاربووان بۆ گەیاندنی قەرەبوو بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی ڕزگاربووان.



# ڕێکخراوی پەرەپێدانی پیشەسازی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونیدۆ)

**ڕێکخراوی پەرەپێدانی پیشەسازی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونیدۆ) بەردەوام دەبێت لە بەرزکردنەوەی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و چاکبوونەوەی ئابووری لە عێراق**

ڕێکخراوی پەرەپێدانی پیشەسازی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوامە لە بەرزکردنەوەی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و چاکبوونەوەی ئابووری لە عێراق لە ساڵی ٢٠٢١دا ئەو ڕێکخراوی دوو پڕۆژەی تاواوکرد و داخست و دەستی کرد بە جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی تر.

## پڕۆژەی داخراوی ژمارە 1:

### چیرۆکی مرۆڤ: چیرۆکی ئیبراهیم

ئیبراهیم عەبدولکەریم یەکێکە لە سوودمەندانی پرۆژەی دارایی ژاپۆن ئەو بەم دواییانە کۆرسێکی چاکردنەوەی مۆبایلی تەواو کرد و ئێستا کارامەییەکەی و کەرەستە نوێیەکانی بۆ بەکارهێنان دانا و ئامادەیە بۆ کارکردن. ئیبراهیم و بنەماڵەکەی کوردی موسڵن بەڵام وەکو هەزاران خاڵکی تر بوونەتە قوربانیی و ئامانجی ململانێی تائیفی وڵات، ناچاربوون کۆچ بکەن بۆ شێخان، کە شارۆچکەیەکە لە هەرێمی کوردستان.

ئیبراهیم تەمەنی تەنیا ١٢ ساڵ بوو کاتێك خێزانەکە هەڵات، بەڵام پێویستی بە کارکردن بوو بۆ ئەوەی یارمەتی خێزانەکەی بدات و دەستی کرد بە فرۆشتنی ئێکسسواراتی تەلەفۆن لەگەڵ برا گەورەکەی. ئەو ئێستا هەلی وەرگرت بۆ بەشداریکردن لە کۆرسێکی ڕاهێنانی یونیدۆ لەسەر چاککردنەوەی مۆبایل و پرۆگرامی بنەڕەتی. هەموو سودمەندەکانی پڕۆژەکە کیتێکی چاککردنەوەیان وەرگرت کە ئامرازەکان و سەرچاوەی هێزی DC لەخۆ دەگرێت. ئیبراهیم وتی، "کەلوپەلەکانم بە وریاییەوە لە دوکانە بچووکەکەی براکەم دانا". من زۆر خۆشحاڵم بە کۆرسەکە کە چەند تەکنیك و شارەزاییەکی زۆر بەسوود فێر بووم.

کۆرسی یونیدۆ ئەو ڕاهێنانە فەرمییەی دا بە ئەو و کەسانی تر کە زۆر پێویست بوو بۆیان، بەم شێوەیە ئەوانیان لەسەر ڕێگاکانی پیشەیەکی بەردەوام و باش دانا. وە بە گۆڕینی ژیانێك، پڕۆژەی پارەی ژاپۆنی جیهانی خۆی گۆڕی.

## پڕۆژەی داخراوی ژمارە 2:

### چیرۆکی مرۆڤ: نوڕ وەهاب

کاتێك نور وەهاب بۆ یەکەم جار گەیشتە هەرێمی کوردستانی عێراق، دوای هەڵاتنی لە شارەکەی عامودی سوریا لە ساڵی ٢٠١٣ نا ئاشنایی دەوروبەری و شەرمەکەی ترسێکی زۆریان خستبووە دڵییەوە. چەند ساڵێکی خایاند بۆ ئەوەی لە ماڵە تازەکەی خۆی جێگیر بێت لە کامپی پەنابەران لە ئاکرێ.

سێ ساڵ لەمەوپێش دەستی کرد بە دیزاینکردن و دروستکردنی جلی نەریتی کوردی بۆ خۆی کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خولیایەك کە لە کاتی نیشتەجێبوونی لە سوریا هەیبوو. ژنانی دیکە خەلیلیان بینی کە دیزاینەکانی لەبەردایە و داوایان لێکرد کە جلیان بۆ دروست بکات بەم شێوەیە ردە وردە بە هێواشی بزنسەکەی گەشەی کرد و گەورە بوو. بۆ ئەوەی کارەکەی بباتە ئاستێکی تر، خەلیل پڕۆژەکەی خۆی لە پرۆگرامی ڕاهێنانی یونیدۆ تۆمار کرد. "سەرەکیترین شت کە بۆ من بەسوود بوو لەخولەکە، قسەکردن بوو لەگەڵ خەڵك، بەبێ ئەوەی شەرم بکەم" ئەم بەڕیزە تەمەن ٣٣ ساڵانە وتی؛ کێشەی سەرەکی من لە ژیاندا بریتی بوو لە شەرم، من شەرمم دەکرد تەنانەت سڵاویش بکەم بەڵام لەسایەی ئەم خول وڕاهێنانە ئێستا بە باوەڕبەخۆبوونێکی بەهێزەوە بەبێ شەرم دەتوانم کار بکەم و بەرەوپێش بچم.

لە ڕاهێنانەکەدا، ئەو پلانی بازرگانی لەگەڵ












بەشداربووانی تر دادەنێت، لۆگۆ دیزاین دەکات، پلانی ستراتیژی بازاڕکردن و بودجە دادەڕێژێت. ئەو هەروەها هاوڕێیەتی دروست دەکات کە دوای تەواوبوونی ڕاهێنانەکەش هەر بەردەوام دەبن، ئەو وتی: "ئێستا، من دەرفەتی ئەوەم بۆ هاتۆتە پێش کە دانیشم و لەگەڵ کەسانی تر قسە بکەم، ئێمە بووینەتە هاوڕێی زۆر باشی یەکتر".

## پرۆژە نوێیەکە

### لە ڕێگەی ناساندنی چەمکی باخچەی چێشتخانە، یونیدۆ پشتگیری بژێوی دەکات لە ماوەی قەیرانی کۆڤید-١٩ لە عێراق.

بە یارمەتی دارایی حکومەتی ژاپۆن یونیدۆ هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی پاڵپشتی دارایی و بژێوی بۆ خەڵکی خۆجێ و ئاوارە نێوخۆییەکانی پارێزگای نەینەوا بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی کۆڤید-١٩. وەکو هەنگاوی یەکەم بەمەبەستی دەستنیشانکردنی پێداویستی و ئارەزووەکان، ئەم پرۆژەیە هەستاوە بە بڵاوکردنەوەی ئەنکێتی پرسینەوە لەسەر پێداویستییە سەرەکییەکانی بژێوی ژیان بە ٩٢٢ بەشداربوو لە وەڵامدانەوەی پرسیرەکان (کە لەم ژمارە بەشداربووە ٤٣٣ کەسیان ئافرەت بوون)، لە سەدا ٧٣ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە بێکاربوون و ٧٥٧ کەسیان دەیانەوێت دەست بکەن بە کارکردن. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بەشداربووان پێویستیان بە یارمەتی و پاڵپشتی وەکو؛ دابین کردنی کەرەستەو ئامرازەکانی تایبەت بە کارکردن و ڕاهێنانی تایبەت بە ڕێکخستنی کار و هەروەها مەشق پێکردنیان لەبارەی لێهاتوویی تەکنیکی و ژینگە و بواری تایبەت بە کارکردن هەیە. UNIDO ڕاهێنان لەسەر گەشەپێدانی کارامەیی و لێهاتوویی تەکنیکی دابین دەکات، هەروەها پشتگیری ئەو کارسازانە دەکات لە ڕێگەی دابینکردنی کەرەستە و ئامێرەکان. کامپەکانی IDP بوارێکی باش بۆ ئەم مەبەستە دابین دەکەن.



هەموو پرۆگرامەکانی ڕاهێنان دانیشتنێکیان هەیە لەسەر ڤایرۆسی کۆرۆنا. بۆ ئاسایشێکی زیاتری خۆراکی ، پرۆژەکە چەمکی "باخچەی چێشتخانە" دەناسێنێت، کە ژنانی ئاوارەی ئاکرێ بەهرەیەکی گرنگیان بۆ دابین دەکات بۆ ئەوەی بتوانن بەرهەمی خۆیان گەشە پێبدەن و پشتگیری خێزانەکانیان بکەن.

### بەرزکردنەوەی وەبەرهێنان بۆ عێراق (IPI) – قۆناغی دووەم (بەخشەر: هاوکاری گەشەپێدانی ئیتالیا)

ئامانجی پرۆژەی "بەرزکردنەوەی وەبەرهێنان بۆ عێراق - قۆناغی دووەم" بەرزکردنەوەی سەرمایەی بەردەست و داهاتووەکانە لە عێراق بۆ فراوانکردنی پشکی کەرتی تایبەت بە بەرهەمهێنانی دارایی وڵات و ڕەخساندنی هەلی دامەزراندن بۆ کەمکردنەوەی هەژاری و بەرزکردنەوەی ڕێژەی بووژانەوە و گەشەی ئابووری لە عێراق. ئەمە لە ڕێگەی پاکێجێکی گشتگیری خزمەتگوزاری یارمەتی تەکنیکی کە دامەزراوە ناوخۆیی و نەتەوەییەکانی ڕاسپاردووە بۆ ڕێکخستن و ئاسانکاری وەبەرهێنانەکان، بەتایبەتی وەبەرهێنانەکان بۆ ناوچە خراپەکانی وڵات، بەدەست بهێنرێت.

پرۆژەکە سێ پێکهاتەی سەرەکی هەیە: ١.) گەشەسەندنی کۆمپانیا و بەرزکردنەوەی وەبەرهێنان؛ ٢.) گەشەپێدانی ناوچە پیشەسازییەکان، و ٣.) تواناسازیی دامەزراوە بازرگانییەکانی عێراق.

سەرەڕای ئەو ئاڵنگارییانەی کە لە ساڵی ٢٠٢١دا لەلایەن کۆڤید-١٩ ەوە سەپێندرا، یونیدۆ بەردەوام بوو لە جێبەجێکردنی دەستێوەردان وپاڵپشتی کردن لە سەرانسەری پارێزگا سەرەکییەکانی عێراق.

### سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کارسازی (EDCs)

لە قۆناغی یەکەمی پرۆژەکەدا لە بەسرە و هەولێر و زیقار سێ بنکەی گەشەپێدانی کارسازی (EDCs) دامەزرێنران. پرۆژەی "گەشەپێدانی کارسازی و بەرزکردنەوەی وەبەرهێنان لە عێراق" (EDIP) تیشکی خستە سەر دروستکردن و ئامادەکردنی کادری شارەزای ناوخۆیی عێراقی بۆ پەرەپێدانی بواری کارسازی لە وڵاتدا و بەرزکردنەوەی ئاستی وەبەرهێنان، کە ڕاهێنانی بازرگانی و ڕاوێژی کارسازیی پێشکەش بە کۆمپانیا نوێیەکانی عێراق کردووە هەروەها بۆ دۆزینەوەی هاوبەشە بیانییەکان بۆ بەدەستهێنانی بواری وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی لە ڕێگەی B٢Bیەوە و ئاسانکاری بۆ هاوچەشنی هاوبەشی نێودەوڵەتی. ئەم شارەزایانە بوون بە ڕاهێنەری سەرەکی، ڕاوێژکار و شارەزایانی بەرزکردنەوەی وەبەرهێنان لە EDCs.

### گەشەسەندنی ناوچە پیشەسازییەکان

توانای پێشکەوتووی کۆمسیۆنی ناوچە پیشەسازییەکان و دەزگا پەیوەندیدارەکان بە پرۆگرامێکی تایبەتی ڕاهێنانی ٤٠ کاتژمێریی کە هەریەکە لە مۆدیولەکانی؛ یاساکانی ئای زێس، پلانی ستراتیژی ئای ئی ئێس و پەرەپێدانی بەرنامە، بەڕێوەبردن، زنجیرە بەها، شیکردنەوەی دارایی و ئابووری، پلانی شارستانی، پرنسیپەکانی IZ ستاندەردی کرداری کارپێکردن، و پی پی لەخۆدەگرێت. ئەو (٢٦) بەشداربووە نوێنەرایەتی دامەزراوە هاوتاکانی کۆمیسیۆنی IZیانکرد لەحکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگا پەیوەندیدارەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکان.




**پرۆگرامی کاری شایستەیی وڵات- دوو ساڵ لە دامەزراندنی ئۆفیسی هاوئاهەنگی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار لە عێراق دا**

## نوسینی

**ڕێکخەری هەرێمیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار لە عێراق**

# دکتۆرە مەها قەتاع



بەرنامەی کاری گونجاویی وڵات، لە عێراق لەساڵی ٢٠١٩ لە نێوان ILO و حکومەتی عێراق و هاوبەشە کۆمەڵایەتیەکان ئیمزاکرا بە ئامانجی بەرزکردنەوەی کاری گونجاو و دروستکردنی بازارێکی کاری بەهێزتر لە ڕێگەی بوارە جیاوازەکانی کارەوە.

ئەم بەرنامەیە جەخت لەسەر پشتگیریکردنی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت و دروستکردنی کار دەکاتەوە، بەهێزکردنی پاراستنی کۆمەڵایەتی و ئاراستەکردنی کاری منداڵان؛ وە بەهێزکردنی حوکمڕانیەتی کار و دیالۆگی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی پرۆژەکانەوە جێبەجێ دەکرێت، کە لەلایەن ئەولەویەتی کارنامەی گونجاووە ڕێنموویی دەکرێت.

ئەم پێشنیانە زۆر نزیك و هاوچەشن لەگەڵ چوارچێوەی هاریکاری گەشەپێدانی بەردەوام (UNSDCF) ٢٠٢٠-٢٠٢٤ کە لەلایەن حکومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئیمزاکراوە. چوارچێوەکە پێنج ناوچەی ئەولەویاتی ستراتیژی دەگرێتەخۆ، کە دوویان لە دڵی ڕاسپاردە و شارەزایی ILO دان، کە زیاتر پەرە بە



بەرنامەی کاری گونجاو دەدەن لە وڵاتدا.

لە کاتی واژۆکردنی بەرنامەی کاری گونجاوەوە، **ILO** هەستا بە کردنەوەی ئۆفیسی خۆی لە هەر یەکە لە پارێزگاکانی بەغدا و هەولێر بەمەبەستی چاودێریکردنی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی و دابینکردنی پشتگیری ئەو پڕۆژانە بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی هاریکار.

دوو ساڵ دوای دامەزراندنمان لە عێراق، ئێمە سەیری هەندێك لەو دەستکەوتانە دەکەین کە بەدەستمان هێناون لەم ماوەیەدا.

## پشتیوانیکردن لەگەشەپێدانی کەرتی تایبەت و دروستکردنی کار

پاڵپشتی و هاندان بۆ دروستکردنی کاری گونجاو و پاڵپشتی کردن لە فراوانکردنی هەلەکانی بەردەم کەرتی تایبەتی ئەوانەی ئەولەویەتی گرنگیدان بۆ عێراق و هاونیشتمانی عێراقی. سەرنجی **ILO** لە عێراقدا لەسەر سێ تەوەر و چالاکی سەرەکی و گرنگ بووە لە ساڵی ٢٠٢١ دا.

چالاکی یەکەم و هەنگاوی یەکەم، دەستپێکردنی بەرنامەی وەبەرهێنانی چڕی دامەزراندن (**EIIP**) لە سایتە جۆراوجۆرەکان. پاڵپشتی یەکانی **EIIP** بۆ دابین کردنی هەلی دامەزراندنی کورت خایەنی بۆ ژنان و پیاوان و گەیاندنیان و بەستنەوەیان بە بەرنامەکانی گەشەپێدانی کارامەیی و خزمەتگوزاری دامەزراندن. لە ژێر پرۆگرامی دیمەنەکان/ هیواکان، کە لەلایەن حکومەتی هۆڵەنداوە پشتگیری دەکرێت، **EIIP** جەخت دەکاتە سەر باشترکردنی سیستەمی ئاودێری کێڵگەکان و بەرزکردنەوەی توانای بەڕێوەبردنی پاشماوە بەردەوامەکان. هەروەها لەگەڵ یونیسکۆ هاوکاریمان کردووە، بە پشتیوانی یەکێتی ئەوروپا، بۆ جێبەجێکردنی بەشداریکردن و مداخەلەکردنی **EIIP** بۆ کاری ئاوەدانکردنەوەی شوێنەوارە کلتورییەکان. ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە لە ڕێگەی ئەم مداخەلاتانەوە، پرەنسیپەکانی کاری گونجاو لە **EIIP** دا بە گشتی بەڕێوەدەبرێن.

هەروەها پشتیوانیمان لەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستانی عێراق کردووە بۆ باشترکردن و بەرزکردنەوەی خزمەتگوزارییەکانی دامەزراندن کەخزمەتگوزاری هاوتای کار و پیشەیی و هەلی ڕاهێنانی کار لەخۆدەگرێت. هەروەها یەکەیەکی گەشەپێدانی پیشەیی و ڕێنوێنیی دامەزراندن لە کامپی دۆمیز دامەزرا، بە هاوکاری ڕێکخراوی هاریکاری گەشەپێدانی سوید و **UNHCR** بۆ مەبەستی بەردەوامی لە پێشکەشکردنی ڕێنوێنی پیشەیی و خزمەتگوزاری گونجانی کار بۆ ئاوارەکانی سوریا.

پێشخستن و باشترکردنی بواری پیشەگەرێتی لە نێوان ئافرەتان و گەنجان و پەنابەراندا گرنگیەکی زۆری هەیە لە بەرزکردنەوەی هەلی کاری نوێ. ئێمە ڕۆڵێکی بەرچاومان گێڕا لە پڕۆژە و دەستپێشخەرییە جۆراوجۆرو بەسوودەکانی وەکو دەستکردن بە کار و پەرەدان بە بزنسەکات (**SIYB**)، زانیاری لەسەر بزنسەکەت بەدەست بێنە (**KAB**)، پڕۆگرامەکانی خوێندەواریی دارایی لە ڕێگەی پڕۆژەی جۆراوجۆرەوە کە لەلایەن هەر یەکە لە وەزارەتی فیدراڵی ئەڵمانیا بۆ هاوکاری ئابووری و گەشەپێدانی (**BMZ**) و حکومەتی هۆڵەندا و **IOM** ەوە پشتگیری دەکران.بەهۆی ئەو زنجیرە خولە ڕاهێنانە فێرکارییەکان ئەو پەنابەرانەی کە دەیانەوێت دەست بکەن بە کارێکی بچوك یاخود کارەکانیان پەرەپیبدەن پاڵپشتی دەکرێن و مەشقی تایبەتمەندیان پێشکەش دەکرێت.

## بەهێزکردنی پاراستنی کۆمەڵایەتی و ئاراستەکردنی کاری منداڵان

وەرچەرخانێکی سەرەکی لە بەهێزکردن و فراوانکردنی پاراستنی کۆمەڵایەتیدا، دروستکردنی هاوبەشییەکی نوێ بووە لە نێوان **ILO**، **UNICEF** ، **WFP** دا بۆ پشتگیریکردنی حکومەتی عێراق لە چاکسازی لە پاراستنی کۆمەڵایەتی بە پشتیوانی یەکێتی ئەورووپاوە و بەرنامە هاوبەشەکە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی بازرگانی جێبەجێ دەکرێت کە لەچوارچێوەی ئەم بەرنامەیەدا بەشێك لەگروپە زیانلێکەوتووەکان و خێزانەکانیان لەعێراق و هەرێمی کوردستان دەکەنە ئامانج. لە نێو ئەم بەرنامەیەدا، چالاکیەکانی **ILO** دەبێتە هۆی فراوانتر کردنی مەودا و داپۆشینی پلانی دڵنیایی کۆمەڵایەتی و بەرنامەکانی بازاڕی کار. **ILO** پشتگیری پێداچوونەوەی ڕەشنووسی خانەنشینی وە یاسای ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەکات. یاساکە هەنگاوێکی گرنگە بۆ فراوانکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ

کرێکاران لە کەرتی تایبەت کە بە نزیکەیی لە سەدا ٤٠ بۆ ٥٠ی دامەزراندن هەژمار دەکرێت. لەڕووی ئاڕاستەکردنی بابەتی کارکردنی منداڵان، **ILO** بە جێبەجێکردنی بەرنامەی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی شێوازە خراپەکانی کاری منداڵان، بەپاڵپشتی بەرنامەی گەشەپیدانی پاراستنی هەرێمی هی یەکێتی ئەوڕوپا بۆ وڵاتی ئوردن و عێراق (**RDPP II**) - کە دەستپێشخەرییەکی بە هاوبەشی نێوان کۆماری چیك و دانیمارك و یەکێتی ئەوڕوپا و ئیرلەندا و سویسڕا ئەنجام دەدرێت.

ئەمساڵ پێشکەوتنی بەرچاومان بەدیکرد لە کاروچالاکی تیمە پەیوەندیدارەکان بە چارەسەرکردنی ێشەکانی کارکردنی منداڵان جێبەجێکردنی هەنگاوە پێویستەکان بۆ ئاڕاستەکردن و کۆنترۆڵکردنی دیاردەی کارکردنی منداڵان و بۆ پاراستنیان لە مەترسییە جۆراوجۆرەکان کە توشیان دەبن لە کاتی کارکرن دا. ئەمەش لە ڕێگەی کۆمەڵێك بەرنامە و چالاکیی تایبەت وەکو پەرەدان بە سیستەمی چاودێری کاری منداڵان. لە چوارچێوەی ئەو چالاکیانەدا شوێنی فێربوونی ئارام وگونجاو و دۆستانە بۆ منداڵان دروست کراوە کە تێید چالاکی بنیاتنەری فێرکاری نافەرمی ڕێکخراوە بۆ کوڕان و کچانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ کە هەستیارن بەرامبەر بە کاری منداڵان و توشی زیانلێکەوتن دەبن. پرۆگرامەکە یارمەتی چەندین منداڵی داوە لەم ناوچانە، وە هیواداریین هەوڵەکانمان فراوان بکەین بۆ پشتگیریکردنی منداڵانی زیاتر لە سەرتاسەری وڵات.

## بەهێزکردنی حوکمڕانیەتی کرێکاران و دیالۆگی کۆمەڵایەتی

وەك تاکە ئاژانسی سێ لایەنەی نەتەوە یەکگرتووەکان، **ILO** هەوڵی باشترکردن و پێشخستنی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت و هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکان دەدات ئەمەش بەمەبەستی دەستەبەرکردنی ڕێبازێکی گشتگیر و بەشدارانە بۆ بەرنامە و گەشەپێدانی سیاسەتی کارکردن.

لەعێراقیشدا بەبێ جیاوازیم هاوچەشنی وڵاتانی دیکە، بەرنامەی کاری گونجاوی وڵات بە ڕاوێژکردنێکی نزیك لەگەڵ حکومەتی عێراق و نوێنەرەکانی کرێکاران و خاوەنکارەکان پەرەی پێدرا ئەمەش بەمەبەستی دڵنیابوون لە هاوئاهەنگی لەگەڵ چوارچێوەی گەشەپێدانی نیشتمانی عێراق.

لە ڕووی حوکمڕانییەوە، ئێمە پێشوەچوونێکی گەورەمان بینیوە لە هەوڵەکاندا بۆ پشتگیریکردن لە پەرەپێدانی سیاسەتی نەتەوەیی لەڕووی پشکنینی کار و سەلامەتی پیشەیی و تەندروستی و بنیاتنانی توانای هاوبەشەکان لەسەر ڕێکارە نوێکانی پشکنینی کار **OSH**. لە ژێر ئەو بەرنامەیەی کە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە پشتیوانی دەکرێت، **ILO** راپۆرتێکی هەڵسەنگاندن لەسەر سیستەمی پشکنینی کار ئامادە دەکات، کە ڕێگری و کەلێنەکانی ناو سیستەمەکە دەستنیشان دەکات و باشترین چارەسەرییەکان پێشنیار دەکات. ئەم سیاسەتانە گرنگن لە دڵنیاکردنی ئەوەی کە کرێکاران دەستگەیشتنیان بە ژینگەیەکی پارێزراوی کارکردن هەیە، لە ڕوویی ستانداردی نێودەوڵەتی کارەوە.

هەروەها سیاسەتی دامەزراندنی نیشتمانی کەوا بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەت و هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکاندا پەرەی پێدەدرێت بۆ یپێشکەشکردنی ئاسانکاری بۆ دامەزراندنی کار و کاری شایستە بۆ هەموو کرێکارانی وڵات. هەروەها **ILO** لە ئێستادا بە هاوکاری ڕێکخراوی ئاماری ناوەندی و ڕێکخراوی ئاماری کوردستان کار لەسەر ڕاپرسییەکی تایبەت لەسەر هێزی کاری نیشتمانی دەکات کە ئامانج لێی یارمەتیدانە بۆ گەشەپیدانی سیاسەتەکانی دامەزراندنی نیشتمانی.

لە کۆتاییدا، ئێمە بەردەوام بووین لە کارکردنێکی بەرفراوان لەسەر لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنەکان لەسەر بازاڕی کاری عێراق، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی ڤایرۆسی کۆڕۆنا. دیارترینیان دەست پێکردنی ڕاپۆرتێکی شیکاری بوو لەسەر ئابووری نافەرمی و لەگەڵ **UNDP** و **IOM** و ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا و پەیمانگای فافۆ بۆ کار و توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و بژێوی ژیان گوزەران بۆ عێراق. ڕاپۆرتەکە چوارچێوەیەکی نەتەوەیی پێشکەش دەکات، لە چوارچێوەی **ILO** بۆ گواستنەوەی ئابووری لە فۆرمێکی نافەرمیەوە بۆ ئابوورییەکی فەرمی، ساڵی ٢٠١٥ (ژمارە ٢٠٤)، کە نەخشەڕێگایەکی ستراتیجی بۆ حکومەت و هاوبەشەکانی دابین دەکات بۆ باشترکردن و بەرەوپێش بردنی هەڵومەرجی کاری گونجاو و بەهێزکردنی ئابووریی فەرمی.



# ڕێکخراوی ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان




## دەق و هەڵبژاردن

سەرەڕای نارازایەتییەکان لەگەڵ نزیك بوونەوە لە کاتی هەڵبژاردەنکان، کاندیدە ئافرەتەکان بە سەرکەوتووی کارەکانیان دەکەن وڕێژەی ٢٥٪ ی بەشداری بوونیان تێپەڕاندووە.

لەهەرچەندە کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن هێشتا لە دادگای باڵای فیدراڵییەوە بڵاو نەکراوەتەوە، بەڵام وا دیارە ژنان ٩٥ کورسیان بەدەستهێناوە کە دەکاتە (٢٩٪) کورسی پەرلەمانی و زیادکردنی ١٢ کورسی لەسەر بەشی دیاریکراو بۆ ئافرەتان). لەکۆی ٩٥ کورسی ٥٧ کورسیان بە هێزی دەنگدانی خۆیانەوە لەدەرەوەی سیستمی پشکەکان بەدەستهێنا کە ئەمە خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ هێزی سیاسی ئافرەتان لە عێراقدا. نوێنەرایەتی ژنان و دەسەڵاتی سیاسی لەعیراق بەم بردنەوەیە بێوێنەیە بۆ نوێنەرایەتیی ژنان لەپەرلەمانی عێراق. لەگەڵ ئەو سەرکەوتنە بێوێنەیەی نوێنەرایەتی ئافرەتان لەپەرلەمانی عێراق، نەتەوە یەکگرتووەکان هیوای خواست کە ئەو دەستکەوتە لە ژمارەی ئافرەتان لە پۆستە وەزارییەکان ڕەنگ بداتەوە و بوار بۆ هاتنە پێشەوەی ئافرەتان خۆش بکرێت لە وەزارەت و داموو دەزگا حکومییەکاندا. و ببێتە هۆی بەرەوپێشبردنی بەرنامەی ئافرەتان بەتایبەتی لە بوارەکانی بەشداری سیاسی ژنان و ئاشتی و ئاسایشی ژنان.

## بەشداری سیاسی ژنان (WPP)

ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیری تەکنیکی ڕاستەوخۆیان پێشکەش بە کۆمیتەی باڵای بەشداری سیاسی ئافرەتان کرد کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دانراوە بۆ بەرزکردنەوەی بەشداری ئافرەتان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی تشرینی یەکەمدا. ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان تاکە ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو کە لەسەر SC دادەنیشێت لە جیاتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هەلێکی گرنگی پێشکەش کرد بۆ دابینکردنی یارمەتی تەکنیکی خۆویست بۆ کاری لیژنەکە. ئەوان پشتگیریان کرد لە پەرەسەندنی پلانی کاری SC بە مەبەستی ڕەخساندنی ژینگەیەکی گونجاو و سەقامگیر بۆ بەشداری ئافرەتان لە سیاسەتدا لە ڕێگەی هەستیاری جێندەری چوارچێوە و ڕێکارەکانی هەڵبژاردن و بەرگری لە کاندیدە ئافرەتەکان لە بەرامبەر توندوتیژی دا، بەرزکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵگا لەسەر گرنگی بەشداریکردنی ئافرەتان لەبڕیاردان و بەرزکردنەوەی تواناکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان پشتیوانی لەڕۆڵی بەشداریکردنی ئافرەتان لە هەڵبژاردنەکاندا. ئەم پلانە هەستا بە پێشکەشکردنی پشتگیری تەکنیکی بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان (IHEC) بۆ دڵنیابەخشین لەسەر بابەتی هەستیاری ڕەگەزیی لە هەڵبژاردنەکان دا. بەندی دیاریکراوی لەخۆگرتبوو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری سیاسی ئافرەتان و پارێزگاریکردن لە ئافرەتان چ وەکو کاندید چ وەکو دەنگدەر لەبەردەم مەترسییە جۆراوجۆرەکان کە لەوانەیە ڕووبەڕوو ببنەوە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا. هەروەها کارکردن لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا بۆ بەشداری سیاسی ئافرەتان لە حوکمڕانی نیشتمانی و ناوخۆیی و لەڕێگەی هەوڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و داکۆکیکارانی یەکسانی جێندەر و میدیا لە ڕێگەی پەرەپێدانی توانا و بنیاتنانی هاوپەیمانی بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر پارتە سیاسییەکان و پەرلەمانتاران.

## ئافرەت و ئاشتی و ئاسایش و دووەم پلانی کاری نەتەوەیی عێراق (INAP II)

ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاری تەکنیکی و کرداری و دارایی پێویستیان بۆ حکومەتی عێراق دابین کردووە بۆ پەرەپێدان و جێبەجێکردنی دووەم پلانی کاری نەتەوەیی عێراق (INAP II) بۆ جێبەجێکردنی UNSCR ١٣٢٥. لەساڵی ٢٠٢١ ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیان کرد لەدامەزراندنی میکانیزمێکی هەماهەنگی بۆ جێبەجێکردنی INAP II لەگەڵ وەزارەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و لەئێستادا پەرەپێدانی چوارچێوەی M&E پێشکەشکردنی هاوکاری پێویست بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان.

ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاری حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان

دەکەن لە ڕێگەی سندوقی ئافرەتان و ئاشتی و مرۆییەوە بۆ پشتگیریکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە کار لەسەر نەهێشتنی ناکۆکی و حەسانەوەی مرۆیی و ئاوارەبوونی زۆرەملێدا دەکەن. پڕۆژەکان ساڵی داهاتوو دەست پێدەکەن و بەشێکی زۆری عێراق دەگرێنەوە وەکو شارەکانی بەغدا/سەلاحەدین/بەسرە/دیالەوە/ئەنبار/کەرکوك/زیقار/دهۆك/نەینەوا-شەنگال WPHF میکانیزمێکی سەرمایەی کۆکراوەی جیهانییە کە پێکهاتووە لە نوێنەری بەخشەرەکان و قەوارەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. ئامانجی گشتی بریتی یە لە دووبارە چالاککردنی کرداریی و هاندانی زیادبوونی گرنگی دارایی بۆ بەشداری ئافرەتان و سەرکردایەتی و تواناسازی لە پرۆسەی ئاشتی و ئاسایش و وەڵامدانەوەی مرۆییدا. لە ساڵی ٢٠١٦ەوە، سندوقی WPHF پشتگیری زیاتر لە ٢٠٠ ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی کردووە و لە ٢٠ وڵاتدا چالاکیی هەیە.

## تواناسازی ئابووری ژنان (WEE)

ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان کارلەسەر بەرەوپێشبردنی توانا ئابوورییەکان و خۆڕاگریی ئافرەتانی عێراقی دەکەن بۆ گەیشتنیان بە ئاسایشی داهات و کاری شایستە و ئازادی و سەربەخۆیی ئابووری. لەو ڕێگەیەدا ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان ستراتیژییەکی بەرنامەیی WEEیان بۆ قوڵکردنەوەی زیاتری لە کاری بەرنامەڕێژیی و بەدەستهێنانی ئەنجامە گۆڕاوەکان بۆ توانا ئابوورییەکانی ئافرەتان پەرەپێداوە. ستراتیژیەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی هەرێم و بە ڕاوێژکردن لەگەڵ بەخشەرەکان و کەرتی تایبەت و حکومەت و کۆمەڵگای مەدەنیدا پەرەی سەند. سەرنجی سەرەکی WEE بریتییە لە دروستکردنی ژینگەیەکی بەتوانا بۆ ژنان لە بازرگانی بەرهەمهێن، کارگوزاری، کارپێکردنی، و کاری گونجاو.

شایەنی باسە کە ستراتیژی پرۆگرامی WEE وەك چەترێك کاردەکات بۆ دەستپێشخەریەکانی پرۆگرامی کاریگەری بەرز. دەستپێشخەریەکانی بەرنامەی WPI ـ WEE بنەماکانی مافی مرۆڤ دەگرێتە خۆی بۆ لابردنی هەموو بەربەستەکانیبەردەم ژنان و کچان کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم تواناکانیان. ئەان هەڵدەستن بە تەواوکردن و بە ئامانج گەیاندنی پرۆگرام و پلانی ساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٥ هەوڵەکان بۆ گەشەسەندنی عێراق کە هاوتان لەگەڵ ستراتیژی ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان ٢٠٢٢-٢٠٢٥ بەشداری لە ئامانجە بەردەوامەکانی گەشەسەندن (SDGs) دەکەن و پەیوەستن بە ئامانجەکانی گەشەی هەرێمی.

## توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر (GBV-توندووتیژی جێندەری) و توندوتیژی دژی ژنان (VAW)

بۆ خێراترکردنی پرۆسەکە و زیادکردنی دڵنیایی لە پاڵپشتیردن و پاراستنی کاندیدە ئافرەتەکان لە هەموو جۆرە توندوتیژییەك لە هەڵمەتی هەڵبژاردنو کاتی هەڵبژاردندا. هەوڵەکانی ڕێکخراوی ئافرەتانی نەتەوەیەکگرتووەکان بووە هۆی دەرکردنی یاسایەکی نوێ لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە لەبارەی پاراستنی ژنان لە دژی هەموو جۆرە تووندوتیکییەك لە پرۆسەی هەڵبژاردندا. (بەپێی دوا ڕێکارەکان، دەنگدەر و کاندیدە ئافرەتەکان دەتوانن ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکەن بە لێکۆڵەرەوەکانی دادوەری بەبێ ئەوەی پێویست بکات سەرەتا سەردانی پۆلیس بکەن). ڕاپۆرتە سەرەتاییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢١ کەمترین ڕووداوی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان تێیدا ئەنجام دراوە و بەشداری ئافرەتان لەم هەڵبژاردنە بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەنجامی هەوڵە هاوبەشەکانی لایەنە جیاوازەکان کە بە پشتیوانی ڕێکخراوی ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە هەماهەنگییەکی نزیك لەگەڵ ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی ژنان و دەستەی هەڵبژاردن لە جێبەجێکردنی پلانێکی سەرکەوتوو بۆ پاراستنی ئافرەتان لە هەڵبژاردندا.

لە ڕێگای زیادکردنی توانای پۆلیس و ئاسایشی ناوخۆیی لەسەر کەیسەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان، ڕێکخراوی ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان سیستمی دادی عێراقیان بەهێزتر کرد بۆ لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی کەیسەکانی GBV-توندووتیژی جێندەری و باشتر وەڵامدانەوەی کەیسەکانی GBV-توندووتیژی جێندەری. هەروەها ئافرەتانی نەتەوەیەکگرتووەکان پشتگیری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان کرد لە KRI هەروەها پشتگیری کارمەدەکانی هێڵی پێشەوە دەکات بۆ بەرزکردنەوەی کارامەیی لە باشتر بەڕێوەبردنی کەیسەکان و توانای دەستەبەرکردنی دڵنیایی و پشتگیری زیاتر. ئەوان زانیاری و شارەزاییان بەدەست هێنا لەسەر گەیاندنی خزمەتگوزاری GBV-توندووتیژی جێندەری لە ڕێگەی چارەسەری تەکنەلۆجیا و یاسای توندوتیژی خێزانی و یاسای توندوتیژی دژی ژنان و پێوانەی چارەسەری دادوەری بۆ کەیسە پەیوەندیدارەکان بە GBV-توندووتیژی جێندەری و بەڕێوەبردنی هێڵی گەرمی پەیوەندییەکان. هەروەها بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، ڕوونی دەکاتەوە کەوا ئامارەکانی چارەگیی ساڵ پیشاندەری بەرزبوونەوەی پەیوەندییە وەرگیراوەکانن لەڕێگەی هێڵی گەرمی دابینکراو بۆ ئاگادارکردنەوە لەسەر بوونی کەیسەکانی توندو تیژی دژی ئافرەتان.

ڕێکخراوی ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان پەیوەندییەکای هاریکاریی و هەماهەنگی باش و نزیکیان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی نیشتمانی و ناوخۆیی و هاوبەشی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری پاراستنی ماف و سەلامەتی ئافرەتان لە کەرکوك و ئەنباردروست کرد. خزمەتگوزاری پاراستنی ئافرەتان لە ڕێگەی دوو ناوەندی پاڵپشتیکراو لەلایەن ڕێکخراوی ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان دابین کراوە، ئەمەش لەڕێگەی تێکەڵێکی خزمەتگوزاری نێوان ڕێگای بەهاناوەچوون لەڕێگەی دوورەوە و هەروەها پشتگیری ڕووبەڕوو بۆ ئەو ئافرەتانەی کە دووجاری توندوتیژی بوونەتەوە و بەدوای پشتگیریدا دەگەڕێن. پەنابەرە ناوخۆییەکان، کۆمەڵگەی خانەخوێ، خانەخوێ و ئافرەتە پەنابەرەکان کە تووشی توندوتیژی خێزانی بوون یان لە مەترسیدا بوون. هەروەها ئەوان بەردەوام ڕاپۆسرت نوێکراوە و تازەیان پێدەگات لەسەر خزماتگوزارییە بەردەستەکان و میکانیزمەکانی گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بە ئافرەتان. هەروەها ڕێکخراوی ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەستان بە پشتگیری کردن بۆ ئەو کەمپانەی کە لە شاری دهۆك هەن ئەویش لە ڕێگەی دابینکردنی هاوکاری دەروونی و یاسایی و دارایی بۆ دروستکردنی هەلی کار و پشتگیریکردنی کۆی گشتی ١٠٠٠ ژن و کچ.

لەموسڵ ٤٧٤ ژن و ١٨١ کچ یارمەتی یاسایی و دەروونیان وەرگرتووەوە لەگەڵ ١٦٠ کچ هۆشیاریان پێگەیشتووە لەسەر کاریگەری GBV-توندووتیژی جێندەری و ڤایرۆسی کۆرۆنا.

## هاوبەشییەکان

بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی سوید، کاری WPS جەخت لەسەر بەرەوپێشچونی جێبەجێکردنی INAP II دەکاتەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کێشەکانی ژنان و کچان کە بەهۆی ناکۆکییەکانەوە زیانیان پێ کەوتووەوە چارەسەر دەکرێن و پێداویستییەکانیان دەخرێنە ئەولەوییەتی کارکردن. پڕۆژەکە پشتیوانی لەجێبەجێکردنی INAP II دەکات لەلایەن ئەکتەرە حکومی و ناحکومییەکان بۆ زامنکردنی هاوکاری و بەشداری تەواوی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بەهێزکردنی پاراستنی ئافرەتان و بەشداریکردنیان لە نەهێشتنی ناکۆکی و چارەسەریان و پێکهێنانی دەوڵەتی دوای ململانێی سیاسی.

ڕێکخراوی ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هاوبەشی لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ١٦ ڕۆژی چالاکی و دوو کەمپەینی دیکەی "Mask Up-ماسك ببەستن" و "کۆتایی هێنان بە GBV-توندووتیژی جێندەری" ڕێکخست و بەڕێوەبرد. هەڵمەتەکان سەرنجیان خستە سەر هاندانی ڕای گشتی بۆ پابەندبوونیان بەو ڕێنماییە تەندروستی و سەلامەتیانەی کە لەلایەن حکومەتەوە وەکو ڕێوشوێنی خۆپارێزی گیراونەتەبەر و گرنگی نەهێشتنی GBV-توندووتیژی جێندەری دەخاتە بەرسەرنجی گشتی. چالاکوانانی ئافرەت و سەرکردەکان و کارمەندانی تەندروستی و زۆرانی تر بە شێوەیەکی ئەرێنی پێسوازیان لە هەردوو هەڵمەتەکە کرد. لەئاکام سەرکەوتنی جەنگی خاچپەرستی، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان توانیان بگەنە کۆمەڵگەکان و هۆشیاری لەسەر گرنگی نەهێشتنی GBV-توندوتیژی جێندەری بەرز بکەنەوە و بڵاو بکەنەوە. ١٦ ڕۆژی چالاکیەکە کۆمەڵێك چالاکی بە هاوبەشی لەگەڵ UNFPA لەخۆگرتبوو، کە بریتی بوو لە هەڵمەتێکی میدیایی ئۆنلاین، بیلبۆرد و کۆنگرەی "با قسە بکەین" کە تێیدا حکومەت و کۆمەڵگەی کۆمەککەر و کۆمەڵگەی مەدەنی بانگهێشت کراون بۆ ئەوەی هەڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ نەهێشتنی GBV-توندوتیژی جێندەری.



## وتەی

### نوێنەری ڕێکخراوی ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان

# دینـــا زۆربـــا

ڕێکخراوی ئافرەتانی نەتەوە یەککگرتووەکان بەردەوام دەبن لە کارکردن لەسەر بەهێزکردنی نفوزی ژنان و دەنگ و بەشداری کردن لە میکانیزمە سیاسی و دامەزراوەییەکان لە ئاستی نەتەوەیی و ناوخۆییدا. ئێمە بە هاوبەشی لەگەڵ بەشی تواناسازیی ژنان و ئەنجومەنی باڵای ژنان و گەشەپێدانی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووریی و یاسایی و دامەزراوەیی کاردەکەین بۆ پشتگیریکردنی پێشەکیی مافەکانی ژنان و ئەجێندایەکی جێندەرانە.

هەروەها جەخت لەسەر پەرەپێدانی دیالۆگ و هاوبەشییەکان دەکەینەوە کە ئاڵوگۆڕی نێوان نەتەوەیی و بەتایبەتی پەرلەمانتاران بەرزدەکاتەوە و ئەولەویەتی بەرزکردنەوەی دەنگە نوێکان لەنێوان پەرلەمانتارە تازە هەڵبژێردراوەکان و گەنجان و کۆمەڵگای مەدەنیدا.

جگە لەمەش، ئافرەتانی نەتەوە یەککگرتووەکان هەروەها پەرۆشی ئەوەن کە بتوانن هاوکاری و پشتیوانی بەردەوام لەم پرۆسەیەدا بکەن و هۆشیاری و جێبەجێکردنی بڕیارنامەکانی نەتەوە یەککگرتووەکان لەسەر ئافرەتان و ئاشتی و ئاسایش لە هەموو ئاستەکاندا زیاد بکەن. ئێمە دان بەوەدادەنێین کە هەنگاوی گرنگ هاوێشتراون لەسەر ابابەتی بەرزکردنەوەی بەشداریە مانادارەکانی ئافرەتان، هێشتاش هەنگاوێکی ماوە پێویستە کاری لەسەربکرێت بۆ ئەم مەبەستەش هەماهەنگی لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان قوڵتر دەکەینەوە، لەوانە حکومەتی فیدراڵی و **KRI** و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ پشتگیریکردنی ڕۆڵی ژنانی عێراق لە ئاشتی و ئاسایش و پێشکەوتنی **INAP II**.

ئێمە باوەڕمان وایە کە ژنان و کچانی بەهێز باشترین هیوان بۆ ئاشتی و گەشەسەندنی بەردەوام لە دوای هەر ململانێیەك ئەوان باشترین نوێنەری گەشەکردن و باشترین هیوان بۆ ئاشتبوونەوە و هەروەها دەتوانن ببنە بەربەستی باش لە دژی ڕادیکاڵکردنی گەنجان و دووبارەبوونەوەی خولەکانی توندوتیژی.



الأمم المتحـدة – العـراق
United Nations Iraq